# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود
باوان عومەر - زریان محەمەد



2015

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە هیگڵ

وەرگێڕانی:
کۆمەڵێک نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

ئامادەكردنی: كۆمەڵێك نوسەر
تایپ: كەیوان عومەر - كاوان عەبدولرەحمان - نیاز كەمال
دیزاین: هەرێم عوسمان - ئاكام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - كوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەكەم
لەبڵاوكراوەكانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فكر و لێكۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوكراوەكانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 44 )

# ئاشنابوون بە هیگڵ

پۆلستراتێرن

لەفارسییەوە: ڕێباز مستەفا

ساڵی 1770، ئەو ساڵەی کە هیگڵی تێدا لە دایکبوو، کانت نامەی دەستپێکیی (مامۆستاکەی )لە زانکۆی کونیگسبێرگ پێشکەشکرد، لە هەمان ساڵدا هەردوو شاعیر هوڵدرلین و وۆردزورتی چاویان بە جیهان هەڵێنا. تۆوی شێوازی پاڵنەری دەوڵەمەندی و سیستمسازی بە ئامانجی عەقڵانی. ترۆپکی خودی و ترۆپکی بابەتی چێندرا. ئەوروپا لە دەروازەی گەورەترین گۆڕانی خۆیدا لە قۆناغی ڕێنیسانس بە دواوە خۆی دۆزیەوە. شۆڕشی فەرەنسا، دەرخەرو روکاری سیاسی ئەو گۆڕانەو بزاڤی رۆمانتیزمیش سیماو مەزهەرە کلتوریەکەی بوو.

لەم نێوەندەدا شۆڕشی پیشەسازی، روخساری سەرتاسەری کیشوەری (ئەوروپا)ی خستە بەردەم گۆڕانکاریەوە و چەندین ساڵ دوای مەرگی هیگڵ، مارکس لە ئامادەسازی و ڕێکخستنی گۆڕانێکی تردا دەژیا گۆڕانێک کە روخساری سەدەی بیستەمی گۆڕی.

هیگڵ خۆشەویستێکی زۆری بۆ هەردوو ئەو گۆڕانانە هەبوو. هیگڵی خوێندکار پێشوازی لە شۆڕشی فەرەنسا کردو هیگڵی بە ساڵچووش سرودی ستایشکردنی دەوڵەتی پروسیایی کە دەوڵەتێکی زۆر محافزکارانە بوو-چڕی، ئەو گۆڕانە بنەڕەتیە لە تێڕوانینی ئەودا، گۆڕانێکی هزریە لەو جۆرەی کە تەنها لە چوارچێوەی شێوازی دیالێکتیکی ناسراوی ئەودا جێی دەبێتەوە.

شێوازی دیالێکتیک لە دەستی هیگڵدا، ناشیرینترین و ناشیرینترین

سیستمی فەلسەفی کە لەسەرگۆی زەوی مرۆڤ تا ئێستا ناسیبێتی، هێنایە ئارا: سیستمێکی یەکپارچە، بەڵام شێوازی هیگڵ، کاتێک کەوتە دەستی لایەنگری بێ ئۆقرەی ئەو، واتە دەستی مارکس، گەورەترین شۆڕشی دوای شۆڕشی فەرەنسای هێنایە کایەوە، شۆڕشێک کە بە نۆرەی خۆی، دزێوترین و ناشیرینترین سیستمی سیاسی کە مرۆڤ تا ئێستا دەیناسێ، (لە زۆر رووەوە زۆر لە دەوڵەتی پرۆس دەچوو) پێکهێنا. جێبەجێکردنی سیستمی دیالێکتیکی هیگڵ، کەم تا زۆر ماناکەی بەمشێوەیە بوو: هەرچەندە کە رەنگە خودی هیگڵ بەو شێوەیە لێینەڕوانیبێ و لێکینەدابێتەوە.

## ژیان و بەرهەمەکانی هیگڵ

شۆپنهاوەر، هاوکاری هیگڵ لە زانکۆی بەرلین، سەبارەت بەهیگڵ نوسیویەتی: (ئەو پەڕی بوێریی لە قسەی بێهوودەو وڕێنە، لە پێکەوەنانی قسەی سەر شێوێنەر، سادەو خەیاڵاوی-لەو جۆرانەی کە تەنها مەگەر لە دیوەخانەکاندا بەدیبکرێن، دواجار لە هیگڵدا درکەوتن و بوونە بیانویەک بۆ بێ شەرمانەترین و بەربڵاوترین رازو نهێنییەک، کە تا هەنوکە روویانداب،ێ شتێک کە بەرهەم و دەرەنجامەکەی بۆ نەوەکانی ئایندە شتێکی باوەڕنەکراو وەکو ئەفسانە دێتە بەرچاو، وەک نمونەیەکی زەقی سەرەڕۆیی ئاڵمانی دەمێنێتەوە.) مەبەست لە گێڕانەوەی ئەو تێڕوانینەی شۆپنهاوەر ئەوە نییە، کە داوەریکردنی ئێمە سەبارەت بە هیگڵ بخاتە ژێر کارتێکردنەوە، بەڵکو تەنها ئاگادارکردنەوەیە. فەلسەفە لای هیگڵ، دەگۆڕێ بۆ پرسێکی زۆر لێبڕاو، بۆیە باشتروایە دروست لە دەستپێکی کاردا، هەر چەشنە گاڵتەو نەستەقکاریەک بەلاوە بنێین. وەک ئەو ئامۆژگاریکارە ئینگلیزە سەختگیرو ترس خوڵقێنەی لە کاتی وەزع و ئامۆژگاری کردنی کۆمەڵێکی مۆدپەرست و

سەرخۆش و خەندانی ئەو کاتە لە (باث 1)(Bath) سەبارەت بە ئاگری دۆزەخ قسەی دەکرد، (بۆ ئەوانەی کە قاقا پێدەکەنن، ئومێدێک نەماوەتەوە.)

راستیەکە ئەوەیە کە فەلسەفە لای هیگڵ، زۆرگران و (فێربوون و تێگەیشتنی) پێویستی بە زۆرترین لێوردبوونەوەو هۆشیاری هەبوو، بۆیە وا پێدەچێ کە شۆپنهاوەر وێڕای توانای عەقڵی زۆر وردبینانەو و تویکاریانەی خۆی، بۆ تێگەیشتن لە هێگڵ بە ئەندازەی پێویست خۆی ماندوو نەکردووە. لەلایەکیتر، تەنانەت هیگڵ (خۆشیی) دانی پێداناوە، کە (تەنها یەک کەس لە (قسەکانی) من دەگات، تەنانەت ئەویش تێناگات.) ژمارەیەک لە رەخنەگران دەڵێن کە هێگڵ لەو قسەیەیدا زیادەڕۆیی کردووە، بەڵام بەراستی ئایا کەسێکی لەو جۆرە تاکو ئێستا بوونی هەبووە؟

گیۆرگ ویلهلم فریدریش هیگڵ، لە 27ی ئابی ساڵی 1770، لە شاری شتونگارت چاوی بەجیهان هەڵێنا. ماڵباتەکەی پشتاوپشت کارمەندانی دەوڵەت بوون، باوکی لە فەرمانگەی باجی وۆرتمبۆرگدا کاریدەکرد. هیگڵ بەهۆی ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا گەورەو پەروەردە ببوو، بە شێوەزاری تێکەڵ و پێکەڵ (سوابیایی) (Swabian): ئەو شێوەزارە دەگەڕێتەوە بۆ Swabia کە ناوی دەڤەرێکە لە ئاڵمانیا.و.ف) دەئاخفت، تا کۆتایی تەمەنیشی ئەو شێوەزارەی هەر بەسەردا زاڵبوو، هەروەها تا کۆتایی تەمەنیشی لەسەر ئەو باوەڕەی مایەوە، کە سادەیی و ساکاری، یەکێکە لە شکۆمەندیە بنچینەییەکانی پەروەردەی راستەقینە.

هیگڵ منداڵێکی بەردەوام نەخۆش بوو، بەرلەوەی بگاتە قۆناغی گەورەبوونی خۆی، چەندین جار تووشی نەخۆشی ترسناک بوو.

لە تەمەنی شەشساڵیدا نەخۆشی خوریکەی گرت. ئەو نەخۆشیە بە رادەیەک سەخت و دژوار بوو، کەهیچی وای نەمابوو گیانی لە دەست

بداث، بۆ ماوەی زیاتر لە حەفتەیەک هیگڵ بینایی خۆی لە دەستداو (دوای ئەوە) بە شێوەیەکی دزێوو ناخۆش بە خوریکاوی مایەوە، لە یازدەساڵیدا پەتایەک کە هەموو خێزانەکەیانی گرتەوەو دایکی لێ سەند، ئەو توانی لەو نەخۆشیە قوتاری بێت، لە ماوەی ساڵەکانی خوێندنیدا بەهۆی توشبوونی بە مەلاریا، چەند مانگێک لە نێوجێدا مایەوە.

هیگڵ لە کاتێکدا گەورە دەبوو و دەچووە تەمەنی لاویەوە، هەموو جۆرە نوسینێکی دەخوێندەوە، بەرهەمی ئەدەبی، رۆژنامەکان و ئەو نوسراوو نامیلکانەی کە دەگەیشتنە دەستی و کەم و زۆر پەیوەندیان بەگشت لایەنەکانەوە بوو. بەمەشەوە ئەو تەنانەت لەهەمان ساڵەکانی سەرەتای ژیانیدا، باوەڕی بە دیدی سیستماتیک و وردبینی هەبوو و بەوپەڕی وردەکاریەوە بڕگەو کۆپلەی هەڵبژاردەی لە هەر بابەتێک کە دەیخوێندەوە، لە دەفتەری یاداشتەکانی رۆژانەی خۆیدا دەی نوسینەوە. ئەو پەروەردە وردەکارانەیە بەشێوەی خۆویستانە (یان وەکو خۆی وتەنی (کارگەی بڕگەی هەڵبژاردە)ی ئەو، هەموو بابەت و لایەنێکی لەخۆدەگرت: لەزانستی قەدو باڵاو جەستەوە تا فەلسەفە، لە جەمسەرنشینەکانەوە بگرە تا خۆبە نەخۆشی زانین. پرسی تایبەت و تاکەکەسی، تەنها ئەو کاتە دەکەوتنە سەر لاپەڕەی ئەو یادداشتە رۆژانەییانە کە دەبوون بە دەرخەرو رۆشنکەری بنەماو بنچینەیەکی ئامانجدار و رەها. هیگڵ ئەو رۆژەی کەشتێکی ئەوەندە گرنگ و شایانی باس بێت دەست نەکەوتبا لە دەفتەرەکەی خۆیدا تۆماری بکات، ئەو بابەتی زۆر بەگرنگ دەزانی کە بنوسێ بۆچی ئەو هەلومەرجە ناخۆشە هاتۆتە پێش و شتێکی بۆ نوسین دەست نەکەوتووە. خوێنەرانی ئارەزومەندو خەڵکی لێکۆڵەری ئەو دوکانە وردەواڵەفرۆشیە هزریە، رەنگە لەو یاداشتانەدا دروست رووبەڕووی هەواڵێکی ئاگرکەوتنەوەی شوێنێک،

یان ڕەخنەیەک کە لەو کۆنسێرتەی بەشداری تێداکردووە بینەوە، لەدرێژەی هەمان لاپەڕەدا باس و شیکردنەوەیەک سەبارەت بە هەوای سارد، نوسینێکی کورت لەبارەی ڕێنوێنیکردنی (خۆشەویستی کڕین بە پارە، سەرچاوەی هەموو خراپەکانە) و پێرستێک سەبارەت بەو بابەتە بایەخدارەی کە ئەو لەو واژەنامە لاتینیەی کە تازە بە دیاری وەریگرتبوو تەرخانکراوە، بەدیدەکرێن.

یەکێک لەخوێنەرە لێکۆڵەرەکان دەنوسێت: (ئـەو، واتە هیگڵ. وتارێک بە زمانی لاتین ڕێکدەخات، لەوەڵامدانەوەو ڕەتکردنەوەی ئیملای بابەتێک بە زمانی ئاڵمانی بۆ وەرگێڕان بە خەتی لاتین بەڵگەکاری دەکات، بەرنامەی خوێندنی لە پەراوێزی یاداشتەکەیدا دەنوسێتەوە، دەڵێت کە ئەو و دۆستەکانی لە سیمای کچە شۆخەکاندا رادەمان، لەبارەی ویرژیل و دیمۆستنێس کۆمەڵێک شت یاداشت دەکات، ئارەزومەندو چوست و بزێوی ئەو کاتەیە کە دەکەوێتە بەزمەوەو جیهانێکی ئەستێرانەو یەک شەممە سێ شەفتی ڕۆژ کار دەکات.)

ناتوانین هەروا سوک و سادە، لە ئەندازە بەدەر جەخت لەسەر گرنگی ئەو (کارگەیەی بڕگە هەڵبژاردەکان) وەک شێوەیەک کە هەم دەرخەری زانایی تایبەت و هەم نیشاندەری وشکیی کەسایەتی نابەجێیە، بکەینەوە. لەو کتێبە قەبارە گەورەو گرنگانەی کە هیگڵ دواتر نوسینی و بڵاویکردنەوە، کۆمەڵێک چاوگی پڕاوپڕ لە زانیاری بەرچاو دەکەون، کە کەم تا زۆر لە توانای مرۆڤ بە دەرن. ئەو ڕاستیەی کە زۆرجار لەو چاوگانە، هەڵەی بچوک بچوک بەدیدەکرێن، تەنها ئەوەن کە پانتایی فراوانی هزری هیگڵ دەسەلمێنن. ئەو چاوگانە هەمیشە لە یادەوەری خۆیەوە نەقڵکراون، هیگڵ حەزی لێنەبوو کە هزرو بیرکردنەوەی خۆی بە تەماشاکردن و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان، یان شیکەرەوەیەکی ڕاگوزەری بابەتەکان بپچڕێنێ.

یەکەم ژیاننامەنوسی هیگڵ، باوکی (پیاوێک بوو، خاوەنی سروشتێکی جێگیرو مەیلێکی محافزکارانە، کە لە کاری ئەودا شتێکی ئاسایی و سروشتی بـوو.) وا پێدەچێ کە ئەو کارمەندە نمونەییەی فەرمانگەی باجداری ناوچەیی، باوکێکی ساردو درەنگ ئاشنابووە، لەو رۆژگارەدا، دڵسۆزترین ئاشنای هیگڵ لە نێو هەموو خەڵکدا، کریستیەنی خوشکی بوو کە سێ ساڵ لەو بچوکتربوو. ئەو دوو خوشک و برایە، کە لە باوەشی دایک بێبەش ببوون، زۆر یەکتریان خۆشدەویست.

ئەو بنەما ئایدیاڵییەی کە هیگڵ لەو سۆزە مرۆڤایەتیە هەڵی هێنجا، ئەوە بوو کە خۆشەویستی خوشک بۆ برا مەزنترینی جۆری خۆشەویستیە..

ئەو دواتر لە فەلسەفەی خۆیدا، ئەو پرسەی بە پشتبەستن بە نمایشنامەی (ئانتیگونە) کە بەرهەمی (سوفوکل)ە نیشاندا، لەو نمایشنامەیەدا، ئانتیگونەی ئەرکناس، بۆ بەخاکسپاردنی تەرمی براکەی، ئامادەیە مردن قبوڵ بکات، دواجار خۆی دەکوژێت کارێک کە خۆکوژیی و بەڵای دیکەشی بەدوادا دێت.

وەک دەبینین، دۆخـی سەرنجراکێشی ئەو تراژیدیا یۆنانییە، راستییەکی دەروونناسانەی شاراوەی پەیوەندیی نێوان هیگڵ و خوشکەکەی رەنگ پێدەدایەوە. کریستیەنی هەستیارو دڵناسک، لەنێو بوونی برا هەموو شتزانەکەی خۆیدا نقوم بوو و خۆشەویستی ئەو بۆ هیگڵ بووە پەیوەندییەکی مەکوم و نا ئاسایی کە کۆمەڵێک دەرەنجامی کارەساتباری بەدواوە بوو.. هیگڵ لە (18)ساڵیدا، لە خوێندنگەی ئیلاهیاتی زانکۆی توبینگن ناوی خۆی نوسی. وێڕای ئەوەی کە ئەو هەموو خەسڵەتەکانی کارمەندێکی لێهاتووی دەوڵەتی لە خۆدا نیشاندەدا، دایک و باوکی حەزیان لێبوو، کە کوڕەکەیان بچێنە نێو دەزگای ئایینی مەسیحیەت.

هیواو ئارەزووەکانی هیگڵ، بەرلەوە لە بوارێکی زۆر باڵاتر لە یەزدانناسی ئاویان دەخواردەوە: بەم پێیە، یەکەم جار کە هیگڵ بووە خولیاو دڵبەستەی فەلسەفە، ئەو کاتەبوو کە چووە ئەو زانکۆیە.

هەر ئەو دڵبەستەییە بوو کە ئەوی لەگەڵ دووکەس لە هاوسەردەمانی بژاردەی وەک خۆی لە توبینگن ئاشناکرد. یەکێک لەو دووانە هوڵدرلین بوو: شەیدای پڕجۆش و خرۆشی کلتورو شارستانێتی یۆنانی، کە دواتر بوو بە یەکێک لە بەرجەستەترین شاعیرانی گۆرانی لە زمانی ئاڵمانی. ئەوەی تریان شلینگ بوو کە فەلسەفەی سروشتی ئەو. کە زۆر دۆخی رۆمانتیکی هەبوو. پێشڕەو و کار دەرەوەی سەدەی نۆزدەهەم بوو لە بەرامبەر کۆت و بەندو کۆسپە رواڵەتیەکانی بەردەم عەقڵگەرایی. زۆری نەبرد کە لەو کۆڕە شادو سەرفرازەدا، هیگڵ بوو بە شۆڕشڤانێکی رۆمانتیک. کاتێک کە شۆڕشی فەرەنسا بڵێسەی سەند، ئەو وشلینگ سپێدەی زوو لە خەوهەڵسان تاکو (درەختی ئازادی) لە بازاڕی شاردا بڕوێنن.

هیگڵ سەراپا شەیدای کلتوری یۆنانی کۆن و فەلسەفەی نوێی کانت بوو، ئەو بڵاوبوونەوەی کتێبی (رەخنەی عەقڵی پەتی) (نقد عقل محض) کە حەوت ساڵ پێشتر و ساڵی 1781 بڵاوکرابۆوە، بە (گەورەترین رووداو لە سەرجەم مێژووی فەلسەفەی ئاڵمانیا)ی دایە قەڵەم، تا ئەو رادەیە ستایشی کرد.

بۆئەوەی تێبگەین کە بۆچی کانت تا ئەو رادەیە گرنگی هەبوو، پێویستە تەرمی گشتی رابوردووی فەلسەفە لە قۆناغی بەر لە کانت دیاری بکەین.

لە میانی سـەدەی هـەژدەدا، هیۆم، فەیلەسوفی سکۆتلەندی، دڵنیایی فەلسەفی تا نزمترین ئاست هێنابوو. ئەو رایگەیاند کەئەزمون تاکە

سەرچاوەیەکی ناسینی راستیی ئێمەیە. فەلسەفەی ئەزمونگەرایی هیۆم، گەواهی بۆ مەیسەر نەبوونی داهێنانی هەر جۆرە سیستمێکی فەلسەفی تر دابوو. بۆ بنیاتنانی هەر سیستمێک، پێویستمان بە توخم و کۆڵەکەی وەکو هۆ (علیث) (واتە پەیوەندی نێوان هۆو هۆکار) هەیە، بەڵام هیۆم نیشانیدا کە هۆ لە گریمانەیەک زیاتر شتێک نییە، هیچ کەس تا ئێستا هۆو هۆکارێکی کەلێیەوە سەرچاوە دەگرێ تاقینەکردۆتەوە، هەموو ئەوەی کە بەراستی تاقییان کردۆتەوە، گەورەیە کەشتێک بە دوای شتێکیترەوە روویداوە. وا پێدەچوو کە ئەمە بە مانایی کۆتایی فەلسەفەیە.

بەم شێوەیە، کانت توانی ئەو کارەساتە لەسەر رێی خۆی لابدات و بەسەریدا زاڵ ببێت. ئەو رایگەیاند کە (هۆ)، خۆی یەکێکە لەو رێگایانەی کە ئێمە تیایدا لە جیهان تێدەگەین. وەکو (شوێن و کات)، رەنگ و نمونەی لەو جۆرە. هیۆم راستی دەوت؛لە جیهاندا شتێک بە ناوی (هۆ) بوونی نییە، لە جیاتی (هۆ) لە بوونی ئێمەدایە. (هۆ) شێوەی تێگەیشتنی جیهانە لای ئێمە.!

کانت لەسەر ئەو بنەمایە، توانی بە یارمەتی وەرگرتن لەعەقڵ، سیستمێکی فەلسەفی هەمەلایەنە و گشتگیر بنیات بنێت، کە هەموو شتێکی دەردەخست. ئەو بە دارِشتنی کۆمەڵە بەرهەمێکی کەم تا زۆر لە تێگەیشتن نەهاتوو، یان کەم لە تێگەیشتن هاتوو، دەستیکرد بەشیکردنەوەو وێناکردنی سیستمی فەلسەفیی خۆی بۆ مرۆڤایەتی. بەمشێوەیە چاخی پرشکۆی میتافیزێکی ئاڵمانی، بە هەموو بەرزەفڕی و درێژدادڕییەوە دەستی پێکرد. هیگڵ کەوتە جۆش و خرۆشەوە: ئێستا ئیدی مێشکێکی بیرمەندبوونی هەبوو کەبە ئەندازەی خودی ئەو زۆرزان (ماندوکەرو بێ رۆح) بوو. هیگڵ بەسەرنجی وردو بەردەوام، لەبواری(ئەندێشەکانی)کانت رێگای کردەوەو چووە پێش و ئەو کارەی بەچەندین بازدانی خێرا بەنێو کلتوری یۆنانی

تەواوکرد. لەو نێوەندەدا لەهەر فەرمانێکدا چنگێکی هەڵدەگرت، بە(کارگەی بڕگە بژاردەکان)ی خۆی دەسپارد. تەنانەت هەرلەم  ساڵنەی هەوەڵەوە، لای هاوپۆلەکانی خۆی لەزانکۆ بە((پیرەمێرد))ناسرابوو. دیارە ئەو نازناوەی هەم بەهۆی کەسایەتی وشک و بێ رۆحی خۆی، هەم لەبەر مەیلی وەسواسانەی بۆخوێندنەوەو تاڵاکردن بەسەردا بڕوابوو.

کاتێک کەهیگڵ لەساڵی 1793 زانکۆی بەجێهێشت، بەتەمانەبوو پەیوەندی بەدەزگای ئایینی مەسیحیەتەوە بکات. ئەوشتەی کەبەڕاستی ئەو دەیەویست بەشێکی زانکۆیی وانەوتنەوە لەزانکۆ بوو، بەڵام بەو پەڕی سەرسوڕمانەوە تەنها هەرئەوەندەی بۆکرا، بڕوانامەکەی کەبەڕێوەبەرانی زانکۆ پێیانبەخشێ، دەریدەخست کەئەو لەفەلسەفەدا خوێندکارێکی ئەوەندە باش نەبووە.

راستیەکەی ئەوەبوو کەخوێندنەوەو موتاڵاکردنەکانی هیگڵ لەبواری فەلسەفەو بابەتەکانی تر، نزیکەی بەگشتی بـەدەر لەوانە بوو، شتێک کەتایبەتمەندی زۆر لەمێشکە درەوشاوەو کەسانی بێ ژمارەی مامناوەندییە. ئەو ئارەزومەند بوو، کە موتاڵاوخوێندنەوە نارێک وپێکانە بگرێتەبەر. هیگڵ بۆبژێوی ژیانی،کاری مامۆستایی ماڵانی هەڵبژارد. ئەو کارە ئەوی راکێشایە شاری بێرن لەسویسراو سێ ساڵی لەوێ بردەسەر. هیگڵ لەو شارەدا بە بەردەوامی لە کتێبخانە موتاڵای دەکردو بەتەواوی تاک و تەنیا بوو. ئەو رازی دڵی لەگەڵ سروشتدا دەکردو ئەو رێڕەوە گیانی ئەوی تەسکین دەدات.

کاردانەوەی ئەو بۆدیمەنی ئاسۆکانی ناوچە کوێستانیەکانی ئالپ- کەنیگاکانی بۆلای خۆی رادەکێشا-وێنایەکی دەروونناسی سەیر دەداتە دەست.

هیگڵ(لەو ڕۆژگارانەدا)نوسی: ((من لەهەوڵی ئـەوەدام، کە لەباوەشی سروشتدا، ئاشتەوایی لەگەڵ خۆم و ئەوانی تردا بکەم، لەبەرئەوەیە کەهەمیشە ڕووەو ئەو دایکە ڕاستەقینەیە باڵ دەگرم، تا لەگەڵیدا خۆم لەخەڵکانی تر جیابکەمەوە. ئەو مەکۆیە توانای ئەوەم پێدەبەخشێ تاخۆم لەئازاری ئەوان پەنابدەم وبپارێزم، خۆم لەوان بپارێزم لەهەر بەڵێنێک لەگەڵ ئەوان ببوێرم)) وێڕای ئەمانە هەمووی، لوتکە سەرکەشەکانی ئالْپ لەڕوانگەی هیگڵ((مردووە هەمیشەییەکان)) بوون، لەکاتێکدا ئەو بەچاوی سومبلی ئازادی وکرانەوەو دەربازبوون و ڕوانینە تاڤگە کەبێ ڕاوەستانی بۆپێشەوە هەنگاو دەنێت.

دەروونناسێک بەناوی شارفشتاین، وتویەتی کەلوتکە ساردەکانی کوێستان، ((بەردەوامێنێکی دەردناکی خەمگینی)) دێننەوە یادی هیگڵ و تاڤگە بەلای ئەوە سومبلی((دەربازبوون))بوولێی. ئەو قسەیە چ وردەکارییەکی دەروونناسانە بێت، یان لێکدانەوەیەکی تەکلیفکراوانە گومانی تیانییە کەهیگڵ لەو سەردەمەی تەمەنی خۆیدا، بەدەست ئازاری خەمگینیەوە دەیناڵاند، ئازارێک کەنزیکەی تاکۆتایی تەمەنی هەرپێیەوە دەتلایەوە.(واپێدەچێ کەهەم نوسینی هیگڵ وهەم ئەو وێنایەی کە لەروخساری ئەو بەهێماوە، ڕاستی ئەو قسەیە دەسەلمێنێ).

هیگڵ لەو ڕۆژگـارەدا، بەکارتێکردنی قارەمانی خۆی، کانت ژمارەیەک وتاری ئایینی سەبارەت بەرەخنەی دەسەڵاتگەرایی، یان چاوگی بـــاوەڕی(authoritarianism)ی مەسیحی نوسین، هەروەها کتێبێکی نوسی بەناوی(ژیانی مەسیح–Life of christ)کەتیایدا کەم تا زۆر عیسای مەسیح بەکەسایەتییەکی تەواو سەرجەم جیهانە دابـووە قەڵەم. لەو نوسینەدا دەربڕینەکانی عیسا لەبواری ڕێنوێنیەکانی مەسیحی، زۆربەی

هاوشێوەییەکی سەیر لەگەڵ قسەکانی قارەمانەکەی هیگڵ دەدۆزنەوە ورێنوێنیە سادەو قوڵەکانی مەسیح، بە شێوەیەکی تەکلیفدارانە، دەبنە شێوازێکی فەلسەفەییانەی سەخت و داخراو پڕلە پێچ وپەناو شاشی ئاڵمانی.

کانت فەلسەفەی ئەخلاقیی خۆی لەسەر بنەمای ئەوەی کەبەپرسی رەها(categorical imperative)ناسراوە دارِشت بوو: ((مرۆڤ دەبێ تەنها بەپێی دەستور یان بنچینەیەک رەفتار بکات کەبەگوێرەیەوە، لەهەمانکاتدا ئیرادەی ئەوە لەخۆی بنوێنی کەئەو دەستورە وەک یاسایەکی جیهانگیر بشکێتەوە.))ئەو وتەیە بەئاشکرا لەگوفتاری عیسادا دێت: ((لەگەڵ ئەوانی تردا وا رەفتاربکە، کە لەگەڵ خۆتدا رەفتار دەکەیت))هەنگاوی ئازایانەی هیگڵ بۆسەرمەشقدانی کانت، سەبارەت بەمەسیح، بەوتنی ئەو قسەیە کۆتایی هات: ((دەبێ بەپێی دەستورێک رەفتاربکەیت کەدەتوانی ئیرادەی ئەوە بکەیت کەدەستورێکی گشتی بێت لە نێوخەڵکدا، هەروەها بۆخۆشت بەبنیچینەو بنەمایەکی بزانێت.)) شیکردنەوەی هیگڵ بۆعیسا، شیکردنەوەیەکی زەمینی و ئەم جیهانییەبوو، هەم لەرووی شێوەو هەم لەرووی ناوەڕۆک، دڵی ماهیەتێکی بێ رۆح کەخۆیشی پەشیمانی لێوە دەربڕی. (ئەو کتێبە لەسەردەمی ژیانی هیگڵ بڵاونەبووەوەو ئەو لە ساڵانی دواییدا، هەوڵیدا هەموو نوسخەکانی لەنێوبباتْ.)

ساڵی 1796(هۆڵدرلین)ی دۆستی، لەشاری فرانکفۆرت-ئەو شوێنەی کەئەو دەمە شاعیرتێیدا دەژیا-کارێکی مامۆستایی ماڵانی بۆ هیگڵ پەیداکرد، بەڵام کاتێک کەهیگڵ چووە فرانکفۆرت، تێبینی کرد کەهۆڵدرلین گیرۆدەی خۆشەویستیی ژنی یەکێک لەبانکدارەکانی ئەوێ بووەو لەسۆزی ئەو خۆشەویستیەدا دەسوتێ، ژنێک کەهۆڵدرلین بەنمونە وسومبلی یۆنانی کۆنی دەزانی.

(بەمشێوەیە)هیگڵ جارێکی ترخۆی بێکەس وتەنیا بینیەوە. ئەو بۆ فەرامۆشکردنی بێزاری و خۆخواردنەوەی رۆژانەی خۆی، تەنانەت لێبڕاوترو سەختر لەجاران خەریکی خوێندنەوەو موتالاکردن بوو. لەو کاتە زۆر کەمانەی کەبێئیش با، بەهۆنینەوەی هۆنراوە گەلێک خەریک دەبوو، کەتاکو بلێی خەمبارانە بوون، هۆنراوە گەلێک کە لەرووی کێشەوە جێی رەخنەبوون:

((یاسایەکی هۆشمەندانە کەگیانە هەژارەکانیان لەزانینی بێبەشی کردووە، ئەوەی کەئەو لەشەوێکی پیرۆزدا بینیویە، بیستوویە، هەستی پێکردووە، تا ورێنە گۆییە پڕ لە دەنگەدەنگەکانی ئەوان، ئارامی خۆیبوونی مەزنتری ئەو، لەکاتی وردبوونەوە نەشلەژێنێ، تا بێهوودە گوێی ئەوان، تورەیی ئەو بەسەر نەفسی پیرۆزدا نەوروژێنێ تاپرسی پیرۆز ئاوا بەپیس وپۆخڵی، ژێرپێ نەخات...))

وێـڕای مانا دوو لایەنیەکەی کەهیگڵ لە((ورێنە گۆییەک پڕ دەنگەدەنگ)) و((بێهودە گوێی))مەبەستی بووە، شارەزایی و پسپۆڕیی هیگڵ لەدارِشتن و نوسینی بابەتەکان، بێ رۆح وماندوکەر بوو.

لەمیانی ئەو سالانەی تەنیاییدا، هیگڵ تامی جۆرێک دیدی قوڵی عیرفانی چەشت. واپێدەچێ کەئەو دیتنە، وەکو دیتنێکی دەروونی تاکانەیی و یەکپارچەیی ئاسمانی خۆی نواندبێت، لەو دۆخەی کەهەموو بەرفراوانیەبێ کۆتاییەکان، شتی خەیالاوی و ناحەقیقی دەکەونە بەرچاو، هەموو شتێک پێویست و خۆیشی پێویستەو گشت یان تاک، راستی بنچینەیە. هیگڵ لەو رۆژگارەدا، خەریکی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی(سپینوزا)ی فەیلەسوفی یەهودی سەدەی حەڤدەو پەیرەوی ئایینی ئاکایەتی بوون، واپێدەچێ کە فەلسەفەی سپینۆزا لەو تێڕوانینەدا، کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووبێت.

سیستمی(فەلسەفی)سپینۆزا، لە زۆر رووەوە بەئەندازەی سیستمی کانت پڕشکۆ و مەزنە. ئەو سیستمە کە بەشێوازی ئەندازەگیریی عەقڵدۆزی بنیات نراوە، لەچەند بنەمای مسۆگەر پێناسەگەلی بناغەیی دەست پێدەکات، دواتر بەزنجیرەیەک پرس کۆمەڵەیەکی بێکۆتایی بەوپەڕی پلەی پەتی بوون وعەقڵباوەڕی بەرپادەکات. ئەم جیهانە کە وەکو سیستمێکی ئەندازەییە-خواوەندەو واقیعیەت، سەرلەبەرو بەتەواوی هەرئەوە. خوا(بەو پێیەش جیهانی بێ کۆتایی کەهەمان خوایە)، لە خۆگری هیچ پرسێکی عەدەمی یان نێگەتیڤ نییە، پێویستبوون لۆژیکێکی رەها هەروەک چۆن بەسەر بەڵگەکاریەکانی سپینۆزادا حوکمڕانە، بەسەر ئەویشدا حوکمڕانە. پرسگەلی عەدەمی، زەبرو زەنگ، پرسگەلی کەناردارو سنوردارو جیهانی رێکەوت-(Accidental)کەئێمەی مرۆڤ دەبینین، هەڵقولاوی سروشت و نەریتی ئێمەیە کەبوونەوەرگەلێکی سنوردارو کەنارمەندین (لەهەمانکاتدا) توانای ئەوەمان هەیە پێویستی رەهاوگشتی بێ کۆتایی کە واقیعیەتی رەسەن و راستەقینەیە-درکبکەین. ئاکامی تێڕوانینی سپینۆزایی هیگڵ ئەوەبوو، کەبڕیاریدا دەست لەسەرگەرمیەکانی وەکو شیعر، کفرگۆیی و خۆ خەریک کردن بە یاداشت نوسینی رۆژانەیی. لەبری ئەوەدا بوونی خۆی سەراپا تەرخانکرد، بۆ فەلسەفە ئەو لەوە بەدواوە بۆدەربڕین و فۆرمەڵە بەندیی تێڕوانین ودیدی عیرفانی خۆی بۆدنیاو بنەمایەکی عەقڵانی و لۆژیکیانە بەو تێڕوانینە بەخشی. بەرهەمی ئەوکارە، سیستمی گشتگیرو هەمەلایەنەی ئەو بوو.

ئەو سیستمە، لەسەرەتادا زۆر هاوشێوەی سیستمی سپینۆزا بوو-هەڵبەتە بێجگەلە رۆشنیی ئەندازەیی (کە لەسیستمی سپینۆزادا بەدی دەکرا). کاتێک کەئەو سیستمە روخساری خۆی نیشاندا، هیگڵ هێشتا

لەگەڵ شێوازی کانتی سەخت لەتێگەیشتن هاتووی شکۆدارانە–هاودەست بوو، بەڵام سپینۆزا نیشانی هیگڵیدا بوو، کەچۆن لەکاریگەری زاڵی کانت قوتاربکات. هەرتەنها بەتەنێ سیستمی کانت تاکە سیستمێکی فەلسەفی گونجاو مەیسەر نەبوو، (بەڵکو هی تریش هەن).

ساڵی 1799 باوکی هیگڵ کۆچی دوایی کرد، کەمە داراییەک بەمیرات بۆهیگڵ بەجێما کەبەقسەی ویل دورانت، 1500دۆلار یا بەگوزارشتێک رەنگە 1500(تالێر–Thaler) (واژەیەک کەو شەی دۆلاری لێ جیابۆتەوە)دەبوو. ئێستا هیگڵ کەم و زۆر پارەیەکی باشی بۆگوزەرانی ژیانی لەبەردەست دابوو نامەیەکی بۆ(شلینگ)ی دۆستی نوسی و لێی پرسی، کەئایا دەتوانێ شارێکی ئاڵمانیای بۆدەستنیشان بکات، کە تیایدا بەبودجەیەکی کەم ژیانی خۆی هەڵسوڕێنێ، شارێک کەخواردنی سادەی خۆجێی، کتێبخانەیەکی گەورەو ((ein gutes bler–ئاوجۆیی بەتام))ی لێ هەبێ. شلینگ لەو رۆژگارەدا، مامۆستای زانکۆی(یەنا)بوو، مامۆستایەک کەزۆر زوو و بەرلەوادە بەوپلەوپایە گەیشت بوو. ئەو بێ راوەستان هیگڵی هان دا کەخۆی بگەیەنێتە ئەو. (واپێدەچێ کەبەپێچەوانەی ئەوەی لە فەیلەسوفەکان چاوەڕواندەکرێ، هیچ کام لەوان سەبارەت بەئاویجۆ (بیرە) سەلیقەیەی باشیان نەبوو. ئەو ئاوجۆ خۆجێیەی کەمن لەیەنادا تامم کرد، بێ دوو دڵی لەبەرامبەر بوندس نیگای ئاوجۆکانی ئاڵمانای مەزن هیچ نەبوون! دواتر ئەو راستیەم بۆ ئاشکرابوو، کە ئەو ئاوجۆیە لەبێ نەواخانەی ناوچەیی دروست دەکرا.

**هیگڵ لەساڵی 1801 چووە ناو زانکۆ لەپۆستی مامۆستای ئازاد**

لەزانکۆ دەستی بەکارکرد کارێک کەموچەو مافەکانی پەیوەستە بەژمارەی ئەو خوێندکارانەی کەلەپۆلەکاندا بەشداریدەکەن. هیگڵ بەخت یاوەرییوو کەدارایی تایبەتی خۆی هەبوو: سەرەتا تەنها چوار خوێندکار لە

پۆلە گەورەکانی هیگڵ، کەشێوازی داڕشتنی یەکجار خراپ وشێوازی وانە وتنەوەی زۆرباش بوو، هیگڵ وای پێیاشبوو کەیەک دەست بێت: شێوازی وانەوتنەوەی ئەو بەهەمان ئەندازەو خراپ بوو، کە چەندێک شێوازی داڕشتنی خراپ بوو!)

لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا، زانکۆی یەنا، پڕجۆش وخرۆشترین زانکۆی ئاڵمانیا بوو. شیلر وانەی وتاردانە سەروەخت وبێ وەختەکانی خۆی بەبواری مێژوو دەوتنەوە، برایانی شلگل ونوالیس لەوێدا بۆدامەزراندنی یەکەم قوتابخانەی رۆمانتیزمی ئاڵمانی هاوکاریان دەکردو فیشتە ئایدیالیستمی مەزن، سەرقاڵی شیکردنەوەو وێناکردنی تازەترین فەلسەفەی. دوای کانت بوو. ئەو کاتەی کەهیگڵ لەزانکۆی یەنادا سەرقاڵی وانە وتنەوەبوو، هەموو ئەو سیما شاعیرانە، ئەوێیان بەجێهێشتبوو، بەڵام لەجێی ئەوان، شلینگی 26ساڵە، بە خۆشی رۆمانتیکی فەلسەفەی سروشتی خۆی، ببوە ئیلهامبەخشی خوێندکاران. ئەو رەوشە هیگڵی زۆر خستە جوڵەجوڵ و زۆری نەبرد، کە کەوتە ناکۆکی و کێشمەکێش لەگەڵ شلینگ.

لەو نێوەندەدا، وێڕای زیادبوونی بەرچاوی ژمارەی بەشداربووان لەوانەکانی ئەو (بۆ11کەس) وردە وردە داراییەکەی کۆتایی هات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خۆی لەهەڵبژاردنی رێی ئاسان دەبوارد، وەکو ژیژک کە دڕکی لەسەر پشت هەیە، هیگڵیش خاوەنی کەسایەتیەکی مکوم و کاری سەخت بوو. ئەو تەنانەت بۆجارێکیش ئەوەی بەهزردا نەهات، کە وانەی وتارەکانی خۆی سەرنجراکێش، یان تەنانەت قایلی تێگەیشتن بکات. لەو سەروبەندەدا، دەست بەکاربوو کە سیستمی شکۆداری خۆی شکڵبەندی بکات، واپێدەچوو وردە وردە کەبۆپێشەوە دەچوو، ئەوسیستمە بەسەر خوێندکارەکانی خۆیدا بخاتەکارەوە. یەکێک لەخوێندکارە ستایشکارو تازەکانی هیگڵ، باس دەکات:

((ئەوەکەپێش لەو دەمە لەسەرەتای کاردا زمانی ئێدەگیرا، بە کورتی کاری خۆی درێژە پێدەداو سەرلەنوێ تێهەڵدەچووەوە. جارێکی تر لەپڕ راوەستا، قسەی دەکردو دەچووە بیرکردنەوەوە: واپێدەچێ کە ئائێستا بەدوای دۆزینەوەی وشەی وردبوو و دروست لەم کاتەدا، ئەو وشەیەی بەدڵنیایی و لێ بڕاوییەکی بێهەڵەو راست و دروست بەمێشکدا دەهات...ئێستا مرۆڤ هەستی دەکرد، کەخەریکە لەبابەتێک تێدەگات و چاوەڕێی پێشکەوتنی زیاتر (لەوانە) دەکات، بەڵام ئەمە لەخەون و خەیاڵێک زیاتر شتێک نەبوو. بیرلەجیاتی پێش بکەوێ، بەهەمان وشەکان، چەندین جار بەدەوری هەمان بابەتدا دەخولایەوە. بەمشێوەیە، ئەگەر زەینی ماندوو شەکەتی ئێمە تەنها سائێک پەرت ببا، ئەوا سەروبنی بابەتەکەمان لەدەست دەچوو.))بیرلەو وێناکردنەبکەنەوە، ئەوە وێناکردنی یەکێک لەخوێنکارە ئارەزوومەندو لایەنگرەکانیەتی. ئێمە هەر ئەوەندە دەتوانین بیری لێبکەینەوە، کەئەو شێوازە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەو خوێندکارە بەدبەختانە دادەنا، کەشەویان بەئاوجۆی بێ نەواخانەکان بەسەر بردبوو: بەو وێناکردنە، ئەوان دەیان توانی چ کارێک لەگەڵ هیگڵدا بکەن؟ سەرەنجام کەسێک پەنای بردەبەر(گۆتە)-کەئەندامی (ئەنجومەنی پیاو ماقوڵان-Privy coucilor) لە دەرباری ڤایمار بوو لەنزیکی ئەوان و دەسەڵاتی بەسەر بەرێوەبەرانی کاروبارەکانی ئەواندا هەبوو-. هیگڵ بەپلەی مامۆستای تایبەت دامەزرێنرا (کەلەروانگەی هەندێ لەهاوکارەکانی ئەمە تەنها دانان بەواقیعیەتێکی بێ سێودوو بوو)و موچەیەکی بەرامبەر بەسەد دۆلاریان بۆبڕیەوە.

ئەوە دەرفەتی بۆهیگڵ رەخساند، تابتوانێ کاری نوسینی بەرهەمە بەناوبانگە فەلسەفیەکەی خۆی، واتە(دیاردە ناسیی رۆح-The phenomenology of mind)بۆ پێشەوە بەرێت، بەڵام چالاکیەکانی هیگڵ

لەجیهانی دیاردەییدا، تەنها هەرتاییەت بەکاروباری هزری نەبوو، چونکە نزیکەی هەرلەو رۆژگارەدا، خاوەن خانووەکەی منداڵ لە سکیدا بوو. ئەو رووداوە لەرێڕەوی ژیاننامەی هیگڵدا وەکو گەوهەرێکی نایاب و دەگمەنی روون و ڕۆشن لە نوسین وداڕشتنەوەکانی ئەودا، لەناکاو بەرجەستە دەبێت، بەڵام سیستمی فەلسەفی هیگڵ سیستمێک نەبوو کەئەو دەرفەتەی تیادا بێت، کەراستی هەندێ جارتا ماوەیەکی زۆر دوای مەرگی داهێنەری ئەو سیستمە، بەداپۆشراوی بمێنێتەوە: خانمی خاوەن خانوی، ئەوی بەکەمتەرخەم زانی وتۆمەتباری کرد.

لەو سەردەمەشدا، ناپلیۆن هێواش هێواش قەڵەمڕەوی خۆی لەئەوروپادا بەرفراوان دەکرد. شەڕ لەگەڵ وڵاتی پرۆسیابووە شتێکی ناچاری، لە ساڵی 1806 سوپای فەڕەنسا بەرەو یەنا وەڕێ کەوت. هیگڵ کەلە دەزگای ئیدارەی حکومەتی پروسیا بێزاربوو، پێشوازی لە ناپلیۆن کرد، بەڵام ئەو پێشوازی کردنە، لەراستیدا جێماوەی ئەو جۆش وخرۆشە شۆڕشگێڕیەی سەردەمی لاوێتی ئەو نەبوو، بەڵکو هیگڵ هەستی دەکرد کەبەوکارەی، گەواهی بۆ رەوتی مێژوو-کەلەگەڵ سیستمی ئەوداهاوتەریب بوو-دەدات. ((ناپلیۆن، ئەو رۆحە جیهانیەم بینی کەلە نێوشاردا بەسواری تێدەپەڕی.)) رۆژی دواتر، سەربازانی فەرەنسی دەستیان بەتاڵان و بڕۆکرد وئاگریان بەردایە سەرخانووەکانی ئەو شەقامەی کەهیگڵ تێدا دەژیا.

هیگڵ لەکاتێکدا کەدەستنووسی(دیاردە ناسیی رۆح)ی لەنێو گیرفانی چاکەتەکەی نابوو، رایکردە ماڵی مامۆستایەکی زانکۆ کەنزیک بوو لەو شوێنە.(لەقەبارەی کتێبەکەوە، دەتوانین وێنای بکەین کەچاکەتێکی چەند گەورەی کردۆتەبەر). لێرەدا هیگڵ، لەکاتێکدا کەسەربازەکانی فەرەنساو ئاڵمان لەدەرەوەی شاردا خەریکی شەڕو پێکدادان بوون، دوایین دێڕەکانی

شاکارەکەی خۆی نوسینەوە.

دەگێڕنەوە دەڵێن کانێک هیگڵ دەنگ و غەڵبەغەڵبی سەربازەکانی بیسث، کە لەشەڕ دەگەڕانەوە دەستی لەکارهەڵگرث، لەبەر پەنجەرە راوەستاو سەیری دەرەوەی کردو پرسی: ((کێ سەرکەوث؟)) لەشەڕی یەنادا سەرکەوتن بەلای سوپای فەرەنسابوو، هیگڵ شادو سەرمەسث بوو. رۆحی جیهانی درێژەی بەپێشرەوی خۆی دەدا لەجیهانی بێ رۆحدا.

بەڵام دوای جەنگ زانکۆ بەناچاری داخـراو هیگڵ، جارێکی تر بەکردەوە خۆی موفلیس و بێ پارە بینیەوەو ناچارما بەو موچەیەی کە وەریدەگرث بژێوی خۆی هەڵسوڕێنێ.ساڵیادی دواتر دیاردە ناسیی رۆح بڵاوبووەوە.

ئەو کتێبە بێگومان بەماموٚستایانەترین و ئاڵۆزترین بەرهەمی هیگڵ دەژمێردرێث. کانث بەرلەوە، قەبارەیەکی 800 لاپەڕەیی وەکو قەبارەی پێویسث بۆدەقێکی فەلسەفی ئاڵمانی نوسی بوو وهیگڵ لەوبەرهەمەیدا، نیشانیدا کەهاوشانە لەگەڵ پێوانەی پێشەنگە مەزنە رابوردووەکەی خۆی، بەڵام ئەو جێیەی کەهیگڵ زۆر پێش کانث دەکەوێتەوە درێژدادڕی داڕشتنی ئەوە. من بەئەنقەسث یەکێک لەدەربڕینە روونترو سادەترەکانی ئەوم هەڵبژاردوە تاکو نمونەیەک بدەمە دەستەوە: ((لەم میانەدا، بەهەمان شێوە کەهزر، خۆی بوونەوەرێکی سادەی ئەبستراکث نییە، بەڵکو سیستمێکە لەکایەکان کەتیایدا خۆی بۆچەندین قۆناغ بەش بەش دەکاث، بەڵام لەهەمان ئەو کردارەی جوداسازی و جیاکاریدا، هەروا ئازادو جیادەمێنێتەوە، بەهەمان شێوە کەهزر، بەگشتی کۆمەڵێک کرداری جیاجیا بۆجەستەی خۆی دەگوازێتەوەو هەر ئەندامێکی دیاریکراوی لەش تەنها بۆ ئەنجامدانی ئەرکێک دیاریدەکاث، بەهەمان شێوەش دەتوانی دۆخی دەرونی بوونی دەروونی ئەوە (بوونی

خۆی لەخۆیدا) لەقاڵبی شتێک کەلەبەشە بێکەوە پەیوەستەکان پێک هاتووە، نیشانی خۆی بداتْ. هەتا دوایی...ئەو کێوێک لەپوشێک دروستکردنە، لەوانەیە کەدیرێک بەتەنیا جیاوەربگری وای بۆبچێ، مایەی پیکەنین بێتْ، بەڵام دوای خوێندنەوەی چەند سەد لاپەڕەیەک، رەنگەئەو مەتەڵانە بێزارکەر بێ ماناو کەم مایە هەستْ پێبکەیتْ، بەڵام نەکا ئەو هزرە گومڕاتان بکاتْ کەهەموو کتێبەکە بەوشێوەیە نوسرابێتْ. هیگڵ ئارام ئارام(زۆر ئارام ئارام) جۆرێک خوائاساییانە(Apotheosis)ی ئامانج وبێ چەندوونی پەرە پێدەدا کەتیایدا( هۆشیاری رەها–Absolute knowledge)، دەردەکەوێ وبەرجەستە دەبێ. تەنانەتْ وێناکردنی رستەیەکی زیادتر لەشەش دێڕ کەسەرتاسەر بێ مانایە، دژوارو سەختە (هەرئێستا خۆتان تاقی بکەنەوە)، بەڵام لەوکاتدا هیگڵ بەوشێوەیە ئیرادەی کردبوو دەیتوانی بێراوەستان دەرەقەتی نوسینی لاپەڕەکان بێتْ بۆخستنەڕووی بابەتێک بەوشێوەیە: ((ناسینی شێوە مەعقوڵە Notions))پەتیەکانی هۆشیاری بەشێوەیەک کەتیایدا شێوە مەعقوڵەکان، دۆخەکان یاشێوەکانی هۆشیارین، لایەنی شێوەی مەعقوڵ بە بەرجەستە بوون لەوێدا لەچالاکیە نێوانگیریە سادەکانیدا، لەپایەی ئەندێشەدا، قۆناغەکانی ئەو نێوانگیریە بەش بەش و لێک جیادەکاتەوەو ئەمانە هاوتاوتەریب، لەگەڵ ناکۆکی خودیا دەروونیان(Immanent)، نیشانی خوای دەداتْ.))

هیگڵ دەیوتْ کەئەو(کتێبە)، ((هەوڵێکە بۆئەوەی فەلسەفە فێربکاتْ، کەچۆن بەزمانی ئاڵمانی قشێوازاتْ.))هەندێک لەو باوەڕەدان کەهیگڵ لەوکارەیدا سەرکەوتنی بەدەستْ هێناوە، بەڵام ئەو رایە سەربزێوو ئازاردەرانەیە، گاڵتەکردنێکە بەزمانی ئاڵمانی، زمانی هوڵدرلین وریلکە، بەڵکو هیگڵ دەبووا بەرلەوەی لەهەوڵی ئەوەبێ شتێک فێری فەلسەفە بکاتْ، خۆی فێری قسەکردن بەزمانی ئاڵمانی بکاتْ!

بـەڵام ئایا ئەمە بـەڕاسـتـی چ مانایەکی هـەیـە؟ هیچ کەس ناتوانێبەرهەمێکی (800)لاپەرەیی بەهەر زمانێک دایهێنێ بێ ئەوەی کەئەو بەرهەمە مانایەکی هەبێ. زۆر لەتوێژەرەوان، ئەو بڕوایەیان کردۆتە توێشووی ڕێگا، زاتیان کردو پێیاننایە نێو زۆنگاوی نوسین وداڕشتنی هیگڵ. هەندێک لەوانە لەقاڵبی مارکسیستی هاتنەدەر، ژمارەیەکی تر لەقاڵبی ئەگزیستانسیالیستـ ودیسان هیتر هەن، هەر نەهاتنە دەر(هیگڵیەکان) هیگڵ دواجار چڕکردنەوەی فەلسەفەکەی، دەبەرگ کتێبی نوسی. (چاوەڕوان دەکرێ کەچاپی نوێ وکۆتایی بەرهەمەکانی ئەوبەهەوڵی دویچەفورشونگ گمانیشافت(ئەنجومەنی توێژینەوە ئاڵمانیەکان) خۆی لەسەرووی(50)بەرگ بداتـ. بەم پێیە هەر چەشنە هەوڵێک بۆچڕکردنەوەو کورتکردنەوەی ئەندێشەی هیگڵ، وەکو ئەوە وایە هەوڵی ئەوە بدەین لەئێسکی هەرە بچوکی کلکی دایناسورەوە جانەوەرێکی لەندەهۆروپێ بەزەوی دادەرو لەنێوچوو ببەین کەئەو ئێسکە، ئێسکی ئەوە.

*(Privatdent– ئەو مامۆستایەی زانکۆ کەموچە لە زانکۆ وەرناگرێ وخوێندکاران موچەی وانەوتنەوەی دەدەنێ. وەرگێر)

هیگڵ لە دیاردەناسیی ڕۆحدا ڕەوتی لۆژیکێک شرۆڤە دەکات، کەتیایدا هزری مرۆڤ لەپێگەی هۆشیاریی سەرەتایی و بەتێپەڕبوون لەقۆناغەکانی خودئاگایی، عەقڵ (reason)، ڕۆح (spirit) وئایین، تائاستی هۆشیاریی ڕەها شۆڕدەبێتەوە یا بەرزدەبێتەوە. ئەمە پرۆژەیەکە کەهیگڵ بەگوێرەیەوە، سیستمی هەمەلایەنەو شکۆداری خۆی لەسەر داڕشت.

سیستمی هیگڵ هەموو شتێکی بێ لەئاسایی بـوون بـەدەر، لەخۆدەگرێت. (وەڵامی ئەو پرسیارەی کە) ئایا ئەو سیستمە هەموو شتێک بێ لەئاسایی بوون بەدەر (بدون استثناء) دەگرێتەوە...؟ (باهەر لەبارەی هیچ شتێک بەراستی وانییە) پەیوەستە بەوەی کەلەبارەی پێکهاتەی بنچینەیی و زیندووی ئەوەوە چ تێڕوانینێکیان هەبێ. سەرجەمی سیستمەکە، لەسەر شێوە بەڵگەکاریی داهێنەرانەی هیگڵ-واتە شێوازی بەناوبانگی دیالێکتیک-ی ئەوەوە جێگیرە. ئەو شێوازە بە(بەرنیهاد)ێک یان (تێز)ێک-بۆنموونە(بەرنیهاد) ی بوون-دەستپێدەکات. بەبڕوای هیگڵ، تێز، بنەوێ یان نا کەم و ناتەواوە. کاتێک کەئێمە سەبارەت بەوێنای (بوون) قوڵ دەبینەوە، ئەو وێنایە، دژی خۆی-(بەرامبەر نیهاد) یان (ئەنتی تێز)ی خۆی-یانی (نەبوون) دێنێتە کایە. ئەوکات ئەو وێنایەی (دووەم)یش نوقسان وناتەواو دەردەچێ ولەو کاتەدا، هەردوو دژەکە(تێزو ئەنتی تێز) تێکەڵکێشی یەکتر دەبن تاکو (هاونیهاد) ێک، یان (سەنتێز)ێک بێننە ئاراوە کەلەو نموونەیەدا، هاونیهاد، یان سەنتێز

بریتییە لە(بوون) ئەو سەنتێزە هەرچی هەم لەتێزو هەم لەئەنتی تێزدا عەقڵانیە، دەپارێزێ وخۆیشی دەتوانێ ببێتە تێزێکی تر. ئەو پرسە بواری ئەوە دەداتْ لەپرۆسەی ناوبراو لەزنجیرەگەلێکی سێ لایەنەدا-دووپاتْ ببێتەوەو تاسنوورە هەرچی عەقڵانی ترەکان بچێتە پێشەوە. ئەو پرۆسەیە، تا زیاتر عەقڵانی تردەبێتْ لایەنە(رۆحانی-spiritual) یان رۆحیەکەشی زیاتر دەبێتْ، هەروەها کەرۆحانی تردەبێتْ، لەخۆی ولایەنی ماناو ناوەڕۆکی خۆیشی-زانیاری زیاتر وەدەستدێنێ، پرۆسەی ناوبراو، بەهۆشیاریی رەها، واتە پلەیەک کەتیایدا(رۆح-spirit) خۆی لەپێگەوپایەی رۆح دەدۆزێتەوە کۆتایی دێتْ.

کەوایە کۆڵەکەی بنەڕەتی ئەو سیستمە، دیالێکتیکە کەلەهەموو ئاستەکاندا کاردەکاتْ، لەپایە بەرزترین بـوارە رۆحیەکانەوە بگرە تا تەمومژاویترین وناڕۆشن وتاریکترین کایە مێژوویی، هونەری، زانستْ ونموونەکانی لەو جۆرەیان. نمونەیەک لەدیالێکتیکی هیگڵ لەو ئاستانەدا، بەم شێوەی خوارەوەیە:

بەرنیهاد(تێز): ئەندازەیی

بەرامبەر نیهاد(ئەنتی تێز): هونەرە رۆمانتیکیەکان

هاونیهاد(سەنتێز): پەیکەرتاشی کلاسیک

ئەوەی کەئایا بەڵگەکاریی سەرەوە، پەیوەندی بەوەی کەلەواقیعدا دەیبینین هەیە یان نا، لەم کاتەدا مایەی سەرنجی ئێمە نییە. ئەو نمونەیەمان تەنها لەبەر ئەوە هێنایەوە، کەشێوازی هیگڵ وجۆری دەستکرد یائەو کەلوپەلانەی کەئەو دەیخاتە ناو مەکینەی گۆشتی جیهانگیرانەی خۆی، نیشانبدەین. نمونەی تا رۆشنترو ئەبستراکتر (کەهەڵبەتە شێوازی هیگڵ پەیوەندی زۆر زیاتری پێوە هەیە) بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

بەرنیهاد(تێز): گشت یان سەرجەم-(universality) بەرامبەر نیهاد(ئەنتی تێز) بەش بەشی (جزئیت) (particularity) هاونیهاد(سەنتێز): تاکایەتی (individuality) شێوازی دیالێکتیکی هیگڵ (کەئەو پێیدەوت لۆژیک) سەرچاوەی لەئامانجێکی پەسندو مەزنەوە دەگرت. هیگڵ دەیویست بەسەر گرنگترین کێماسی و لاوازیی لۆژیکی نەریتیدا زاڵ بێت، واتە ئەو واقیعیەکەی کەلۆژیکی نەریتی، بەگشتی پووچ وبێ ناوەڕۆکە.

لۆژیک هەرگیز هیچ زانیاریەک لەبارەی هیچ شتێک جگەلە خۆی ناداتە دەستەوە. بۆنمونە بەڵگەکاریی نەریتی، وەکو ئەو بەڵگەکاریەی خوارەوە، تێبینی بکەن:

هەموو فەیلەسوفەکان گیرۆدەی خۆبەزلزانی عەقڵین. هیگڵ فەیلەسوفێکە. بەم پێیە هیگڵ گیرۆدەی خۆبەزلزانی عەقڵیە.

ئەگەر ئەو بەڵگەکاریە لەبارەی جادوکاران و(مەرلین-merlin)یش بووایە، لەرووی لۆژیکیەوە، روخسارێکی تەواو یەکسان و وەک یەک دەبوو. بەمپێیە دەشێ بەو شێوەیەی خوارەوەی بنوسین:

هەر(ئەلف)ێک (ب)ە.

(ج)، (ئەلف)ە.

بەمپێیە(ج)، (ب)ە

چاوپۆشین لەناوەڕۆکی بەڵگەکاری، روخسارە لۆژیکیەکەی وەک یەک دەهێڵێتەوە. بەبڕوای هیگڵ، ئامانجی لۆژیک(وەدەستخستنی) راستیە، بەڵام راستیەکی بێ ناوەڕۆک هیچ نییە، راستی یاحەقیقەتی پووچ وبێ ناوەڕۆکی لۆژیکی نەریتی، هیچ چەشنە زانیارییەک ناداتە ئێمەو ناتوانێ حەقیقەتە راستەقینەکان بدۆزێتەوە.

هیگڵ مەبەستی ئەوە کەبەسەر ئەو جودایيەی روخسارو شێوەی

ناوەڕۆکدا، زاڵ بێت.

بەڵگەکاریی ئەو ڕێککردنێکە کەواباسی دەکەین. هیگڵ خوازیاری ئەوەبوو کەئەو بەڵگەکاریە لەسەرجەمەکەیدا جێبکەنەوە. (ئەو ئێمە دڵنیا دەکاتەوە، کاتێک ئەو بەڵگەکاریە لەسەرجەمەکەیدا تێبینی بکرێت، پرسیارەکان، یاسەرچیخڕۆشتنە لۆژیکیە باوەکان کە لەوانەیە سادەو ساکاریی و زوو باوەڕیی ئێمەیان لەبەرانبەردا دروست بێت، نەمێنێ.) هیگڵ بەڵگەکاریی خۆی بەدەربڕینی ئەو قسەیە دەستپێدەکات کەلۆژیک، شرۆڤە کردنی ئەندێشەیە.

بەهەمانشێوە کەتێبینیمان کرد، پرۆسەی دیالێکتیک تاپلەی هزر یان رۆحی لۆژیک (absolute spirit) هەڵدەکشێ. هزر (رۆح ڕەها) واقیعیەتێکی بنچینەییەو جیاوازە لەشێوەو روخسارە بەشبەشی وتایبەتیەکان کەلەجیهانی سروشتدا بەخۆیەوە دەیگرێت. هزر(رۆح ڕەها)یە کەسیما بەجیهان دەبەخشێ. بەم پێیە خوێندنەوەو موتاڵاکردنی شێوازی کارو ڕەفتاری هزر(ئەندێشە) شێوازی کارو ڕەفتاری جیهان ئاشکرادەکات.

ئەم دەرئەنجامە لەو بەڵگەکاریەی کەلەسەرەوە باسکرا، بەدەستدێت کەهیچ واقیعیەتێکی بابەتی بەدیناکرێت کەبەدەربێت لەئەندێشە. لەراستیدا هیگڵ لەکتێبی (فیۆمینولۆژیا)دا بەڵگەدێنێتەوە کەئەندێشە، واقیعیەتی بابەتیەو واقیعیەتی بابەتی، ئەندێشەیە (هەرچی کەواقیعیە، عەقڵانییەو هەرچی کەعەقڵانییە، واقیعیە) ئەم دووانە یەک شت و وەک یەکن. ئەم قسەیە بەو مانایەیە کەکاتێک لۆژیک پەیوەستە بەئەندێشە، کەوایە پەیوەستە بەواقیعیەتیش.

بەم شێوەیە، بابەتی لۆژیک، بریتییە لە (حەقیقەت وەک ئەوەی کەهەیە).

بەم پێیە، دیالێکتیک-بەشێوازی سێ پایەی تێز، ئەنتی تێز وسەنتێزی خۆی-هەم شێوە(روخسار)ی هەیەو هەم ناوەڕۆکیش. دیالێکتیک(بەهەمان ڕێگادا دەڕواتە کەهزر پێیدا دەڕواتە وتەی دەکات).

هەروەها سەروکاری هەیە لەگەڵ (حەقیقەت وەک ئەوەی کەهەیە).

تێزێک یان (بەرنیهاد)ێک، بەهۆی بێ توانایی فۆرمالیستی خۆی لەجێکردنەوەو سازگارکردنی ناوەڕۆکەی لەسەرجەمیی خۆیدا، ئەنتی تێز یا بەرامبەر نیهادی خۆی دێنێتەکایە، وەکو تێزی بوون، کەبنەوێ یان نائەنتی تێزی خۆی واتە نەبوون دێنێتە بەرهەم وئەوجا هەردوو تێکەڵکێشی یەکتردەبن و دەبنە یەکپارچەو سەنتێزی خۆیان-واتە بوون-پێکدێنن.

ناشێ نکۆڵی لەوە بکەین کەئەو سیستمە، زنجیرەیەکی بەربڵاو لەئەندێشە بەرچاو قوڵ و هزرییەکان دێنێتەکایە.

بەڵام ئەمانە لەراستیدا لەهزرگەلێکی شاعیرانە بترازێ شتێک نین. راستی ئەوەیە کەسەرجەم سیستم یا سیستمی (هیگڵ) لەبنەڕەتدا ئایدیایەکی شاعیرانەی جوانە، بەڵام ئەو پەپولە بەهۆی سنجاقێکەوە شەتەک دراوە: هەروەها لە زۆر بوارە نزمترەکانی هەرەم، ئەو ئایدیایانە نەک چەوتن (تێز: ئاینی یەهود، ئەنتی تێز: ئاینی رۆحی، سەنتێز: ئاینی یۆنانی) بەڵکو پوچ وبێ ماناشن (تێز: هەوا، ئەنتی تێز: زەوی، سەنتێز: ئاگروئاو) لێرەوە دەکرێ بزانین کەوێڕای بانگەشەی هیگڵ کەسیستمی خۆی بەپێویست (بەمانای لۆژیکیانەی وشـەوە) دەزانـێ، ئەو سیستمە زیاتر لەسەر بنەمان ئەگەر رێکەوت جێگیرە. لۆژیکی ئەو، هیچ بەهرەیەکی وردەکارانەی کە بۆنمونە لەسیستمی ئەندازەیی سپینۆزادا بەدیدەکرێ تیانییە، هەروەها وەک چۆن دەبینین، کاتێک ئەو لۆژیکە روو دەکاتە زەمینەی گەلی کردارینری وەکو مێژوو، بەراستی لەوانەیە ئەندێشە گەلێکی زۆر ناقوڵاو ترسناک دروستبکات.

(تێڕوانینی رێبەریی میللی کەبەرجەستەو رەنگدانەوەی(رۆحی جیهان)ە، رەنگە لەرۆژگاری ناپلیۆندا، ئاڕاستەو پاساوێکی شاعیرانەی هەبووبێ، بەڵام کاتێک لەژێر رۆشنایی ئەزمونەکانی سەدەی بیستەمدا بیردەکەینەوە، بەهیچ شێوەیەک ئەندێشەو بیرکردنەوەیەکی قابلی قبوڵ نییە.)

وێرای بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمە پڕقەبارەیەش، هیگڵ دیسان هەر موفلیس و بێ پارەبوو. زانکۆ هەروا داخراو مایەوەو ئەو بەناچاری دەستبەکاربوو کەبۆخۆی کارێک پەیدابکات، بەڵام لەم سەروبەندەدا ئەو پرۆسە دیالێکنیکیەی کە راستەوخۆ دەستەویەخەی هیگڵ دەبووەوە، سەنتێزی لەنکۆڵی نەهاتووی خۆی دروستکرد: خاوەن خانوی هیگڵ، کوڕێکی هێنایە دنیا کەناونرا لودویگ.

کەمێک دوای ئـەوە، هیگڵ (یەنا)ی بەجێهێشت تاکو لەپلەی سەرنوسەری(رۆژنامە)ی(بامبورگەر سائیونگ–bamburger zeitung) دەست بەکاربێت، کارێک کەدوو ساڵ تیایدا مایەوە. بەداخەوە کەئێمە تەنها دەتوانین چەندو چوونی سەروتارەکانی ئەو تێبینی بکەین، چونکە وەک دیارە هەموو ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیە لەبەرواری (1807تا1808) لەگەڵ پرۆسەی بەرۆحانی کردنی مێژوو رووبەروو بووەوە(لەنێو بران).

لەم کاتەدا، هیگڵ تەمەنی گەیشتبووە (38) ساڵ وبووە بەڕێوەبەری خوێندنگەیەک لە(نۆرمبێرگ). ئەم کارە، کەهەشت ساڵ تیایدا مایەوە، بەرادەی پێویست کاتی پێدا کەکاری فەلسەفیی خۆی درێژە پێبدا. لەم سەردەمەدا، هیگڵ ماوەیەک بوو کەوازی لەتێزی ئازادسازی یان ئازادی بەخشی (liberation) شۆڕشگێڕانە هێنابوو، بەجۆش وخرۆشەوە باوەڕی بەئەنتی تێزی ئەو تێزە هێنابوو. هیگڵ لە کاری بەرێوەبەرێتیدا کارامە بوو وەدەیوت: (ئامانجی هەر پەروەردەو فێرکردنێک، بریتییە لە ریشەکێشکردنی

خەیاڵات، ئەندێشە، بیرو هزرگەلی تاکەکەسی کەبۆی هەیە لاوان هەیانبێت وسەرقاڵی بن...ئەندێشە، وەکو ئیرادە، دەبێ ملکەچ و فەرمانبەردار بێت.)

بەهەمانشێوە کە زۆرێک لەبەرێوەبەرانی خوێندنگە، حەزیان لەکاری خۆیان نییە، یان تەنها کەسانێکی سەراپا تەمبەڵن، هیگڵیش بەرێوەبەرێکی سەختگیرو لێبڕاو بوو. کەسێک کەلەبەر چۆنیەتی وانە خوێندنەیدا، هیگڵی پەست وتوڕە کردبا، خۆی توشی مەترسی کردبووەوە. یەکێک لەخوێندکارەکانی دەگێڕێتەوە کە(من وهاوڕێیەکی ترچووبووینە لای تا ئەو رەخنەو گلەیی و گازەندانەی کەخوێندکاران هەیان بوو بیخەینە بەرچاوی، بەڵام چ پێشوازێکمان لێکرا: هەرنەمانزانی چۆن چۆنی لەپلیکانەکان چووینە خوارەوە!).

لەم سەروبەندەدا، ئەنتی تێزێکی سەیری دیکە هاتەدی: هیگڵ بووە عاشق، درکی ئەو مانایە، لەوانەیە بۆهەندێک خەڵک بەئەندازەی درککردنی تێڕوانینی دیالێکتیکی هیگڵ لە(رەها) سەخت بێت. هیگڵ تەمەنی گەیشبووە چل ساڵ ولەتەواوی ئەو ماوەیەدا(خلیسکانێکی بێ ئاکامی لێ دەرچێ) هێشتا هەر رەبەن مابووەوە...ساڵەها خوێندنەوەو موتاڵای لەسەریەک وبەردەوام، کاریگەریی ناقۆڵای خۆی کردبووە سەری.

روخساری عەبوس ورەنـگ پەڕیوی هیگڵ، دووچـاری بیرێکی ناوەخت ببوو. قژمووەکانی تەنگبوون ورۆژ بەرۆژ زیاتر تەنگ دەبوون زیاتر هەڵدەوەران، دیمەنێک کەلەروخساری ئەودا مابووەوە ئەو تروسکە خەفەتاویە ئاشکرایەی چاوەکانی نیشاندەدا. هیگڵ پیاوێکی کورتە باڵاو خەپڵەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا پشتی کەمێک کووڕبوو.

داب ورەفتاریی کۆمەڵایەتیانەی تێکەڵبوو بەدەستپاچەیی وناشیگەرێیکی زۆر. واتە لەراستیدا (گیۆرگ ویلهلم فریدریش هیگڵ) تەنانەت لەلایەن

شاگردە هەرە وریاکانشیەوە خاوەنی هێزی راکێشانی جادوویی نەبوو. (ماری فون ئوشەر) ئەو کچەی کەهیگڵ کەوتە داوی خۆشەویستییەوە، لەبنەماڵەیەکی نورمبێرگی خاوەن ئەسڵ ونەسەب و بەناو بوو وتەمەنیشی تەنها (18) ساڵ بوو.

ماری یەکێک لەلایەنگران ولایەنگرانی (ژان پۆل)ی نوسەری دێرینی رۆمانە وروژێن وگشتیەکان بوو وباوەڕی بەتێڕوانینو تێڕوانینە رۆمانتیکیەکانی وەک(ئەحساس) وژێسنە هەستبزوێن وهەبوو. هیگڵ هۆنراوەی پڕباق وبریقی بۆهۆنیەوە کەتیایاندا، بەشێوەیەکی وردەکارانە، ماهیەتی دیالێکتیکی خۆشەویستیی شرۆڤەو تۆێکاری دەکرد. تەنانەت ئەو کاتەی کەیەکتریان لەژواند دەبینی، هیگڵ تارادەیەک زۆر، هەمان بەڕێوەبەری قوتابخانەی دەمایەوەو هەمیشە سەبارەت بەتێڕوانینە رۆمانتیکی و ئەو کات مێزەکانی ماری، ئاوازێکی سەرزەنشتانەی لەخۆشیان دەدا. ئەو دواتر لەنامەکانیدا لێبوردنی دەخواست: (دانی پێدا دەنێم کەئەو کاتەی ناچار دەبم بنەمایەکی ئەخلاقی ژێر پێ بنێم، زۆر زوو تواناى دیاریکردنی ئەوکارو رەفتارانە لەدەستدەدەم کەتیایاندا ئەو بنەمایە بەرچاو دەکەوێ لە کەسێکی دیاریکراو-لەو بارەیەوە لەتۆدا، هەروەها دانی پێدادەنێم کەپێمخۆشە ئەوبنەمایانە زۆر بەگرنگ بگرم، چونکە لەم بنەمایانەدا لایەنی گشتی وئەو بایەخەی کەهەیانە بەدی دەکەم، شتێک کەتۆ بیری لێناکەیتەوەو لەراستیدا بەبڕوای تۆ لەبنەرەتدا ئەو لایەنە گشتی وبایەخدارەیان تیانییە.) مرۆڤ لەخۆی دەپرسێ، کە ئەگەر ماری (درەختێکی ئازادی) لەبازاڕی شاردا بڕواندبا-یانی هەمان ئەو کارەی کەهیگڵ لەتەمەنی ئەودا ئەنجامی دابوو-لەو کاتە هیگڵ چی پێدەوت؟ لەگەڵ ئەوەشدا، راستیەکە ئەوەیە کەماری واپێدەچێ وەلای عەشقی بیرو کۆنەپەسندی خۆی دابێنەوە.

ئەوان لەساڵی (1811) زەماوەندیان کرد(مەراسیمی زەماوەندەکەیان) کۆڕێکی گەرم بوو کەهەڵبەتە هاتنی چاوەڕواننە کراوی خاوەن خانوی هیگڵ و ئەو گۆبەندەی کەبەرپایکرد، کەمێک کۆڕەکەی شێواند. خاوەن خانووەکە بەدۆخێکی پەشۆکاوانە پارچە کاغەزێکی بەدەستەوە بوو رایدەوەشاندو دەیگوت ئەو کاغەزە بەڵێنی زەماوەندکردنی نوسراوە، کە هیگڵ پێیداوە. بەگوێرەی گێڕانەوەیەک، خاوەن خانوو سەرەنجام (رەزامەندی داو لەبریدا پارەی وەرگـرت)، بەڵام ئاگرێکی دێرینی تریش هەبوو کەبەو سادەییە دانەدەمرکا. کاتێک کریستیەن، خوشکی هیگڵ هەواڵی زەماوەندکردنی براکەی بیست، تووشی تورەبوون وپشێوی دەروونی بوو (ئەو رەوشە لەزمانی زیادەرۆیی و بێ هەست ونەستی ئەوکات بە(پشێوی خۆبەنەخۆشزانی تێکەڵ لەگەڵ هەڵچوونە هیستریاییەکان(لێکدرایەوە) کریستیەن کەوەکو مامۆستای ماڵان خەریکی کاربوو، نەیتوانیبوو بەخۆی بسەلمێنێ زەماوەندبکات وژیانی هاوسەرێتی پێکەوە بنێ.

قبوڵ نەکردنی داخوازییەکی بۆزەماوەندکردن، بووەمایەی سەرهەڵدانی (دۆخی دەمارگیری) و(رەفتاری سەیروسەمەرە) تیایدا. هیگڵ داوای لێکرد کەبێت، لەگەڵ ئەواندا بژیت، بەڵام بەخیلی توندی کریستیەن بەرامبەر هاوسەری هیگڵ، لێنەگەڕا ئەو پێشنیارەی براکەی قبوڵ بکات. لەجیاتی ئەوە چووە لای یەکێک لەخزمەکانی لای ئەو مایەوە. لەوێ هەوەڵ رۆژتا ئێوارە لەسەر کورسیەک دادەنیشت ودەگریاو دەی قیژاندو بەو شێوەیە رۆژەکانی بەسەر دەبردن. بەقسەی ئەو خزمەی، کریستیەن زۆر لەبراکەی(دڵگران) بوو و(نەفرەتێکی زۆری) لەهاوسەرەکەی نیشاندەدا، رەوشی تەندروستی ئەو رۆژ بەرۆژ روو لەخراپبوون چوو، تاوای لێهات لەیەکێک لەشێتخانەکاندا خەواندیان، بەڵام ساڵێک دوای ئەوە، مۆڵەت دراو هاتەدەرەوە.

هیگڵ خوێنساردی خۆی پاراست، بەڵام ئەو پشێویە دەروونیەی کەلەخوشکەکەی هەبوو، بێگومان زۆری پەرێشانکردبوو. ئەو هەروا بـەردەوام بەدەست پشێویی وخەمۆکیەوە دەیناڵاند. جارێک، قسەی لە (کەوتنە نێو دڵی سەرزەوییە تاریکەکان) کرد، ((شوێنێک کەتیایدا هیچ شتێک تەواو، دیاریکراو وئاسایش نەبوو، هەموو شوێنێک پڕبوو لەشکۆو مەزنێتی، بەڵام ئەو هەمووە لەتەک ئاستەنگ وکۆسپ وچاڵەکانەوە بوو.)) ئەو ئاشکرای دەکرد، کەچۆن چۆنی بۆیەکەم جار لەفەلسەفەی خۆی ئاگادار بـووەوەو دەیگوت((هەر مرۆڤێک کەئەو خاڵە وەچەرخێنەرەی(لەژیان) دا هەبێ، ساتی شەوانەی راکشاوی خۆی یان پسوڵەی سروشتی خۆی)) تاقیدەکاتەوە(( کە لەبەر ئاستەنگەکانی ئەوەوە، ناچار دەبێتە کەسێکی بەهێزو خاترجەم کەلەخۆیداو لەژیانی ئاسایی رۆژانـە، ئەگەر بەرلەوە نەیتوانیبێ خۆی بەوەوە رازی بکات-لەبوونی دەروونێکی شەریفانە-هەست بەئاسایش دەکات.)) دەروونناسان زۆرجار ئاماژەیان بە ((ئارەزووی پاراستن وئاساییش...کە تەنانەت بۆبیرکردنەوەی ئەبستراکتیش زۆر زۆر ئیلهام بەخشەی)) کردوە: فەلسەفەی هیگڵ-کە سەرچاوە لەئەنگێزەیەکی قوڵەوە دەگرێ-لەوانەیە رەنگدانەوەیەکی ترازانی دەروونی قوڵی ئەو بووبێت. ئەو تێڕوانینە رەنگە مایەی گاڵتەبێت، (بەڵام) بەڕەچاوکردنی خەسڵەتی دەروونـاوی یا ئەسکیزوییە (وبەدوایدا چاکبوونەوەی پرۆسەی دیالێکتیکی هیگڵ-کەلەروانگەی ئەودا هەمان ((شێوازی کاری هزرە))-(دەبێ بڵێین) کەهیچ گاڵتەیەک هەڵناگرێ. لەگەڵ هەموو ئەو ئاستەنگانە، زەماوەندکردنی هیگڵ، وەکو باسکراوە مایەی شادمانی بوو. ماری، دوو کوڕی بەناوەکانی (کارل) و (ئیمانۆئیل) هێنایە دنیا. لەکاتێکدا ئەو دوو کوڕە گەورەدەبوون، (لودویگ)ی برای سێیەمیشیان خۆی گەیاندە ئەوان. ئەو دوای مردنی

دایکی لەیەنا، هاتە تاکو لەگەڵ کوڕی خێزانەکەیاندا پێکەوە بژین. وێڕای نیازی پاکی هیگڵ، ئەو رەوشە، کەڵکێکی نەبوو. بێزاری، وەکو خۆراک کەوتبووە گیانی لودویگ. وەک دیاربوو ئەو بەهرەیەکی زۆری لەعەقڵی باوکی بەمیراتە بردبوو. لودویگ بەشوێن پێی باوکیدا هەنگاوی ناو بووە خوێنکارێکی توندڕەو. حەزی لێبوو لەپزیشکی بخوێنێ، بەڵام هیگڵ گوشاری بۆهێناکە بەکاری بازرگانیەوە خەریک بێتە. لودویگ ماڵی خۆی تەرک کردو خۆی گەیاندە لژیونی دەرەوەی هۆڵەنداو دواتریش بەکەشتی رەوانەی هیندی رۆژهەڵاتە (ئەندۆنیزیا کەئەوکاتە کۆلۆنی هۆڵەندا بوو) بوو، لەوێدا تووشی تاو لەرز بوو گیانی سپارد.

لەماوەی ئەو رۆژگارە بوو کەهیگڵ دووەمین شاکاری گەورەی خۆی، (زانستی لۆژیک–The science of logic) نوسی. ئەو بەرهەمە گەورەیە، لەو رووەوە شازو تایبەتە کەتیایدا دەتوانین بڵێین هیچ هەواڵێک لەو دووبابەتە کەلەناونیشانی کتێبەکە هاتوون نییە، هیگڵ مەبەستی لەوشەی زانستە، میتافیزیک–ئەنتی تێزی فیزیک بوو ولۆژیکیش شێوازی دیالێکتیکیەکەی بوو. ئەگەر شێوازی دیالێکتیکی هیگڵ وەکو شێوازێکی لۆژیکی قبوڵ بکەین، سیستمی ئەو بەراستی بناغەدارترین، هەمەلایەنترین وبەرزترین سیستمێکی بەڵگەدارە، کە تائێستا رێکخرابێ وخرابێتە رووەوە، (بەڵام) ئەگەر ئەو جۆرە شتە قبوڵ نەکەین، ئەوا بەتوندی دەکەوینە راڕایی کەسەرجەمی ئەو سیستمە بەوجۆرەپێ سەرایی ولادانێکی میتافیزیکیانە لێک بدەینەوە. (بەپێی وەها تێڕوانینیەک، هیگڵ دەبوا ئەو بەرهەمەی ناونابوا (میتافیزیکی میتافیزیک) کەلەراستیدا باشتر دەلالەتی لەناوەڕۆک وبابەتەکانی دەکرد.)

هیگڵ بەزانستی لۆژیکدا، خۆلەلۆژیک ناگەیەنێ، بەڵکو لەجیاتی، چەمکگەلێک شیدەکاتەوە کەئێمە لەکاتی بەڵگەکاری لۆژیکیدا، سوودیان

لێوەردەگرین–وەکو زاراوەو دەستەواژەکانی کانت (بوون، چەندایەتی، رێژە یا زیادەشتی لەوجۆرە). گرنگترین زاراوە لەو میانەدا بەبڕوای هیگڵ، زاراوەی رێژە یازیادە(relation)یەو گشتیترین رێژە، بریتیەلە دژبەری (contradiction). بەمشێوەیە، رەوتی دیالێکتیکی تێز، ئەنتی تێزو سەنتێز سەرهەڵدەدا. هـەروەک چۆن پێشتر تێبینیمان کرد، هیگڵ ئەندێشەی بەواقیعیەتێکی بنچینەیی دەزانی و پێیوابوو کەچۆن شێوزای دیالێکتیک بەسەر رەوتی ئەندێشە حکومڕانە، بەهەمانشێوە بەسەر واقیعیەتیشدا حکومڕانە. وەها شتێک لای هیگڵ ((زانست))ی لۆژیکی ئەو پێکدەهێنێ. هەموو شتێک سەربەشێوازی دیالێکتیکە.

زانستی لۆژیک پەردەی ناکۆکیی بنچینەیی لەنێوان کانت وهیگڵ لادەبا. کانت، زانایەکی داهێنەرو لۆژیکیزانێکی بەتوانابوو، بەوپێیە بەتەواوی ئەو توانایەی هەبوو کە کتێبێک سەبارەت بەزانست ولۆژیک بنوسێ. هیگڵ، بەپێچەوانە تێڕوانینێکی مێژوویی هەبوو بۆفەلسەفە. هەرتەنها گوزارەو دەربڕینەکانی ئەونین کەلەبارەی ئەنجام وئاکامی رووداوەکان دیدی درێژخایەن بەخۆبگرن، هیگڵ جیهان بەشێوەیەکی گشتی، بەکایەیەکی مێژوویی هەمیشە لەدۆخی کامڵبوون دەزانێ. وەها دیتنێک، تایبەتبوونی (particularity) ئەوەی کەلێرەوە هەنوکەییە، رەش دەکاتەوەو لەنێو دەبات. هەموو شتێک دەکەوێتە ژێر رۆشنایی دوورنماو رەهەندی مێژوویی. کانت بەبەراورد لەگەڵ هیگڵ. جیهان بەدیدێکی رۆشن وروونی زانستمەندێک تەماشادەکات. ئەمڕۆ تێڕوانینی کانت تێڕوانینیەکی بەبرەو وباوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەو هەلومەرجەی کەمێژووی مرۆڤایەتی لەکۆتایی قۆناغێکی درێژی فراوانخوازانە نزیک دەبێتەوە، لەوانەیە کەتێڕوانینی هیگڵ جارێکی ترخۆی بخاتەوە روو.

زانستی لۆژیک ناوبانگی بۆهیگڵ بەدیاری هێنا. لەکاتێکدا کەتەنها بەشی یەکەمی کتێبەکە بڵاوکرابووەوە، زانکۆکانی هایدلبێرگ وبەرلین کورسی مامۆستاییان بۆپێشنیازکرد. هیگڵ هایدلبێرگی هەڵبژاردو لەساڵی (1816) چووە ئەوێ. ئەو بەناوبانگترین فەیلەسوفێکە کە لە مێژوویی ئەو زانکۆیەدا پۆستێکی هەبێ. لەهەورازی گردۆڵکەی ئەو بەری رووبارەکە، لەلایەکی شاردا کوێرە رێیەک هەیە کە بەگوزەرگای فەیلەسوف بەناوبانگە. بۆگەیشتن بەو کوێرە رێیە دەبێ بەنێو رەزەکاندا سەربکەوی. لەخوارەوە، پردی کۆنی رووباری (نێکارا–neekara) هەڵکەوتووەو لەکەناری دووری رووباردا، شاری زانکۆیی–کەتەمەنی چەندین سەدە زیاترە–لەخوار قەڵاکەیدایە. چەند ساڵێک بەر لەئێستا یەکێک بەمنی وت کەگوزەرگای فەیلەسوف، لەپای نیشتەجێبوونی هیگڵ لەم شارەدا ئەو ناوەی بەخۆوە–گرت، لەگەڵ ئەوەشدا دواتر بۆی درکەوت کە ئەوقسەیە راست نییە، چونکە درکەوت کە هیگڵ حەزی لە پیاسەکردن لەدەرەوەی شار نەبوو.

هیگڵ، ساڵێک دوای چوونی بۆ هایدلبێرگ، (زانستنامەی زانستە فەلسەفیەکان لەسەرجەم–The encylopedia of the philuso philosophical scienes in outline)ی بڵاوکردەوە. ئەو کتێبە بۆخوێندکاران نوسرابوو تاکو پێش ئەوەی بەشداری لەکلاسەکانی ئەو دابکەن، بیخوێننەوە ئەو کتێبە گەڵاڵەیەکی گشتی لەسەرجەم فەلسەفەی هیگڵی بەدەستەوە دەداو ئەو بوارەی بۆخوێنەر فەراهەم دەکرد، کە لەگەڵ بنەماو رێوشوێنەکانی زمانی تەکنیکی هیگڵ، هەروەها بەکارهێنانی شازی ئەو لەچەمک و دەستەواژەی جیاجیا، ئاشنابێت. لۆژیک تاکە چەمکێک نەبوو کەدەبوا بەرگەی بگیرێ: ئێستا وانە وتاریەکانی هیگڵ بەگشتی دوور لەتێگەیشتن بوون، مەگەر ئەوەی لەگەڵ زمانی یاجوج و ماجوجی ئەودا ئاشناییت هەبوایە. هەتا سادەترین

ئاماژەو روونکردنەوەکان، پێویستیان بەکردنەوەی رازو رەمزەوە هەبوو: ((ئەگەر بەکورتی، قۆناغەکانی ئەو تێپەڕێنم لە چۆنایەتی بۆ چەندایەتی چاوپێدابخشێنین دەردەکەوێ کە پرسی چۆنایەتی بۆ دیاریکردنی بنەڕەتیبوون و راستەوخۆیەکی هەیە کەتیایدا ئەندازەو دیاریکردن، هاوشێوەیی لەگەڵ بوونی شتەکی(شیو)هەیە، بەچەشنێک کەبەگۆڕینیان، شتەکە خۆی لەنێودەچێت.)) (بێ هۆنەبوو کەژمارەیەک لەو کەسانەی کەلەماوەی جەنگی دووەمی جیهانی، رەمزونهێنی زۆر سەختی گرێ کوێرەی ئاڵمانی(aerman enigma) یان کردەوە، پێشتر توێژینەوەی(فەلسەفەی) هیگڵ بوون.)

هیگڵ لەکتێبی(زانستنامەی زانستە فەلسەفیەکان لەسەرجەم)دا سیستمی خۆیشی شرۆڤەو مشت وماڵ دەکات. دەکرێ ئەو سیستمە وەکو ژمارەیەک پێکهاتەی شێوە هەڕەمی بژمێرین کەبەسێیانەیەکی باڵاتر کۆتاییان دێت. تێزی سیانەی باڵاتر، (ئایدیای رەها-Absolute idea)یە کەئەنتی تێزی خۆی-سروشت-دێنێتە ئاراو سەنتێزەکەشیان برێتیە لەرۆح یاواقعیەتی رەها(Absolute reality). هەموو سیستمەکە پێکەوە دەتوانین بەرۆح بژمێرین(کەواقیعیەتی رەهاشە)و بیرلەخۆی وهەناو یامانای خۆی دەکاتەوە. ئێمە لەپایەوپلەی تاکدا، تازیاتر عەقڵانی تر، بیرمەندترو هۆشیارتر دەبینەوە لەخۆمان و هەناو و ناوەڕۆک یامانای خۆمان، وردە وردە لەوسیستمەدا رووەو باڵا رێرەودەگرین وهەڵدەکێشین.

ئەو سیستمە، جۆرە بە یەکانەزانینێکی رۆحانی شکۆدارە: سەنتێزی گشتگیرو هەمەلایەنەی ئایدیای رەهاو سروشت، واتە رۆح (یان واقیعیەتی رەها).

بەوشێوەیە، وێڕای ئەوەی کەشێوە هەڕەمی یاسێ کۆڵەگەیە، دەتوانین بەخولی یاسوڕداریشی بدەینە قەڵەم، چونکە گۆڕانکاری یاخۆجیاکردنەوە، پایەی بنەڕەتی ئەو گشتەیە.

شێوازی دیالێکتیک لەهەموو جێیەکدا کاردەکات: تێز، ئەنتی تێزی خۆی دروست دەکات وهتد. تەنها ئەوکاتە دەکرێ حەقیقەت بناسین کەخۆی بەش بەش و نایەکپارچە کردبێت، واتە ئەنتی تێزی خۆی-چەوتی-دروسنکردبێت وبەسەریدا زاڵ بووبێت.

بەهەمان شێوە خوا هەرتەنها لەو رووەوە بێ کۆتاییە کەسنوری کۆتایی هاتنی گرتووەو بەسەریدا زاڵبووە. (لەچیرۆکی دابەزینی مرۆڤ(لەبەهەشت)یش رەوتێکی دیالێکتیکیانەی هاوشێوە بەدیدەکرێت: دابەزین پێویستیی هەبوو، تامرۆڤ بتوانێ بگات بەچاکەو خێروخۆشی.) سەرەڕای یەکپارچەیی(تێزو ئەنتی تێز) لەسەنتێز، نایەکپارچەیی یاگۆڕانی تێزێک کەئەنتی تێزی خۆیشی دێنێتە بەرهەم، هەمیشە بوونی هەیە.

لەساڵی (1818) هیگڵ هەوڵیدا کەئەنتی تێزی بڕیاری خۆی سەبارەت قبوڵکردنی پۆستێک لەزانکۆی هایدلبێرگ هەڵبژێرێ: ئێستا پێشنیاری کۆرسێکی لەبەرلین قبوڵکرد. هیگڵ لەوێدا بووە مامۆستای فەلسەفە، کۆرسێک کەدوای مردنی فیفتە خاڵی مابووەوە. لەوکاتەدا، ناپلیۆن شکستی خواردبوو ودەوڵەتی پرۆسیا، جارێکی تر جڵەوی حوکمی لەئاڵمانیا گرتبووە دەست. ئەو حکومەتە لەو رۆژگارەدا، تاریکترین وکۆنەپەرستترین قۆناغەکانی خۆی پەیڕەو دەکردو بەرلین پایتەختی ئەو حکومەتە بوو.

هیگڵ (13) ساڵی دوای تەمەنی خۆی لەبەرلین بردەسەر. وانە وتارییەکانی ئەو ناوبانگی زۆریان پەیداکردو بوونە وێردی خەڵکی وسەدان خوێندکاری بۆلای خۆی راکێشاو کاریگەریی ناقۆڵای فەلسەفی ئەو هێواش

هێواشی لەسەرتاسەری زانکۆکانی ئاڵمانیا، لەچوارچێوەی (هیگڵیانیزم- Heglianism)دا پەرەی سەند.

لەوکاتەدا هەرچەشنە ئازادییەکی بیرکردنەوەو دەربڕینی بیروڕامانی سیاسی لەوڵاتی پرۆسیا بەشێوەیەکی گشتی قەدەغەکرابوو. ئەوە بەو مانایەبوو ئێنرێژیە هزریەکانی خوێندکاران و هاوڵاتیانی رۆشنبیری بەرلین، بەناچاری دەبوا جێیەکی ترپەیدابکات، تاخۆی رزگاربکات. ئەنجامی ئەو رەوشە، گەشەو رەونەقی مەزنی هونەرەکان، فەلسەفەو مۆسیقای لەنێو چینە پڕقسەو بەمشتومڕەکان لێکەوتەوە.

هیگڵ بەکردەوە بوو بەفەیلەسوفی فەریی حکومەتی پروسیا. ئەو لەساڵی (1812) کتێبی(فەلسەفەی هەق-The philosophy of right)ی بڵاوکردەوە کەباس لەپرسی سیاسەت ومافەکان لەکۆمەڵ دەکات. ئێستا ئیدی هیگڵ بەهەموو هێزو بوونیەوە، ببووە لایەنگری رەوشی مەوجودو لەهەرچەشنە بیرکردنەوەیەکی جێگیر لەسەربنەمای گۆڕانی رادیکالیانەی کۆمەڵایەتی، بێزاربوو. دیالێکتیکی کۆڵەگەیی کتێبە تازەکەی ئەو بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

تێز: یاسا گشتیە تەجریدیەکان.

ئەنتی تێز: ویژدانی تاکەکەسی.

سەنتێز: سیستمی ئەخلاقیی هەر کۆمەڵگەیەک.

هیگڵ لەو باوەڕەدا بوو کەکۆمەڵگە دەبێ پشت بەستوبێ بە بەها خێزانییەکان و پیشەجێگیربووەکان. بەمەشەوە سەیر لەوەدایە کەئەو شێوە دەوڵەتیەی ئەو لەمێشکیدا تاوتوێی دەکرد زیاتر، لەگەڵ مۆدێلە ئینگلیزیەکەی ئەو سەردەمەدا هاوشێوە بوو، تاکو لەگەڵ مۆدێلی پروسیایی. ئەو دەوڵەتە، حکومەتی پەرلەمانی، پاشایەتی بەدەسەڵاتی سنوردار، دادگاییکردن

بەئامادەبوونی دەستەی داوەری و ئاسانکاریی لەگەڵ ئەوانەی بیرکردنەوەی تریان هەیە-بەتایبەت ئەوانەی بیرکردنەوەی ئایینیان هەیەو یەهودیەکان- لەخۆدەگرت. (تائەو شوێنەی کەمن ئاگام لێبێت، هیگڵ بەتەواوی بێبەری بوو لەدژایەتیکردنی یەهودی-کەلەو رۆژگارەدا لەکۆمەڵگەی پروسدا لەرووی کۆمەڵایەتیەوە بەتەواوی دیاردەیەکی پەسەندو مایەی قبوڵ بوو ورەهەندی گشتگیرانەی هەبوو..) لەومیانەدا، هیگڵ هـەروا درێـژەی بەوکارەی کەشارەزایی تیاهەبوو-وانە وڕوکاسکردن وسەرلێشێواندنی خوێندکارە لێبڕاو وخۆماندووکەرەکانی کەلەهۆڵەکانی وانەی ئەودا ئامادەبوون-دەدا. ئەو لەکاتێکدا قوتووی گەردی بەرلووتی(ئەنفیەدان)ی خۆی لەسەرمێزی بەردەمی دادەناو سەری گەورەی-بەقژی رووتاوەیەوە-شۆڕببۆوەوە، بەشێوەیەکی ناشیانە، یاداشتەکانی دەگەیاندنەوە یەکترو ئەمدی و ئەودیوی پێدەکردن، لەهەمانکاتدا بەئاوازێکی تێکەڵ بەگومان و دوودڵییەوە، رستە پێچاوپێچەکانی بابەتە وێناکاریە نارۆشنەکانی دێنانە سەرزمانی و باسی دەکردن. هەندێ جار کۆکەی لەناکاو، زنجیرەی ئاخافتنەکانی دەبڕی تائەوەی سەرەنجام بەتێپەڕین تاکو ئاستی تەجریدی پەتی، وەخت وبێ وەخت، بەجۆرێکی خۆئاساییانەی تێکەڵ بەزمانڕەوانی و ڕەوانبێژییەکی دوور لەچاوەڕوانی دەگەیشت کە لە چاوتروکانێکدا، وتارەکەی لەئاستی تێزو ئەنتی تێزەکانی، هەمیشە لەکێشمەکێشی زمانی تایبەتی(خۆی) بوو، دەگەیشتە ترۆپکی هەرەباڵاو بێ سنوریەوە کەلەسەرووی هەرمانایەکەوە بوو لەوێدا وەک ئەوەی خوئاساییانە، تائەوەی کەلەپڕ جارێکی ترکۆکە لەقسەکردنی دەکردەوە.

جاری رێک دەکەوت کە خوێندکارێکی زۆر وڕوکاس بووی، دوای کلاس دەچووە ماڵە کرێنشینەکەی. لەوێ مرۆڤێکی نائاسایی و ڕەنگ پەڕیوی دەبینی کە لە پشت مێزێکی گەورەی نوسین دانیشتووە، لەکاتێکدا رۆبێکی

دوشامبری((زەردوخاکی))ی لەبەردایە کە تاسەر عەرزەکە درێژبۆتەوە، بە دەستەپاچەیی ئەو هەموو کاغەزو کتێبە پەرشوبڵاوانە ژێرو ژوور و ئەمدی و ئەودی و دەکات. فەیلەسوف هەمیشە لەمیانی گفتوگۆی دەستپاچەییانەی خۆی لەگەڵ ئەوکەسەی هاتبووە دیداری، بەکردەوە بوونی لایەنی بەرامبەری بەتەواوی لەوێ لەیاد دەچوو.

ئەو لەو ماوەیەدا کەمێک لەنوسینەکانی بەچاپ گەیاند، بەڵام ژمارەیەک لەرەمز نوسە سەرسپردەو پابەندەکانی هیگڵ، یاداکۆمەڵێک شتیان لەبەر وانە وتارییەکانی ئەو دەنوسیەوە کەلەسەرجەمی بەرهەمەکانی هیگڵدا چاپکراون. ئەو یاداشتە بڵاوکراوانە، لەخۆگری کراوەترین ئەو شیکردنەوانەن کەهیگڵ لەبیروباوەڕەکانی خۆیدا سەبارەت بەجوانناسی، فەلسەفەی ئایین وفەلسەفەی مێژوویی بەناوبانگی خۆی بەدەستیەوە داون. هیگڵ لەو یادداشتانە، هەوڵدەدا مێژوو بەشێوەی کایەیەکی دیالێکتیکی لێبکات، ئایدیایەکی دروستکراو کەلەبەرهەمەکانی مارکسی پەیڕەوکاری ئەو، بەو پەڕی هێزەوە جارێکی ترخۆی نیشاندایەوە. بەگوێرەی ئەو تێڕوانینە، مێژوو ئامانجێکی هەیە (ئیرادەی خوا لەروانگەی هیگڵ و گەیشتن بەئامانجی کۆمۆنیستی لەروانگەی مارکس).

هیگڵ پێشکەوتنی دیالێکتیکی ئاڵۆزو بەدژوار تێگەیشتنی مێژوو لەرووی کۆشکە لمیەکانی زەمەنەوە پەیگیری دەکات. ئیمپراتۆریەکانی چین، یۆنانی کۆن و رۆما، سەرەنجام جێی خۆیان دەدەنە شکۆو مەزنایەتیی حکومەتی پرۆسیا: باڵاترین شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی، کەئائێستا لەسەر گۆی زەوی ناسراوە (زۆر لەسەرووی مافەکانی هەر تاکێکی هیچ ناو بچوکە). ((مێژوو نیشانمان دەداث، کەکاتێک ناوی فەلسەفە لەشوێنەکانی تر، کەم و زۆر لەنێو چوو بوو، فەلسەفە وەکو داراییەکی تایبەت بەگەلی ئاڵمان درێژەی بەژیانی خۆی دەدا. سروشت، ئەو پەیامە مەزنەی خستۆتە ئەستۆی ئێمەوە، کەپارێزەرانی ئەو ئاگرە پیرۆزەبین-بەهەمان شێوەی کەلەرۆژگارانی کۆندا،

رۆحی جیهان، باڵاترین خودئاگایی لای میللەتی یەهود هەبوو.)) تێڕوانینی هیگڵ ئەوە بوو کە یەکەم پارێزەرانی ئاگری پیرۆز بەرزو شکۆدارترین خودئاگایی، دەبوایە گیرۆدەی ئەو ئاکامەبن کەنازییەکان لەسەدەی بیستەم بەسەریان هێنان. هیگڵ (ئەگەر لەژیاندا مابوایە) لەدەستی هیتلەر و کارە نەفرەتیەکانی راسیشی سێیەم، بێزارو هەراسان دەبوو، بەڵام بەراشکاویە دەبێ بڵێین کەنوسینی ئەو شتە بێهودانە هیچ دەردێک دەرمان ناکات.

هیگڵ بەتێڕوانینیەکی ئەوپەڕی فراوانەوە، لەمێژووی دەڕوانـی: ((تێڕوانینی مێژووی جیهانی)). مێژوو لەروانگەی ئـەودا، کایەیەکی خۆپێگەیەنرانە، یان بە ئەنجام گەیاندنی(رۆح، یان رەهابوون) خودە-Self-realization). مرۆڤایەتی رێڕەوێکی وردبینانەی عەقڵانی خودناسانەی گرتۆتە پێش: مەعریفەتێکی رۆژ دوا رۆژ لەپەرەسەندنی یەکێتی وئامانجی خود. هیگڵ رایگەیاند، کە ئێمە کاتێک کەرابوردووی خۆپێگەیاندنی خۆمان بەچاوی گشتێکی واتادار تێبینی دەکەین، دەبینە خاوەنی هەموو رابوردوو سەرگوزەشتەی خۆمان. بەم پێیە ئامانجی مێژوو، شتێکی کەمتر لەدۆزینەوەی مانای ژیان نییە.

بۆچوونەکانی وەکو پێشکەوتن، ((درکی رابوردوو)) (وەک بڵێی کە رابوردوو هەرتەنها یەک شیکردنەوەی هەبێت)، مانای ژیان ریشەی لەکات وشوێنی ئەو سەردەمدا، واتە ئاڵمانیای سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا زۆر باش داکوتاو دوورە ((روانگەی مێژووی جیهانی)) بێت. ویلایەتەکانی ئاڵمانیا لەسەروبەندی یەکگرتن بوون، لەگەڵ یەکتر بۆ پێکهێنانی میللەتێکی بەهێزی ئەوروپایی. شۆڕشی پیشەسازی لەسەرانسەری ئەوروپا پەرەی دەسەند. جیهان پێی دەنایە ناو چاخی زێڕینی دۆزینەوە زانستیەکان و ئیمپراتۆریە ئەوروپاییەکان، قەڵەمڕەوی خۆیان تا ئەوپەڕی ناوچەکانی جیهان فراوان دەکرد. ئەو هەمووە، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ دوورنماکانی دوایی سەدەی بیستەم، هەیە. چیتر

((پێشکەوتن)) بەرپرسێکی مسۆگەرانە ناژمێردرێ و مرۆڤ ئەنانەت مل بۆ مەیسەربوونی لەناوچوونی وەچەی خۆیشی دەدات، هەروەها ئەوە زانستە کەتایبەتمەندی وهێڵەکانی روخساری رەهای هیگڵی بەخۆوە گرتووە نەک رۆح. تیۆری مێژوویی هیگڵی، نەیدەتوانی لەگەڵ ئەو جۆرە گۆڕانکاریانە بسازێ وقبوڵیان بکات. (ئەو سیستمەش کەلەوەوە سەریهەڵدا-واتە تیۆری مارکسیستی مێژوو-بەهەمان ئەندازە نەیتوانی لەگەڵ ئەو پرسەی کە((رمانی حەتمی سیستمی سەرمایەداری)) سەرسەختانە رێ لەهاتنەدی ئەورمانەی خۆی دەگرێ، بسازێ و لەگەڵی هەڵبکات و قبوڵی بکات.) ئێمە ئیدی مێژوو بەپرۆژەیەکی واتادارو حەتمی ناژمێرین، بەڵکو زیاتر وەکو تاقیکردنەوەیەکی زانستی لێی دەڕوانین کەئەنجامەکەی، هەرلەئێستاوە زیاتر پەیوەندی بەخودی ئێمەوە هەیەو لەدەستی ئێمە دایە،

لەگەڵ ئەوەشدا روانگەی هیگڵ سەبارەت بەمێژوو، بەهەموو چەوت و چۆیلیەکانیشەوە، بەگشتی راو داوەرییەکانی ئەو بێ بایەخ وبێ بەها ناکات. هیگڵ لەنێو بیرمەندانی سەدەی نۆزدەدا، دەکرێ بڵێین تاکە کەسێک بوو کەلەسەر گرنگی و بایەخی ئەمەریکا لە ئایندەدا راوەستا. ((لە قۆناغێک کەبەڕێوەیە، ئێرە جێیەکە کەناوەڕۆک و گەوهەری مێژووی جیهان، خۆی ئاشکرا دەکات.))

مارکس، نیتچە، ژول ورن-هەموو پێشگۆ مەزنەکانی سەدەی نۆزدە-گرنگترین گۆڕانی سەدەی بیستەم تێنەگەیشتن.

هیگڵ لەساڵی (1830) بە بەڕێوەبەری زانکۆی بەرلین دامەزرێندراو ساڵێک دواتر شافریدریک ویلیامی سێیەم، مەدالیای شانازی پێبەخشێ، بەڵام ئیدی گاڵتە بازاڕی رەفتاری سەیرو سەمەرەی رۆحی جیهان، دەستی بەئازاردانی هیگڵ کردبوو: لەساڵی (1830) پشێوی وهەنگامەیەکی تر لەشاری پاریس روویدا. ئەمجارە هیگڵ نەرۆیشتە بازاڕی شار تا ((درەختێکی ئازادی))

بڕوێنێ کاتێک شەپۆلێکی ئەو هەنگاوەیە گەیشتە بەرلین، بووە مایەی سەرهەڵدانی نائارامیەکی جەماوەری، هیگڵ لەبیرۆکەی حکومەتی کۆمەڵانی خەڵک دڵگران وهەراسان بوو. ساڵێک دواتر لەرۆژنامەی (Preussisch staatszeitung -رۆژنامەی دەوڵەتی پروسیا) وتارێکی بەچاپ گەیاند، تیایدا رەخنەی لە(پرۆژەنامەی ریفۆرم–Reform bill)کەئەوکات لە پەرلەمانی بەریتانیا خەریکی دەنگدان واژەکردن بوو، گرت و ڕامانی خۆی سەبارەت بەدیموکراسیی بەریتانیایی راگەیاند.

بەبڕوای هیگڵ، یاسای بنەڕەتیی ئینگلستان، بەگشتی شوێنی پشێوی وهەلومەرج بوو. هیگڵ ئەمەی بە بەراورد لەگەڵ ((بنەما ژیرانەکان))ی حکومەتی پروسیادا دەوت، هەروەها (بەبڕوای ئەو) حکومەتی جەماوەری تەنانەت بەشێوە سنوردارو سەختگیرانەکەشی کەلەوودەمدا لەبەریتانیا هەبوو، بەربەستێکی ئاشکرابوو بۆسەمای والیسی رۆحی جیهان (دیالێکتیکی شین–The blue dialectic). حکومەت تەنانەت نابێ لەهەوڵی ئەوەدابێ کەخواستی خەڵک دەرببڕێ. ((خەڵک هەرگیز نازانن کەچیان دەوێت.)) لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت ئەو قسانەش بۆ کاربەدەستەکانی حکومەتی پروسیا، زۆر زۆر شۆڕشگێڕانەبوون و (هەرلەبەرئەوە) بەشی دووەمی وتارەکەی هیگڵ کەوتە بەرتیغی سانسۆرەوە.

لەساڵی (1831) بەرلین تووشی نەخۆشیی گشتگیری (کۆلێرا) بوو کەسەرانسەری ئاڵمانیای گرتەوەو بێداریدەکرد. هیگڵ شاری بەجێهێشت وبۆگوزەراندنی هاوین، لەخانوێک لەناوچەیەکی دێهاتی، نزیک شاردا نیشتەجێ بوو، بەڵام هیچ شتێک تەنانەت (کۆلێرا)ش نەیدەتوانی ئەو لەهۆڵی خۆشەویستی وتاردان داببڕێت. لەمانگی نۆڤەمبەر گەڕایەوە شارو ((بە شۆروشەوق و توانایەکی زۆرەوە بۆ وتاردان، کە گوێگرەکانی خۆی سەرسام کرد)).

یەکەم بەش لە وانە وتارییەکانی خۆی کە دوو رۆژ درێژەیان کێشا، پێشکەشکرد (روزنکرانتس، ژیاننامە نوسی هیگڵ، ئەو زمانڕەوانیە چاوەڕوانە کراوەی لەسەر یەکەم نیشانەکانی نەخۆشیی کۆلێرا حساب دەکات.) رۆژی سێیەم، لەبەرانبەر نەخۆشیدا بەچۆکداهات و بەیانی رۆژی دواتر، واتە 14ی نۆڤەمبەری (1831)، کاتێک کەلەخەودابوو، بەئارامی گیانی سپارد، لەکاتێکدا کەتەنانەت ئاگای لێنەبوو ژیانی کەوتۆتە مەترسیەوە. بەهەمان شێوە کەخۆی داوای کردبوو لەتەنیشت فیشتە بەخاک سپێردرا. ئارامگای هیگڵ، کەکەوتۆتە گۆڕستانی(دروتن شتات) دروست لە باکوری سەنتەری شار، ئێستا بە زیارەتگایەکی میللی دەژمێردرێ.

(کریستیسەن)ی خوشکی هیگڵ، هەر کە لەمردنی براکەی ئاگاداربووەوە، دەستی بەنوسینی ئەو بیرەوەریانە کرد، کەتیایدا سەردەمی منداڵی خۆیانیان پێکەوە بەسەربردوو، باس دەکرد. ئەو، بیرەوەریانەی بۆ بێوەژنەکەی هیگڵ ناردن و ماوەیەک دواتر، بەخۆ فڕێدانە ناو دڵی رووبارەوە، خۆی نقوم کردو لەناو ئاودا خنکا.

پێنج ساڵ دوای ئەوە، مارکس وەکو خوێندکارێک هاتە شاری بەرلین، لەگەڵ بەرهەمەکانی هیگڵدا ئاشنا بوو. ئەو دوای ئەوەی کەتێزی بنچینەیی ئەندێشەکانی هیگڵی وەرگرت و دواتر کاردانەوەی لەبەرامبەریاندا نیشاندا، سەنتێزی (ئەو تێزو ئەنتی تێز)ەی، واتە فەلسەفەی ماتریالیزمی دیالێکتیکی خۆی هێنایە ئارا. ئەو فەلسەفەیە، بەهیچ شێوەیەک ئەو شتە نەبوو کەهیگڵ بۆ رۆحی جیهان مەبەستی بوو.

**پاشکۆ**

هیگڵ پێی خۆشبوو کەزۆر بەجیدی حسابی بۆبکەن و ئەو خواستەی ئەو هاتەدی. هەوێنی فەلسەفی هیگڵ باوەڕی(هیگڵیانیزم) لەسەرتاسەری ئەوروپا بڵاوبووەوە هەموو گروپە فەلسەفیە زانکۆییەکانی لەبیرکردنەوەی فەلسەفی خستەژێر باڵ و پاراستنی خۆیەوە. هیگڵ بە باوەڕی-داکۆکی لەرەوشی بەردەست دەکرد-دروست هەمان ئەو شتەبوو کە لە ئاڵمانیای سەردەمی ویلهلم و(مەبەست، قۆناغی حکومەتی ویلهالی دووەمی پاشای پروسیای ساڵەکانی 1888-1918، و.فارسی) بەریتانیای سەردەمی شاژنە ڤیکتۆریا، مایەی نیازو مەبەست بوو. ئەو پەسندان وستایشکردنە بەشکۆ و بەزەحمەت درکردنە لەدەوڵەتی بۆرژوازیی، بەمسۆگەری دەبوایە دروستکراو وبچنرابوایە، (هەتا) ئەگەر هیگڵ زەحمەتی تاقەتپروکێنی دروستکردنەکەی قبوڵیش نەکردبا. فەلسەفەی هیگڵ، هەموو پێداویستیەکانی زەمانەی فەراهەم کرد. نەزم ودیسپلین، باوەڕبوون بەکاری سەخت، لەپێناو کاری سەخت، باوەڕبوون بەنەریت و سروشتی پێشکەوتن هێنەرو باشکردنی دەردو ئازارەکان، باوەڕبوون بەسیستمێکی وەردەکارو ژیرانە کە بنیادە میتافیزیکیەکانی لەدوای هەر درککردن و تێگەیشتنێکەوەیە ئەمانە هەموو کۆمەڵێک شت بوون، کە لە خوێنەرانی هیگڵ (بە چاوپۆشین لەچینە مامناوەندیەکانی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە) داوا دەکرا. سیستمی قوڵ

وگشتگیری هیگڵ لەجۆرە یارییەکی مۆهرەکانی شوشەیەکی گەورە دەچوو: جۆرێک مەیدانخوازیی فیکری کەزۆرێک لەگەورەترین بیرمەندەکانی سەردەمی بۆلای خۆبەکێش کردو ئەگەری ئەوە هەبوو، کە ئاوا بمێنێتەوە، بەڵام ئەوروپا لەدەروازەی پێنانە ناو کورکبوونێکی تری درێژخایەنی سەدە ناوەڕاستەکان نەبوو، بەڵکو تیایدا دیالێکتیک، لەبەراوردکرن لەگەڵ پێوانەی (شێوەیی–Syllogism)، رۆڵێکی تەنانەت گرنگتری بەخۆوە دەگرت.

ئایا، شتێکی واله سەروبەندی رووداں دابوو؟ بێگومان هەوڵدانێک بە شێوازی جۆراوجۆر، بەڵام بەدەرەنجامی ترسناکی هاوشێوەی یەکتردرا تا وەها سەردەمێک هاتە ئاراوە. بەوشێوەیە، ناتوانین گوناهی ئەو هەوڵدانە ترسناک ونەفرەتاویانە بخەینە ئەستۆی ئەندێشەکانی مامۆستایەکی زانکۆ بەتەنیا–کەرۆبێکی دوشامبری زەردو خاکی دەکردەبەر–. تاوانی ئەو دەرهەقی زمان، پنگاندنەوەو ئاڵۆز گۆیی بوو، بەڵام تاوانی ئەوان درۆگۆییو ناڕاستی بوو. تێگەیشتنی هیگڵ لەجیهان، دواجار جۆرێک ئەفسانەسازی عەقڵانی مەبەستدار بوو، (بەڵام) ئەوان تەنانەت بەتەمای ئەوەش نەبوون لەهەوڵی تێگەیشتن (وشیکردنەوەی) جیهاندابن، بەڵکو حەزیان لێبوو جیهان بگۆڕن (ئەمە ئاماژەیە بەوتەی بەناوبانگی مارکس کەپەیامی فەیلەسوفەکانی بەگۆڕینی جیهان دەزانی نەک شیکردنەوەکەی. و.فارسی).

هیگڵ باوەڕی (هیگڵیانیزم) بەجۆرێک ئەفلاتونگەرایی(Platonism)ی بێ ئەندازە دروستکراوو رێکخراو و بەهاشوهوش، دراوەتە قەڵەم.

ئەفلاتون باوەڕی بەئایدیاکان یان نمونەی پەتی (لەمادە)–کەواقیعیەتی بنچینەییە هەبوو، نەک بەجیهانی شێواو بێ سەروبەری بەشەکان کەئێمە تیایاندا بەسەردەبین. ئەو دنیایەی کەئێمە لەدەوروبەری خۆماندا دەیبینین، تەنها تائەو شوێنە واقیعیە کەئەو ئایدیا یان نمونە باڵایانە(Transcendent)

لەخۆدەگرێ (بۆنمونە، تۆپێکی سور، لەخۆگری ئایدیای دیاریکراوی (پەتی) سوور، گۆیی، خاسیەتی فەنەری وشتی لەوجۆرەیە.)، بەڵام لەهیگڵ باوەڕیدا، ئەو ملۆدیە سادەیەی ئایدیا ئەفلاتونیەکان، گۆڕا بۆ ئۆپێرایەکی نەفەسگیرو درێژدادڕی پڕ لەوشەی وشک وبرینگ وپڕباق وبریق.

شایانی باسە پێناچێ ئەوە هەموو سەراپا کاث بەفیڕۆدانێک بووبێو بەس.

ئەو جۆرە سیستمە میتافیزیکیە ناقۆڵایانە، رەنگە بێ ئەوەی ئاگایان لێبێت کەوتبنە خزمەتی ئامانجێکی مێژوو. شێوازو تەکنیکی ئاڵۆزی کیماگەران بەتەرزێکی هاوشێوەی یەکتر، تێکەڵ و ئاوێنەی میتافیزیک و سەیرو سەمەرە فیکریەکان ببوو، بەڵام ئێستا ئەمانە بەشێوازو تەکنیک گەلێک دەژمێردرێن، کەئەندێشە گەلێک بەزیندوویی پایەدار دەهێڵنەوەو گەشەیان پێدەدەن کەدواتر زانستی شیمییان پێک هێنا. رەوتێکی هاوشێوە دەتوانین بەچاکی لەفەلسەفەی سەدەی نۆزدەدا، لەکاردابببینین فەلسەفەیەک کە لەگەڵ سیستمگەلی میتافیزیکی شکۆداری خۆیدا، بەرز فڕانەترین پرۆژەی عەقڵی مرۆڤی-واتە دەرخستنی تەواو وسیستماتیکی جیهانی بەزیندوویی هێشتەوەو پەرەی پێدا. کیمیاگەری عەقڵانی پێویست بۆ پرۆژەیەکی ئاوا، لەکاتێکدا درێژەی بەگەشەو پەرەسەندنی خۆی دەدا کەزانستی مۆدێرن لەقۆناغی منداڵێتی خۆیدابوو و هێشتا هی ئەو بەزرەفڕیە نەبوو، بەڵام سەرەنجام ئەوەی کەسەرکەوث، راسث نەمایی یازمان نەرمی (Plausibility) بوو. ئەوەتا ئێستا لەجیاتی شێوازی دیالێکتیک لە(مس)ی گۆڕی بۆزێر (واتە بەڵگەکاری نزمی گۆڕی-گەیشتووینەتە رادەیەک کەباوەڕمان بەدامودەزگای سسث ولەژێر هەڕەشەی تەقینەوەی زانستدا، هێناوە.

فیزو بەرزەفڕیی هیگڵ باوەڕی لەوەدا بوو، کەخواستێکی وردی

زانستی هەبوو. وەک چۆن بینیمان، شێوازی دیالێکتیک، نە لۆژیکیانەیەو نە زاستی، بەڵام تەنانەت لەوەش خراپتر، هزرو ڕێبازی هیگڵ باوەڕی بەرەهایی ((لەسەر بنەمای پێکهاتی زانستی جێگیرە)). ئەو ئەندێشەیە کەئەو رەهابوونە، تاکە واقیعیەتێکی بێهاوتاو بنەڕەتیە، بەو تەرزە بیرکردنەوەیە کۆتایی هات کەجیهانی واقیع وئەوانەیش کەتیایدا بەسەر دەبەن، بەهایەکتان نییە. هەرچی شتێک کەتاکە کەسیە، وەکو شتێک لێهات کە ((لەواقیعی ئەمردا، بوونی نییە))، بەڵکو تەنها بەشێکە لەپرۆسەیەک کەلەوە هەڵدەبڕێ و لەسەروو ئەودیوی ئەوەوەیە. تاعونەکانی سەدەی بیستەم، تاعونی سیاسی بوون وباوەڕبوون بەو ئەندێشە وێرانکەرە، باسیلی(Bacille) ئەو تاعونانە بوو.

## لەنوسینەکانی هیگڵ

هەرچیەک کەعەقڵانییە، واقیعیەو هەرچیەک کەواقیعیە عەقڵانییە.

**فەلسەفەی حەق، پێشەکی**

* * *

دەتوانین ئـەوە نیشان بدەین کەچەمکی فەلسەفە، تەنانەت لەبیرکردنەوەی رۆژانەمان بەشێوەیەک لەشێوەکان بوونی هەیە. ئێمە بەدرک و ئارەزووە راستەوخۆکانی خۆمان دەست پێدەکەین، بەڵام ئەو درک و ئارەزووانە، ئێمە رووەو ناراستەوخۆی خۆی، بەدرککردنی شتێکی گەورەتر لەخۆمان-بوونی بێ سنورو ئیرادەی بێ سنور-رێنوێنی دەکات. ئەمە هەمان ئەو رێڕەویە کەئێمە لە(دیاردەناسیی رۆح) پەیگیریمان کردووە.

**(زانستنامەی زانستە فەلسەفیەکان لەسەرجەم 3)**

* * *

کات، وەک شوێن، یەکێکە لەشێوە پەتیەکانی درکی هەستی (ادراک حسی) یان بەڵگەی (هەستی)(شهودحسی). کات، مەرجی پێویستە بۆهەرجۆرە درکێکی هەستی چالاک و راستەوخۆو هەرشتێک کەدرک دەکرێت-واتە مەرجی پێویستی هەر ئەزمون وهەرشتێکە کە تاقی دەکرێتەوە-سروشت لەکات و شوێن پێکدێت و پرۆسێسێکە. کاتێک پەنجەی جەختکردنەوە

دادەنێینە سەرلایەنی شوێن لەخەسڵەتی ئەبژیکتیڤ یان بابەتی ئاگادارین، کاتێک جەخت لەسەر لایەنە کاتیەکەی دەکەینەوە لەخەسڵەتی سوبژکتیڤ، یاخود یەکەی ئاگادار دەبینەوە. سروشت، وەک چۆن ئێمە درکی دەکەین، پرۆسێسی بێپایان و بەردەوامی وەرگـۆڕان و جێگۆڕکێکردنە. بوون و گەندەڵیی هەموو شتێک لە(کات)دا روودەدەن. شتەکان، تەنها لەکاتدا نین، بەڵکو کاتمەندیشن. کات رووێکە لەهەبوون.

**زانستنامەی زانستە فەلسەفیەکان لەسەرجەم، 201)**

* * *

هەر ئەندێشەیەکی لۆژیکی راستەقینەو راست ودروست، خاوەنی سێ رەهەندە. یەکەم، رەهەندی تەجریدی یامایەی درککردن، کەچاکبوونی هەرشتێک نیشاندەدات. دووەم، رەتکردنەوەی دیالێکتیکەکەی، کەئاشکرای دەکات ئەو شتە هیچ نییە. سێیەم، رەهەندی (سپێکولاتیڤ-Speculative)-کەدرکی(کۆنکرێت-Concrete)یە. یەکەمیان لەهەمانکاتدا هەمان شتە کەنییە. ئەو سێ رەهەندە(تەنها) هەرتەنها سێ رەهەندی لۆژیک نین، بەڵکو لەوە زیاتر توخمگەلی بنچینەیی هەرشتێک هەن کەواقیعیەت و حەقیقەتی لۆژیکیان هەیە. ئەمانە بەشێک لەهەر چەمکێکی فەلسەفین.

هەر چەمکێک، عەقڵانیە، پرسێکی دیاریکراو و(مجرد)ە کە لەبەرامبەر چەمکێکی تردا دانراوەو لەرێرەوی یەکپارچەکردن لەگەڵ دژەکەی خۆیدا دەبێتە تێگەیشتن. ئەمەیە پێناسەی دیالێکتیک

**(زانستنامەی زانستە فەلسەفیەکان لەسەرجەم ، 13)**

* * *

بەم شێوەیە، یەکەم مەرجی بەرچاو بۆدەستەبەرکردنی هەرشتێکی مەزن یان عەقڵانی، چ لەژیان و چ لەزانستدا، بریتییە لەهەبوونی سەربەخۆی

و جیاوازبوون لەرای گشتی، گومانی تیانییە رای گشتی، زوو یان درەنگ ئەو دەستاوەردە بەرەسمیەت دەناسێ و لەکاتی خۆیدا، دەیگۆڕێ بۆیەکێک لەپێشداوەرییەکانی خۆی.

**(فەلسەفەی هەق، 318 )**

❊ ❊ ❊

کۆمەڵی مەدەنی، وەک شێوەیەک لەخێزانی گشتی، بۆی هەیەو لەسەریەتی کەچاودێری لەسەر پەروەردەو فێرکردن بکات وئۆتۆرییەو کاریگەری لەسەر هەبێ، چونکە پەروەردەو فێرکردن، تواناو قابلیەت بەمنداڵ دەبەخشێ بۆئەوەی کەببێتە ئەندام لەکۆمەڵدا.

لەو بوارەدا، مافی کۆمەڵ، زۆر زۆر گرنگترە لەخواستە تایبەتی و لە گۆڕانهاتووەکانی دایک و باوکان، بەتایبەت لەو جێیەدا کەئەو پەروەردەو فێرکردنە، بەدەستی دایک و باوکان نا، بەڵکو بەدەستی کەسانی ترەوە ئەنجامدەدرێت.

**(فەلسەفەی هەق، 239)**

❊ ❊ ❊

ئێمە ئاڵمانیەکان، تەنانەت ئەگەر هیگڵ هەرگیز نەشبایە، دیسان هەر هیگڵیانە دەبووین، تا ئەو شوێنەی کەبەپێچەوانەی دانیشتوانی وڵاتانی دراوسێی میدینەرانە، بەشێوەیەکی خۆرسکانە، وەرگۆڕان وگۆڕین لەبەراورد لەگەڵ گەردوون یان بوون-بەخاوەن مانایەکی قوڵترو بەهایەکی مەزنتر دەزانین. ئێمە بەدەگمەن باوەڕمان بەپاساو و بەڵگەکاری هەیە، بۆچەمکی گەردوون یان بوون.

**(نیتچە، زانستی شادی بژاردەگۆ 357)**

❊ ❊ ❊

چۆن خوو و ڕەوشتی ئازاد، ئەگەر نەک هەرج ومەرج خوازی ئێوە، بەئێش و ئازاری ئەسیانیایی شێوە کەمن(ڕۆح) لەچوارچێوەکەدا

جێدەکەمەوە، رازی دەبێت؟

**(نامەی 167 بۆفون سینکلەر (پێش نووس)٠ ناوەڕاستی ئۆکتۆبەری 1810)**

* * *

مادام فەلسەفە دەتوانێ بانگەشەی ئەوەبکات، کەپەیوەستبوون وئارەزوویەکی ئازادو ناوابەستە-لەراستیدا تەنانەت باشترین و باڵاترین ئارەزووە، مامۆستاکەی دەبێ بەراشکاویەوە بەهەمووان رابگەیەنێ کە لە هیچ جێیەکدا مەیسەر نییە، فەلسەفە بەهایەکی ئەوتۆی هەبێ، مەگەر بۆ ژمارەیەکی کە بە پەنجەی دەست بژمێردرێن.

**(نامەی 152بۆخان گێرت، نورمبێرگ 16ی دیسامبەری 1809)**

* * *

مرۆڤ تەنها لەسنور وکەوشەنی دەوڵەتدا، خاوەنی بوونێکی عەقڵانییە. ئامانجی هەر پەروەردەو فێرکردنێک، ئەوەیە کە ئەوە دەستەبەربکات، تاک دەست لەوە هەڵبگرێ، کەتەنها هەربەشێوەی سوبژکتیڤ یاتاکەکەسی بمێنێتەوەو بوونی بابەتی، یان ئەبژکتیڤ لەدەوڵەتدا وەدەستبێنێ...ئەو گشت بوونی خۆی لەپای دەوڵەت دەزانێ...هەرجۆرە بەهاو واقیعیەتێکی رۆحی یان مۆراڵی کەئەو هەیەتی، تەنها بەرهەمی دەوڵەتە.

**(دەرسە وتارییەکان لەبواری فەلسەفەی مێژووی جیهان، پێشەکی)**

* * *

ئێمە لەمێژوو لەسەر ئەوەی هەبووەو ئەوەی هەیە رادەوەستین، بەڵام لەفەلسەفەدا بە پێچەوانەی مێژووی، نەک هەرتەنها ئەوەی پەیوەستە بەرابوردوو، یان تەنانەت بەئاییندە، بەڵکو بەوەی کەهەیە، هەم لەم (کات) ەداو هەم بۆهەمیشە، واتە لەگەڵ عەقڵدا سەروکارمان هەیە.

**(وانە وتارییەکان لەبواری فەلسەفەی مێژووی جیهان، پێشەکی)**

* * *

سیستمی ئەخلاقیی کۆمەڵگە، لەرۆحێکدا کەتیایدا لەنێوچوو، واتە لەتاک، گەیشتە ئامانج وحەقیقەتی خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێناسە حقوقیە (تاک یاکەس) جەوهەرو ئەنجامێکی هاوتای سیستمی ئەخلاقی هەیە. پرۆسەی کلتورو باوەڕی جیهانی، ئەو پرسە جیاکارییە-واتە کەسی پەتی-لەنهێنیەکەی خۆی دەخاتە و بەتەواوکردنی ئەو پرۆسێسە جیاکارییە، بەوەدەستهێنانی ئەو پەڕی ئەبستراکتەوە، نەفس یان خودبوونی رۆح، دەبێت خاوەنی جەوهەرو سەرەتا ئیرادەی گشتی و سەرەنجام دەبێتەوە بەهی خۆی.

لەو قۆناغەدا، هۆشیاری، سەرەنجام بەشێوەی گشتی، بۆتە لەخۆگری حەقیقەتێک کە مەبەستەکەی ئەوەیە، چونکە حەقیقەتی ئەوە، خودی هەمان ئەو هۆشیارییە. هەرجۆرە دژبەرییەک لەنێوان ئەو دوو لایەنە، لەنێو چووەو نەماوە، لەگەڵ ئەوەدا نەک بۆئێمە (کەتەنها گەلاڵەی گشتی ئەو پرۆسەیە دەدەینە دەستەوە)، نەک تەنها بەشێوەی ناراستەوخۆ یا نهێنی، بەڵکو بەواقیع بۆخودی هۆشیاریی خودی لەنێو چووە. بەم پێیە، هۆشیاریی خودی بەسەر ئەو ناکۆکی و دژبەریەی کەهۆشیاری، خۆی لەخۆگریەتی، زاڵبووە. ئەو ناکۆکیە، بریتییە لەململانێو مشتومڕی نێوان لێبڕاوی یان دڵنیایی خود(Self)و ئەبژەیا بابەتی ئەوەوە، بەڵام ئێستا ئەبژە یابابەتی هۆشیاری، لێبڕاوی یان دڵنیایی خودە کەبریتییە لەهۆشیاری: دروست بەهەمان شێوەی کەدڵنیایی خودخۆی، بەواتای وردی وشەوە، ئیدی ئامانجێکی بۆخۆی نییە، چیتر مەرجدارو دەستنیشانکراو نییە، بەڵکو هۆشیاریی سەرلەبەرو پەتییە.

**(دیاردەناسی رۆح، رۆح، VI )**

* * *

هزر(یان رۆح)ی جیهانی، خۆی لەهونەردا بەشێوەی دیاردەو دیمەنی خەیاڵی، لەئاییندا بەشێوەی هەست ونەست رونکردنەوەی(REPESENTAIVE)

خۆدەرخستنەوە، دەخاتەڕووەوە لەفەلسەفەدا لەپێگەوپایەی ئازادیی پەتی وسەرلەبەری ئەندێشەدا دەردەکەوێت. لەمێژووی جیهاندا، هزری جیهانی، خۆی بەشێوەی بوونی هزر لەسەرجەمبوونی دەرەکی و ناوەکیدا نیشان دەدات. مێژووی جیهان، دادگای داوەریە، چونکە لەسەرجەمبوونی رەهایدا، پرسی بەشەکی (جزئی)-واتە شێوەکانی پەرستن، کۆمەڵ و بیرورا ملليەکان بەهەموو بوونە جۆراوجۆرەکانیان-تەنها بەشێوەی نمونەیی یان ئایدیای(Ideal) ئامادەن وبزاوتی هزر لێرەدا دەرخەری دروستکردنی ئەوەیە...

مێژووی جیهان، حوکمێکی زۆرە ملێیانە، واتـە چارەنوسێکی کوێرانە کەخۆی بەشێوەی جیاکاری و ناعەقڵانی بەئەنجام دەگەیەنی نییە، بە پێچەوانە لەو رووەوە کەهزر یان رۆح، بەشێوەی نهێنی کاریگەرانە، عەقڵە(Reason)، عەقڵ لەهزردا بەشێوەی هۆشیاری بۆخۆی ئاشکرایە، مێژووی جیهان، کامڵبوون وپیگەیشتنێکی پێویستە، پێگەیشتنی ئازادی هزر، قۆناغەکانی عەقڵ و بەوپێیە هۆشیاریی خودی وئازادیی هزرە.

مێژووی هزر(یان رۆح)، چالاکیی ئەوە. هزر(یان رۆح) تەواو هەمان ئەو شتەیە کەئەنجامی دەداو کارەکەی، خۆی بابەتی هۆشیاری خۆی دروست دەکات. لەمێژوو، کاری هزر، لەخۆی لەپایەوپێگەی هزردا، هۆشیاری بەدەستدێنێ و هزر، خۆی لەشیکردنەوەی خۆی لەخۆیەتی بۆخۆیەتی درک دەکات.

ئەو درککردنە، بوون وبنەمای ئەوەو هێنانەدی ئەو درککردنە لەقۆناغێکدا، رەتکردنەوەی ئەو قۆناغەو پێشخستنیەتی بۆ قۆناغێکی باڵاترو

* * *

لەنوسینەکانی هیگڵدا، هەندێ لاپەڕەی وابەرچاو دەکەون کە لەجیهانی ئەندێشەدا هەمان کاریگەریان هەیە کەچامەکانی(مالارمێ) لەجیهانی شیعردا

هەیانە. ئەو لاپەڕانە، شتێک نین جگەلە بیانوییەک بۆ وروژاندنی(خوێنەر) و جیاوازی ناسک، یان قسەی نەستەق و گاڵتەی نارۆشنی سۆزدارانە. ئەو قسەیە لەشکۆو بەهای ئەوانە کەم ناکاتەوە، بگرە تەنانەت ئەو شکۆو بەهایەیان زیاتریش دەکات، لەگەڵ ئەوەدا دەرمانە سڕکەرە زارەکیەکان وداتاشینی دەربڕین وگوزارشتی لەشێوەی هیپنۆتیزم، نابێ وەکو حەقیقەت بەسەر ئێمەدا بسەپێندرێن.

**جیوڤانی پاپینی، بیست وچوار بیرمەند.**

* * *

کاتێک کەیەسوعیەکان (Jesuits–یاژیزوتیەکان: گرووپێک لەکڵێسای کاسۆلیک کەبایەخێکی تایبەتیان بەکاروباری تەبلیغی و پەروەردە دەدا.)

هەروەها بانگەشەکارانی مەزهەبی کاسۆلیک، بۆیەکەمجار دەست بەکاربوون تاکو کلتورو داب ونەریتی ئەوروپایی فێری سوور پێستەکان بکەن...چوونە نێو هۆزوتیرەکان وبەرنامەی رۆژانەیان بۆدانان، وەک ئەوەی ئەوانە منداڵی قوتابخانەبن.

خۆجێنشینەکان، هەرچەند کاریان هەباو نەبا، لەکاتی خۆی و بەپێی مەیسەربوون پەیڕەویان لێکردن. بانگەشەکارانی ئایینی، هەروەها عەمبارو دەبۆگەلێکیان دروستکردو سوور پێستەکانیان فێرکرد، کە چۆن سوودیان لێوەربگرن، تابتوانن پێویستیەکانی ئایندەی خۆیان دەستەبەربکەن. بانگەشەکارانی ئایینی، بەچەشنێک رەفتاریان لەگەڵ سوور پێستەکانی ژێرسەرپەرشتی خۆیان دەکرد، کەوەک بڵێی ئەوانە منداڵ بن و هەڵسوکەوتیان باشترین شێوازیان، بۆ بە شارستانیکردنی ئەوان گرتەبەر، من تەنانەت لەبیرمە کە بانگەشە کارێک کردبووی بەخوو، نیوەشەوان زەنگێک لێبدا تالەو رێیەوە، ئەرکی ژن ومێردایەتی سوور پێستەکان وەبیر ئەوان بێنێتەوە،

چونکە بەو جۆرە نەبوایە، هەرگیز وەبیریان نەدەبوو خەریکی ئەو کارەبن. ئەو یاساو ڕێسایانە لەسەرەتادا، کاریگەرییەکی (زۆر و سودمەندی) هەبوو، کە ئەوە بریتی بوو لە وروژاندن و بەئاگا هێنانەوەی پێداویستیەکانی ئەوان، ئەو پێداویستیانەی کەچاوگی هەرچەشنە چالاکییەکی مرۆڤن.

**وانە وتاریەکانی لەبواری فەلسەفەی مێژووی جیهان.**

((*خۆجیاکردنەوە: (DIFFERENTIATION): ((جیابوونەوەی بەشەکان لەئەسڵێک یان فرە ڕەنگبوون وئاڵان لەرەوتی گەشەو راهێنان، وەکو جیابوونەوەی ئەندامەکان لەدەروونی هێلکەیەکدا. گۆڕان لەسادەیی ویەکسانیەوە بۆئاڵۆزکاوی وفرەچەشنی)). (مێژووی فەلەسەفە)، (بەرگی هەفتەم: لەفیشتە تا نیتچە) فریدریک کاپلستون، وەڕگێرانی داریوشی ئاشوری، کۆمپانیای بڵاوکردنەوەی زانستی کلتوری وبڵاوکردنەوەی سروش، چاپی دووەم 1375، بەرانبەر نامەی وەرگێڕ ل 433))

**سەرچاوە:**

**-اشنای با هیگل، پۆل سترانێرن و.فارسی: مەسعود عولیا**

# هیگڵ لە دوایین بیۆگرافیایدا

هاشم ساڵح

لە عەرەبییەوە: کامیل محەمەد قەرەداغی

دەبێ لەپاش ئێستەوە ئێمە چی لەسەر (هیگڵ)ئاشکرا بکەین؟ ئایا شتێک ماوە لەسەری بووترێت؟ پسپۆری فەرەنسیی بواری هیگڵناسی(جاک دونت) لەم دووایيانەدا لە (پاریس)ی پایتەختی فەرەنسا بیۆگرافیایەکی تەواوی لەسەر ئەم فەیلەسوفە ئاڵمانییە گەورەیە بڵاوکراوەتەوە. خۆی دەڵێت ((شتی وای تێدابڵاوکردۆتەوە، کە تائێستا کەس لەسەر هیگڵ ئەوشتانەی نەزانیوە، دیارە هەموو ئەمانەشی لەڕێگەی ئەو بەڵگەنامانەوە دەستکەوتووە کە بەم دووایيانە لەسەر هیگڵ و سەردەمەکەی ئاشکراکراون.))

(دونت) ئەو قسەوباسە باوانە لەسەر (هیگڵ) بەدرۆ دەخاتەوە، کە دەڵێت (( (هیگڵ) لەسەرەتای تەمەنیدا کاسۆلیک بووە و دواییش لە کامڵبوون و پیریيدا بۆتە پارێزگار)). ئەم دەیسەلمێنێت کە (هیگڵ) تاسەر بە وەفاداری بەرامبەر بە ئەو پرەنسیپانە ماوەتەوە، کە لە قۆناغی منالّی خۆیدا هەڵیگرتوون، هەروەها بەوشێوەیەش نەبۆتە تیۆرکاری کۆنەپەرستان و دەوڵەتی برۆسیی سەرکوتکار بەوشێوەیەی کە نەیارەکانی باسی لێوەدەکەن..هەرچۆنێک بێت کتێبەکەی (جاک دونت) لەسەر(هیگڵ) شایەنی گرنگی پێدانە. چونکە ئەو تەمەنی درێژی خۆی لە گرنگیپێدانی هیگڵ و فەلسەفەکەیدا خەرج کردووە. لەماوەی سی ساڵی رابوردوودا کۆمەڵێک کتێبی لەسەر نوسیوە کە بوونەتە سەرچاوەی گرنگی ناو کتێبخانەی فەرەنسی. وەک[هیگڵ لەسەردەمی خۆیدا 1968، لەهیگڵەوە بۆ مارکس

1972، هیگڵ و فەلسەفەی هیگڵی 1982، هیگڵی نهێنی 1985، هیگڵ فەیلەسوفی زیندوی مێژوو1987].

شتێک کە لەسەر مناڵیی ( جۆرج ڤێلهلم فرێدریک هیگڵ)بیزانین ئەوەیە کە لـەسـاڵـی(1770)دا لەخێزانێکی سـادەی شـاری (شتوتگارت) لەدایکبووە. هەر لە تەمەنی منداڵییدا چەندان نەهامەتیی بینیوە، وەک ئەوەی کە ئەم دایکی زۆر خۆشویستووە، کەچی لەتەمەنی(11)ساڵیی ئەمدا دایکی مردووە. براکەی لە شەڕدا کوژراوە و خوشکەکەشی کە هیگڵ زۆر گیرۆدەی بووە، شێت بووە، پاشان هیگڵ خۆی منداڵێکی ناشەرعیی لەژنێک دەبێت، ئەو منداڵە تا هەموو تەمەنی بۆ هیگڵ هەر کێشە دەبێت، بەڵام کاری ڕیکەوت و پێویستی وا کەوتنە یەک، کە هێگڵ پێش تەمەنی (18) ساڵی، ببێت بە گەورەترین فەیلەسوفی ئاڵمانیا، وبگرە چاخی نوێش. هیگڵ لەگەڵ (هۆڵدەرلین)ی شاعیردا زۆر دۆست و نێکەڵ بوون. فەرەنسا لە دەماو دەمی ساڵی شۆڕشە گەورەکەی خۆیدا لە (1789) لەڕووی سیاسیەوە زۆر کامڵ بوو، رەوتی فەلسەفییانەی ئەوکاتەی هیگڵیش لەگەڵ رەوتی شیعرییانەی هۆڵدەرلین و مۆسیقیانەی بتهۆڤن و سیاسیانەی ناپلیۆندا ڕێک بوو، بۆیە ئەو سەردەمە کە لەشانی ئەوانەدا خۆی بینییەوە سەرسام بوو، چونکە ناپلیۆن چەند لەبواری شەڕو سیاسەتدا کارامەبوو، هیگڵیش ئەوەندە لەبواری هزرو فەلسەفەدا کارامە بوو، بۆیە ئەویش وەک هەموو خەڵکە ناوازەکانی ناو مێژوو چرکەساتی نائاساییانەی هاتنەئارای خۆی بینییەوە. ئەوەندە ئێمە لەسەر منداڵیی بیزانین ئەوەیە لە خێزانێکی پرۆتستانتیی لۆسەری لەدایکبووە. لەناو خێزانەکەیاندا ئاین ئامادەییەکی هەبووە، بۆیە هیگڵیش تا هەموو ژیانێکی پەیوەندییەکی بە مەزهەبی لۆسەریی و مۆرکی ناڕەزاییدەربڕینی ئەو مەزهەبەی بەسەرەوە دەمێنێتەوە، بەڵام کە ئەم

مەزهەبە دەبێنە بیروباوەڕێکی نەزۆکی پشتگیریکردنی فەرمانڕەوایان، ئەم دەکەوێتە ڕەخنەکردنی مەزهەبەکە، بۆیە لەلاوییدا دەکەوێتە ژێرکاریگەریی ئەو هزری رۆشنگەرییەی ئەو رۆژگارە تازە پەیدا دەبوو، ئەو خوێندکاری قوناغی دواناوەندی بوو نوسراوەکانی بیریارە رۆشنگەرەکانی وەک(رۆدۆڵف لیسنگ و کانت)ی دەخوێندەوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نەبوو، کە هیگڵ وازی لە ئاین هێنابێت، یان لەدژی وەستابێتەوە، بەڵکو زمانی فەلسەفەکەیی وا سازدا، کە لەگەڵ ئاوەزی ئەو گەلەدا بگونجێت، کە هێشتا بەڕۆشنگەری ئاشنا نەبوو بوو، لەبەرئەوە هەستیکرد کە گرفتاری دووفاقییەک هاتووە. زمانێک بەکاردەهێنێت، کە لە یەک کاتدا ئاینی و فەلسەفیشە..

که ساڵی خوێندنی دواناوەندیی کۆتایی پێدەهێنێت، داوا لە هیگڵ دەکرێت، کە وتاری ماڵئاواییکردن لە بەڕێوەبەر و مامۆستاکان بخوێنێتەوە. ئەوەش بەڵگەیی سەرکەوتوویی ئەو و متمانەداریی ئەوان بوو بە هیگڵ.

ئەو وتارەی هێگڵ لەوێدا دەیخوێنێتەوە لەژێر ناونیشانی (باری خراپی هونەر و زانستی تورکەکان)بوو، مەبەستی لە تورکەکانیش هەموو ئەوانە بووە، کە مەسیحی نەبوون. ئەو لەو وتارەکەیدا باسی لەوە کردبوو کە دەبێت ئاینەکەی ئەوانیش لەبەر ئەگەری ڕەخنەکردندا بێت، نەک هەر تەنها ئاینی خەڵکانی تر، واتە ئەو لەو قسەیەی (لیسنگ)ی فەیلەسوفی رۆشنگەری دوورتر رۆشتبوو، کە وتبووی دەکرێ هەموو ئاینەکانی تریش راست بن، نەک تەنها هەر ئاینی مەسیحی، و بەم قسەیەی لەکاتی خۆیدا ناوەندە مەسیحییەکانی تووڕەکردبوو، چونکە وایاندەزانی کە تاکە ئاینی راست، ئاینی مەسیحییە.

**بەڵام چۆن و بۆچی هیگڵ بووەتە فەیلەسوف؟**

هیگڵ خۆی بەپێی میزاج و کاتی چەند وەڵامێکی بەم پرسیارە داوەتەوە. یەکێکی ئەو وەڵامانە وەڵامێکی درێژە و لەکتێبی «فینۆمینۆلۆژیای رووح» دا هاتووە. تێیدا باسی ئەو قۆناغانە دەکات کە هۆش لەسەرەتاوە تا کۆتایی دەیبڕێت، واتە چۆن لەباری سادەیی و نەزانییەوە دەچێتە باری فەلسەفەی راستەقینەو ئەپستمۆلۆژیای ڕەها. لەم وەڵامەیدا دەبینین کە چۆن هیگڵ بەبێ هیچ ڕەخنەگرتنێک خۆی دەداتە دەستی کە لەپوری ئایدیالیستی. کەواتە پێناسەی ئایدیالیزم چییە؟ کەسی ئایدیالیستیش کێیە؟

کەسی ئایدیالیست کەسێکی میتافیزیاییە، کە نەک هەر جیهان ئاوێنە دەکاتەوە، بەڵکو لەوکاتەدا کە خۆی دەئافرێنێ، جیهانیش دەئافرێنێتەوە.

کەسی ئایدیالیستی کەسێکە تا ئەوپەڕی سنورەکان گرنگی بە بیر دەدات، ئەو بیر بە گرنگتر لە هەر راستییەکی مادییانەی بەرهەست بە گرنگتر دادەنێت. ئەم بۆچوونانە لەکتێبێکی هیگڵدا ئامادەییان هەیە، کە لە گەنجیی خۆیدا نوسیویەتی و لەوانەشە لەنوسینیدا (هۆڵدەرلین و شیلینگ)ی هاوڕێی هاوکارییان کردبێت..

لەڕاستیدا ئایدیالیزمیەکەی (هیگڵ) شتێکی نایاب و باڵابوو. لەبەرئەوە قوتابیەکانی لە زانکۆکانی(ینیا) و (هایدلبێرگ)یان (بەرلین) زۆر گوێڕایەڵانە کوێیان بۆ شلدەکرد. کە لەساڵی(1818)دا یەکەم وانەی خۆی لە زانکۆی:بەرلین: وتەوە هۆڵەکەی لەرزاند، جەماوەرەکەی هەڵبڕی.

ئـەو رۆژگـــارەی هیگڵی تێداژیاوە رۆژگارێکی سەخت بـووە. دەسەڵاتی کۆلاکی هەر لە هەڕەتی خۆیدا بوو، دەمارگیریی ئاینی باوبوو. ئاڵمانیاش وڵاتێکی پارچەپارچەکراو بوو و بەدوای یەکگرتنەوەدا وێڵ بوو، ئەو سەردەمە میری ئەو هەرێمەی هیگڵی تێدا لەدایک بووبوو هەموو

خراپیە دزێوەکانی لەخۆیدا کۆکردبووەوە، ئەگەرچی وڵاتێکی لۆسەرییانەی بەڕێوەدەبرد، کابرایەکی دەسەڵاتخوازی زیانەخرۆی ئارەزووبازبوو، بە بەدڕەوشتی بەناوبانگ بوو، ئەو لەناو کۆشکەکانیدا ئاهەنگی سەمای ڕێکدەخست و فەرمانبەرەکانیشی ناچاردەکرد، کە کچ و ژنەکانی خۆیان بۆ ئەو ئاهەنگی سەمایانە بەرن. ئەمجا بە ئارەزووی خۆی کەسانێکی لەو کچ و ژنانە بۆ خۆی هەڵدەبژارد، کەسێکیش بە فەرمانی قایل نەبووایە، بەبێ لێپرسینەوە زیندانی دەکرا.

بەکورتی و بەکورتی ئاڵمانیای ئەو سەردەمە ئاڵمانیایەکی کۆلاکی چاخەکانی ناوەڕاست بوو، بۆیە کە شۆڕشی فەرەنسە ڕوویدا (هیگڵ) لە خۆشییاندا شاگەشکە بوو.

هیگڵ کە لە خوێندنی ئامادەیی سەرکەوتوو دەبێت کورسییەکی خوێندنی لاهوت لە زانکۆی(توبنگین) بەدەستدەهێنێت. لەو زانکۆیەدا بە هاوەڵیی(هۆڵدەرلین و شیلینگ) پێنج ساڵ بەسەردەبات، ئەو پێنج ساڵە ئەم سیانە هەندێجار لە ژورێکدا بەیەکەوە ژیاون. دواییش بوون بە مایەی سەروەریی ئاڵمانیا، بەڵام ئەوەش مایەی سەرسوڕمانە، کە چۆن هیگڵێک چۆتە زانکۆ بۆئەوەی لاهوت بخوێنێت، کەچی دووایی بووەتە فەیلەسوف!

بەڵێ ! هیگڵ و شیلنگ و هۆڵدەرلین لەڕاستیدا وا ئاراستە کرابوون کە ببن بە پیاوی ئاینی، کەچی لە قاپوتی ئاین چوونەدەرەوە، لە هزر و شیعردا جوانترین داهێنانیان پێشکەش کرد.

* ئەم بابەتە پوختەی باسێکی (هاشم ساڵح)ە بە عەرەبی لەسەر ماڵپەڕی (ڕەزگەر) بڵاوبۆتەوە. هەندێکی بڕگەکانیم (بە وێنەکەشەوە)لە

**سەرچاوە:**

ئینسایکلۆپیدیای (ئینکارتا)وە وەرگرتووە.

# پایەی هیگڵ لە فەلسەفەدا

لئو راوچ
لەفارسییەوە: سەرهەنگ عبدولڕەحمان

**ژیان وبەرهەمەکانی هیگڵ:**

لێرەدا شتێکی باشە کەجۆرج ویلهلم فریدریش هیگڵ بناسێنن.ئەو لە 1770/٨/٢٧ لە شتوتگارت لەباشوری ئاڵمانیا هاتۆتە دنیاوە. باوکی کارمەندی دەوڵەت بوو. هیگڵ چۆتە قوتابخانەی زێدی خۆی، بەڵام نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، لە ساڵانی 1788 تا 1793دا لەزانکۆی توبینگن خوێندویەتی، لێرەشدا نەیتوانی قۆناغەکانی خوێندنی بەسەرکەوتویی ببڕێت.

هیگڵ کەسێکی توندوتۆڵ وجێگرو پایەداربوو، لەسەراپای ژیانیشیدا هەربەو جۆرە مایەوە. ئەم تەبیعەتەشی لەو زەمەنەدا جیاواز بوو لەکەسێتی دووان لەهاورێکانی، ئەوانیش شلینگی فەیلەسوف کەکەسێکی هۆشیارو لەڕووی ئەدەبییەوە درەوشاوە بوو، هۆڵدرینی شاعیریش کەکەسێکی سەیروپەشێو وشپرزەبوو،پاشان شێت بوو.

***کاریگەری((خەڵکانی تر))لەسەر هیگڵ:**

-هیگڵ لەگەڵ ئەم دوو هاوڕێ وهاوپۆلەی خۆیدا، زۆربەی دەقە ئەدەبیەکانی یۆنانیان خوێندەوە، بەتوندی کەوتە ژێرکاریگەری شانۆی((ئەنتیگۆنە))ی سۆفۆکلیس و تەنانەت لەدواتەمەنی ژیانی خۆیدا لەبارەی ئەم بەرهەمە کۆمەڵێک وتاریدا. لەم ڕووەوە دەتوانرێ بوترێ یەکێک لەگرنگترین کاریگەرییەکان لەسەر هیگڵ، خوێندنەوەی ئەدەبیاتی یۆنان و بەتایبەت فەلسەفەی یۆنانی بووە.

هەروەها لەم رۆژگارەدا شۆڕشی فەرەنسا ڕوویداو شلینگ وهیگڵ وهۆڵدرین بەجۆرێکی قوڵ چوونە ژێر کاریگەرییەوە. ئەم سێ هاوڕێیە پێکەوە بەرهەمی((رۆسۆ))ی فەیلەسوفیان خوێندەوە کە لەنوسینەکانیدا بەرهەمی بەهێز هەبوو لەسەر شۆڕشی فەرەنسا. ئایدیای ڕۆسۆ لەبارەی خەڵکی لەپایەی((وجودی بەکۆمەڵ))داکە((تاک)) دەبێت خۆی لەوێدا بتوێنێتەوە، ئایدیایەکی نوێ بوو. ئەم ئایدیایە نوێیە بوو، کەدەبوایە تا دوا نوسینەکانی لەگەڵیدا بمێنێتەوە. ئەو بۆرێکخستنی فەلسەفەکەی کاتێکی زۆری سەرف کردو یەکێک لە بەڵگەکانی رەخسان و گونجانی گشتی فەلسەفەکەی ئەمەیە. کاری ئەو بەقۆناغ دەردەکەوێت، هەربۆیە دەتوانین لەشەش قۆناغدا لەژیانی داهێنەرانەی هیگڵ بڕوانین:-

**1- ساڵانی1793تا1800:**

لە(23)تا(30)ساڵی هیگڵ کاری جیاجیا دەکات، لەوانە مامۆستای ماڵان لەبێرن ((سویسرا))و فرانکفۆرت ((ئاڵمانیا)). لەم ماوەیەدا بەرهەمەکانی سپینوزا وکانت دەخوێنێتەوە.

سپینوزا سیستەم سازییەکی گەورە بوو کەلەسەری بوو فەلسەفەیەک لەبارەی خودا، جیهان ومرۆڤ بنوسێ. سیستەمی فەلسەفی ئەو بەگشتی بەشێوەیەکی نەفەسگر دروست بووە وخەریک بووەو سانایەپێشبینی بکەین، کەچۆن هیگڵ پاش ماوەیەکی زۆر دەبێتە گەورەترین سیستەمساز، چونکە چووە ژێر کاریگەری بەرهەمەکانی سپینۆزاوە. کاریگەری کانت لەسەر هیگڵ لەهەموو کاریگەرییەکانی تر گەورەتر بوو ئەو گرفتانەی کە کانتی بۆ فەلسەفەکانی ئایندە جڵەوکێش کرد. فیختەوشلینگ کەهیگڵ بەرهەمەکانیانی لەم سەردەمەدا دەخوێندەوە، هەندێ لەپرسەکانیان پابەندی کردبوون.

شلینگ پێنج ساڵ لەهیگڵ گەنجتر بوو، بەڵام ئەم خەسڵەتەی شلینگی رۆمانتیزمە، کەهەستی دەکرد هەرئێستا فەلسەفەیەکی هەیە کەدەبێت بەجیهاندا بڵاوی بکاتەوە، بەڵام هیگڵ پێویستی بەزەمەنی زیاتر هەبوو.

لەهەمووی باڵاتر، ئەم سەردەمە لەژیانی هیگڵ دا بەتایبەتی بیرکردنەوەی لەبارەی ماهیەتی ئاین بـوو. ئەو((سەردەمی نـوێ))ی بەدەقیقەوە خوێندەوە. لەکۆمەڵە پەیامێکدا کەلەم سەردەمەدا نوسیوییەتی ((ئێستا بەناونیشانی یەکەم بەرهەمە تیۆلۆژیکیەکانی هیگڵ کۆکراوەتەوە)) ئایدیاکەی بەشێوەیەکی گۆشراو ڕێکدەخات، کە لە دواتردا بۆئەو دەبێتە شتێکی گرنگ.ئەو بەوردبوونەوە لەپەیوەندی فەلسەفەو خوداناسی فەلسەفی ئەنجامی گرت، کەئەم دووانە لەواقیعدا یەک بابەتیان هەیە. جگەلەوەی کەفەلسەفە ئەوە بەعەقڵانی هەروەکو سەرجەمی جیهان، واتە((رەها)) دەخاتەڕوو. ئاین ئەو بەچەشنی وێنەیی نمایش دەکات:-چەمکی گشتی جیهان، یان بێسنور کەئێستا لەتاکە کەسێتیدا، واتە خودا بەرجەستە بووە. هیگڵ دوای چەندین ساڵ ئاشکرای کرد کەهەوڵدان لەدەرخستنی یەک فەردی، خودا هەروەکو بێ سنور، لەڕاستیدا خۆی لەخۆیدا کەموکوڕی هەیە، چونکە خودا بۆئەوەی تاک وتەنیابێ دەبێ سنوردار وجێگیربێت. بۆنمونە:-بۆئەوەی کەمن((عمرو))بم، پێویستە((زید))نەبم. کۆمەڵە هەوڵێک هەیە بەتایبەت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەوگومانانەی کە دروستدەبن، کەئاین ناتوانێ ئەوانە لەشوێنی خۆیدا چارەسەربکات. ئەم کتێبانە تەنیا دەتوانرێ لەفەلسەفەدا چارەسەر وفەصڵ بکرێ، ئەو شوێنەی کەرەهایی ئیتر لەپلەی شەخس دا وێناناکرێ، بەڵکو هەروەک بێ سنور بەرجەستەدەبێ.

**2- ساڵانی 1801تا1806:**

هیگڵ لەزانکۆی ((ێنا))لەخۆرهەڵاتی ئاڵمانیا فەلسەفە فێربوو لەساڵی 1805یەکجاری بووە مامۆستا، لەساڵی 1801 تا 1803 لەگەڵ شلینگ دا((بڵاوکراوەی ڕەخنەی فەلسەفە))ی سەرپەرشتی و چاپکرد، بەڵام بەزوویی لە شلینگ جیابۆوە، چونکە شلینگ بەو جۆرە بیری نەدەکردەوە کەهیگڵ بیری دەکردەوە. شلینگ نزیک بوو لەبزوتنەوەی ڕۆمانتیزمەوە، هیگڵ-یش ڕوانگەی ڕەخنە وعەقڵانی تری دەخواست، لە ساڵی1806دا ناپلیۆن هێرشی برد بۆ((ێنا))وکۆتایی بەهەموو چالاکیەکانی زانکۆیی هێنا.

لەبارەی هیگڵەوە بەسەرهاتێکی گومانکراو لەبەردەستە کەستایشی ناپلیۆنی لەپلەی((مێژوو، سواری سەر ئەسپ))کردووە، بەڵام ئەگەری ئەم چیرۆکە زۆرنییە.

**3- ساڵانی 1807تا1808:**

لەم ڕۆژگارەدا زانکۆ پشووبوو، هیگڵ بێپارە بوو، بووە سەرنوسەری ڕۆژنامەیەک.لەم سەردەمەدا بوو کە یەکەم پەرتوکی خۆی چاپکرد.((دیاردە ناسی دەروون 1807))ئەمە پەرتوکێکە لێوڕێژ لەدیدو ئێڕامانی سەیروغەریب وئایدیای زۆر پێکەنیناوی وبەهەمان ئەندازە قوڵ و پڕشەوق، بەڵام هەموو ئەوانە بەزمانێکی زۆر دژوار نوسراوە، کە خوێندنەوەی ئەمەنێکی دەوێ.

**4- ساڵانی 1808تا1816:**

هیگڵ لەنۆرمبێرگ بووە بەڕێوەبەری ئامادەیی. لەساڵی 1812 تا 1816پەرتوکی دوو بەرگی((زانستی لۆژیک))بەرهەمێکی زۆر دژوارو وەرگێڕاوی تری خۆی چاپکرد.

### 5- ساڵانی 1816 تا 1818:

هیگڵ ناوبانگی درکردو پێشنیاری سێ پیشەی بۆکرا، ئەو بووە مامۆستای زانکۆ بڕواپێکراوی هایدلێبرگ. لەبارەی کۆمەڵە بابەتێکی ترەوە، لەبارەی جوانناسی، وانە فەلسەفەی هونەر وانەی دەوتەوە. ئەمەش تەنیا ئەو کەسە دەیتوانی بەباشی بەکارێکی واڕاپەڕێ کە وەکو ئەو بخوێنێتەوە و زۆر سەرگەم بێ بەبواری ڕۆشنبیرییەوە. لەساڵی 1817دا سێیەمین پەرتوکی خۆی((فەرهەنگنامەی زانستی فەلسەفی)) بە چاپ گەیاند.ئەم بەرهەمە نمایشی تەواوی تاک سیستەمی بوونی فەلسەفەی ئەوە لەبارەی جیهان، کەبەوهۆیەوە هیگڵ نمونەی تاک و وێکچووی بونیادی شاراوە لەئەندێشە،سروشت وفەرهەنگی مرۆیی بەیان دەکات.

### 6- ساڵانی1818 تا 1831:

لەم رۆژگارەدا ناوبانگی هیگڵ بەجێگایەک گەیشت، کەبووە ((پاشای هزری ئەوروپا))لەزانکۆی بەرلین وانەی دەوتەوەو گوێگرەکانی بەفێرکردنە زۆرو توانا سەرسوڕهێنەرەکانی خۆی سەرسام دەکرد، کە زانیاری زۆرو هۆشیاری بینین ئامێزی پێویستە، تا کەسێک توانای هەبێ بۆنمونە چەندین سەعات لەبارەی وێکچوونەکانی پێکهاتەی ئۆپێرای دون ژوان مۆزارت وبینای پارتنۆن ((پەرستگەی کۆنی میللەتی دوری DORIC ))لەئاتن وانە بڵێتەوە. ئەمەش تەنها لەدەست هیگڵ دەهات. زانیارییەکانی لەبارەی ڕشتە فراوانەکانی فەرهەنگ و مێژوو زیاد لەوانی تربوو. لەوە گرنگتر ئەوەبوو، کە ئەو هەرچۆنێک بێت دەیتوانی ئەو ڕشتانە بەئاشکراکردنی نمونە گەلی شاراوەو دوبارە بەرجەستەکراوی کەهەمیشە لەکاردان مانا ببەخشێ. هیگڵ لەساڵی 1821دا چوارەمین پەرتوکی خۆی((فەلسەفەی

حەق))ی بە چاپگەیاند کەکاریگەرییەکی بەهێزی هەبوو لەسەر مێژووی ئەوروپا.

هیگڵ بەهۆی نەخۆشی کولێراوە لە14ی نۆڤەمبەری1831دا مرد. ئەمە نیشانەیەکە لە ئەلاری وردی وانەوتنەوەکانی ئەو، هەروەها ئەو ڕێزە زۆرەی کەهەیبوو کە قوتابیەکانی توانیان یاداشتەکانی خۆیان لەوانەکانی ئـەودا کۆبکەنەوەو چـوار پەرتوک لـەدوای مردنی ئەو بەناونیشانی بەرهەمەکانی هیگڵ بەچاپ بگەیەنن. فەلسەفەی ئاین((لەسێ بەرگ))، فەلسەفەی هونەر((لەچوار بەرگ دا))، مێژووی فەلسەفە((سێ بەرگ))و فەلسەفەی مێژوو((لەیەک بەرگ دا)). فەلسەفەی مێژوو گەرچی لەڕۆژگاری ژیانی هیگڵ دا چاپ نەکرا، بەڵام یەکێک لەگرنگترین بەرهەمەکانیەتی و بەشێوەیەکی بەرفراوان توێژینەوەی لەسەر کراوە.

گیروگرفتی ناسین:- یەکێک لـەدژوارتـریـن ئـەو گرفتانەی کەفەیلەسوفەکان هەمیشە ناچاربوون دەست وپەنجەی لەگەڵدا نەرم بکەن، گرفتی بەناوبانگی((ناسین))ە. ئەگەر ئەم گرفتە، گرفتێکی زۆر زەحمەت بووە، دەشێ بەوهۆیەوەبێت کەبیریاران مەیلیان وابوە بەدروستکردنی گرفتی تاک وتەنیا سادەی بکەنەوە، بێگومان گرفتی((ناسین))هەڵگرەوەی گرفت وکێشەی زۆرە وهیچ جۆرە سادەکردنەوەیەکیش ڕونتری ناکاتەوە.

ئێمە دەتوانین ئەم گرفتە بۆخود بەوشێوەیە وێنابکەین:-باوای دابنێین داوایان لێکردوین سەعاتێک لەپشت مێزەکەی خۆمانەوە دابنیشین و گرفتەکانی ژیان چارەسەربکەین. بەفەرزی ئەوەی کەئێمە دەتوانین بەوە وردی پلەبەندی بکەین، گومانێکی بەدەگ ئامێزە، کەتەنانەت لەدوای چەندین سەعات بیرکردنەوەی سەخت، هیچ وەڵامێکی سادە بەدەست نەهێنین. ئەگەر گرفتی ژیان وەڵامی سادەی دەوێ، دەتوانین دیاری بکەین

ئەم گرفتە لە چوارچێوەی پرسە لاوەکیەکاندایە، کەیەکەم دەبێت وەڵام بدرێتەوە، پێش ئەوەی بەگرفتە گەورەکانەوە خەریک بین. ئەم پرسە لاوەکیانەوە دەبوایە لەبارەی پەیوەندی مرۆڤەکان بەیەکترەوە، بەخۆیان، لەژینگەی سروشتی، تەنانەت دەشێ لەبارەی پەیوەندییان بەخوداوەبێ. هەموو ئەم بابەتە((لاوەکیانە))دەبوایە بەشێک بن لەگرفتەکانی ژیان.

**چۆن گرفتی هەمیشەیی خود پەرەدەستێنێ:**

دەبینین کەچۆن گرفتی ژیان((بۆنمونە))ئێمە بەبابەتە((لاوەکیەکان)) پەلکێش دەکات کەبۆخۆیان چارەسەر دەبن. پێش ئەوەی کەئێمە بەگرفتی((گەورەتر))ەوە خەریک بین. هەرچۆنێک بێت هەرئەوەی کەبەم بابەتە لاوەکیانەوە خەریک دەبین بەپەلە دەکشێن بۆفێرگەی کۆمەڵناسی، دەروونناسی، فیزیا، خوداناسی فەلسەفی و خێرا ئێدەگەین گرفتی ژیان چەند شڵەژاو و پەشۆکاوە، چونکە گفتوگۆ لەبارەی ئەم بابەتە لاوەکیانە بەهیچ شێوەیەک ئاسان نییە ئیتر چۆن ئەوانە چارەسەر بکەین، ئەگەر بڕیاربوو ئەوە بکەین و دوا وتە لەبارەی هەریەک لەم زانستانە بڵێین((بۆنمونە وای دابنێ ڕێگەچارەی کۆتایی دەروونناسی بدۆزینەوە!)) هێشتا نەمانتوانیوە ناڕازی بین گرفتی گەورەتری ژیان وەڵام بدەینەوە، چونکە لەم بوارەدا هەمیشە بابەتە فراوان و لایەنەکانی تر دەبنە پێشنیارو تازە گرفتی هەماهەنگ دروستکردنی ئەم زانستە جیاوازانەش دەمێنێتەوە.

**تێڕوانینی هیگڵ لەم بارەیەوە چییە؟**

زانیمان کەئەم گرفتانە دەتوانن ئاڵۆزی دروستبکەن، تەنانەت پێش ئەوەی کەبەدەرهێنانی ئەم بابەتە لاوەکیانە لەئێوەرەی گەورەترو یەکتایی.

بەگرفتی گەورەتری ژیان دەست و پەنجەی نەرم بکەین. وای دابنێ کە لە زانستی توێژینەوەدا دەمانەوێ لەهەریەک لەم فێرگانە(بۆنمونە لەسەرەتادا لەکۆمەڵناسی، دەروونناسی، فیزیا و خوداناسی فەلسەفە) پلەی دکتۆرا وەربگرین. چ بەڵگەیەکی زانکۆیی، کام زانستی پەیمانگایی و زانستی هەیە کە ئەو توانایەی هەبێ، هەموو ئەم زانستانە بەجۆرێکی مانادار هاوئاهەنگ بکات؟ لەوانەیە هیچ کەسێک تەنانەت لەبارەی تاقیکردنەوە زۆر پرۆژەیی بیرنەکاتەوە، جگەلە نەفامی زۆرداران یاقوتابی لەکاتی خوێندن دا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، ئەوەی هیگڵ دەی کرۆژێ، بەدیاریکراوی هەمان دیدی کۆگەی بەشکۆیە. ئەمڕۆ کە ئێمە بەهەرکەسێک کەبیەوێ بەم شێوە دەست و پێ سپییە لەگرفتێکی لەو جۆرە بدوێ، یان خەریک بێ پێدەکەنین. دەڵێن ئەو نەک تەنیا ساویلکەیە، بەڵکو گریمانە لە چەند بابەتێەکدا بەپلەیەکی زۆر زیادەرەوی سادە دەسازێنێ، کە لەهەوڵدان بۆ ڕونکردنەوەیان بەجێگەیەک دەگات کەبڵێی بابەتی لەو جۆرە هەرنییە.

لەگەڵ ئەوەشدا هیگڵ بەهیچ شێوەیەک سادەنییە، تەنانەت بەهەموو پێوانەکانمان ئەو دەبێت بەیەکێک لەپەرتوک خوێنەرەوەترین و ئاگاترین مرۆڤ بزانین. هەربەو هۆیەوەش بەرهەمەکانی هیگڵ هێشتا شایستەی خوێندنەوەن. ئەو دەتوانێ زیاتر لەوەی کە دەیزانێ یەکلابکاتەوە. ئەو زۆر شت دەزانێ.

### هیگڵ و تاکگەرایی:

ئەم شێوازەی هیگڵە لەبواری بەمانابەخشینی دنیا، ئەو دنیا بەبینینی نمونەی تاکگەرایی کەلەهەموو وردەکاریەکانی، لەهەموو دیمەنێ ئەو لەکاردایە یەکێنادەکات. ئەم کارە توانا بەو دەدات، کە هاوشێوە پێکهاتەکان

لەهەموو لایەنەکانی دنیا لەتوێکاری جەستەوە تا گیانەوەرناسی ولەهونەرەوە بگرە تائایینی زەردەشت بدۆزێتەوە. هیگڵ بەتایبەت دانەری فەرهەنگنامەو کۆگە نییە، کەهەوڵبدات هەرئەندازەیەک مومکینە زیاتر بزانێ. جیهان ئەو کاتە لەلای هیگڵ مانای هەیە کە لەشێوەی کۆمەڵگەیەک دا بەرجەستەبێ ((حەقیقەت شتێکی سەرتاپاگیرە))ئەمەیە ئەوەی کەهیگڵ دەیڵێ. هیچ دیمەنێ کە بەتەنیاو بۆخودبێ مانادارنییە، ئەگەر ئێمە بۆنمونە تەنیا جەستەناس بووین وشتێکی ترنا، ناتوانین لەبارەی ژیان قشێوازەین. وێڕای ئەمە هیگڵ بیرمەندێکە کە هەوڵدەدات هەموو جیهان هەروەکو سیستەمی تاکگەرایی ببینێ. ئەو هەروەکو ئەرەستۆ (322–382پ. ز)وسن تۆماس ئەکویناس، دوا فەیلەسوفە لەسیستەمی ڕێکخراوی گەورە.

ئەو لەکاری خۆیدا بە فەراهەمهێنانی هەموو بابەتەکان لەمانای تاکگەراییدا، ئازایەتی دەروونـی خرۆشاوی خود دەخاتەڕوو، بونیادی ڕێکخراوی یەکتایی دەکـرۆژێ تا بەهۆی هەموو ئەو لایەنەوجودیانەی مرۆیی:–ئاین، هونەر، فەلسەفە، سیاسەت، دەروونناسی، فیزیاو خودی مێژوو ڕوون بکاتەوە. بۆ درکپێکردنی ئەم جورئەتە ئێمە تەنیا پێویستمان بەوەیە هەوڵبدەین بۆ بوارە ئاکییەکان کەلەوەدا دەتوانین لەهەموو ئەو زانستانەدا بەشێوەیەکی عەقڵانی بدوێین. ڕووبەڕووبینەوە! ئەگەر زۆرە ئێمە ناچاری گرفتی زۆر سادەبین. هیگڵ هەرچۆنێک بێت هەوڵیدا وجودی مرۆیی و جیهان لەهەمە چەشنی و جۆراوجۆری ئەوانە، لەهەمان زەمەن لە ((گروپ)) بە یەکتایی ببینێ.

**چۆن گرفتی ناسین دروست دەبێ؟**

وەرن یەکێک لـەو گرفتە لاوەکیانە لەنمونەی گرفتی مێژوو بخوێنینەوە. لەوەی کەئێمە زانستی((ئاگەرایی بوون))ئاوتوێدەکەین. دەبێت لەخۆمان بپرسین: ئایا لەئێکڕادا مێژووی زانست هەیە یان نییە؟ بەڵام پێش ئەوەی بتوانین وەڵامی ئەم پرسە بدەینەوە دەبێت هەوڵبدەین دیاریبکەین کەمەبەستی ئێمەلە((زانست)) چیە؟

ئەگەر بیرلەزاراوەکانی((زانست))لەبارەی زانستی ئاقیگە وەکو فیزیاو کیمیا بکەینەوە. دەبینین کەئەم زانستە لایەنی هاوبەشی دیاریکراویان هەیە، ناسینیان دەتوانرێ بەکۆمەڵێ ئەزمونی دوبارە بسەلمێنرێت. من دەتوانم کلۆراتی پۆتاسیۆم بەئەسیدی سولفوریک لەهەرکاتێک دابێ ئاوێتە بکەم و بەو مەرجەی کەخۆم وئاقیگەکەم نەتەقینەوە، دەتوانم کۆمەڵە ئاقیکردنەوەیەکی زۆر بەڕادەیەکی باش ئەنجام بدەم، کەبتوانم پێشبینی ئەنجامەکەی بکەم، کەوایە توانای پێشبینی لایەنێکی گرنگی تری زانستە.

ئێستا ئەگەر دوبارەکردنەوەو توانای پێشبینیکردن تائەم ئەندازەیە بەتایبەتمەندی زانست دانراوە، ئایا دەتوانرێ بوترێ بەشێوەیەکی ڕەها خودی هەموو زانستە؟ ئایا دەتوانرێ بوترێ جگەلەوەی دەتوانین خوێندنەوە دوبارە بکەینەوەو دەست بدەینە پێشبینی زانستێ، کە لەبەردەستماندا نەبێ؟ ئەگەر وابڵێین ئەو کاتە ئایا مێژوو زانستە؟ ئێمە ناتوانین کەداوا لە ناپلیۆن بکەین شەڕی واترلۆ دوبارە بکاتەوە، وەکو ئەوەی کەبڵێی فیلمێکی سینەمایی ئیش بکات. لەمێژوودا ڕوودانـی ڕووداوێـک بۆ یەکەم جار وەکو ڕوودانی دوبارەی ئەونییە، چونکە مرۆڤ خاوەنی زاکیرەیەو ئێمە دەبێ گومان بەرین کەنایەوێ شکستەکانی خۆی دوبارە بکاتەوە. لەبارەی ئەوەی کەئێمە ناتوانین لەبارەی خوێندنەوەی خۆمان لەزانستی مێژوودا

دوبارەبکەینەوە، ئایا بەم شێوازە دەتوانین پشتگویی بکەین کەئاینده چۆن دەبێ؟

کەوایە دەشێ بەرلەوەی کەمێژوو پەلکێش بکەین بۆ دادگاو ئەو بەهوها لەگروپی زانستی بکەینەدەر. بەزەحمەتی بزانین کەلەواقیعدا زانست چیە؟ ئەوەی کەپێویستی ئێمەیە، پێناسەیەکە بەرفراوانتر لەدوبارەبوونەوەو وەرگرتنی توانای پێشبینیکردن لەبارەی زانست، واتە ئێمە دەبێ دیدێکی نوێ لەخودی((ناسین))بخەینەکار. ئاشکرایە کەئێمە ناتوانین زیادلەوە بزانین کە دوبارە گرو پێشبینیگرە. ئەوەی پێویستە بپرسین ئەمەیە کە((ئەو شتە چییە کەئێمە دەتوانین بیناسین؟)).

**سەرچاوە:**

-فلسەفە هیگڵ-لئوراوچ-ترمجان عبدالعلی دست غیب

نشر پرسش-چاپ اول 1382

# هیگڵ و ڕۆشنگەری

**هاشم ساڵح**

**لەعەرەبییەوە: کامیل محەمەد قەرەداغی**

هیگڵیش وەک زۆری فەیلەسوفەکانی سەردەمی خۆی بەقۆناغی ڕۆشنگەریدا تێپەڕیووە، چونکە لەوکاتەدا نەدەکرا بیریارێکی ڕاستەقینە لەئارادابێت و لەچرکەساتێک لە چرکەساتەکانی ژیانی خۆیدا، ڕووبەڕووی بابەتی ئاین نەبووبێتەوە، بەڵکو بگرە بابەتی پەیوەندی لەگەڵ ئاینی مەسیحی، یان باشتروایە بڵێین لەگەڵ وێناکردنەکەی باوەکەی ئەو ئاینەدا جـاران بابەتێکی گرنگی لـەلای فەلسەفەو فەیلەسوفەکان پێکهێناوە. هەرکەسێک بەناخی هزری ئەوروپاییانەدا ڕۆچووبێت و ئاگاداری پەرەسەندنە مێژوویەکەی بوبێ ئەو ڕاستییە باش دەزانێت، بەڵام ئێستە لە ئەوروپا ڕەوشەکە بەڕادەیەک گۆڕاوە، کە لەوانەیە فەیلەسوفەکانیان هەموو ژیانیان لە توێژینەوەو بیرکردنەوەدا بەسەربەرن، بەبێ ئەوەی وشەیەک لەسەر بابەتی ئاین بڵێن. ئێستا ئایین ئەمان وەک پێشینەکانی سەدەیەک، یان دووسەدە پێش خۆیان سەرقاڵ ناکات، چونکە بابەتی ئایین شتێکە لێبۆتەوە. هەموو بابەتەکەش بەبێ کەم و زۆر هەرئەوەیە و تەواو.

لەڕاستیشدا فەلسەفە، هـەروەک (هیگڵ) خۆی دەیـوت: زادەی سەردەمەکەی خۆیەتی، بۆیە دەبێ ئەو بیرۆکە زۆرباوە لە زەینی خۆماندا لابەرین، کە لە هەندێکی ناوەندەکاندا هەیە و دەڵێ ئەو شتانەی فەیلەسوف دەیانڵێت قسەگەلێکی موجەڕەدی گشتین، لەوە تێدەپەڕن کە سەر بەچاخێک یان سەردەمێک، یان کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوبن. ئەم جۆرە فەلسەفەلێدانە،

ئەگەر مابێتیش کەس قایل ناکات. ئەو فەیلەسوفەی کە کێشە بنەڕەتییە وروژێنراوەکانی سەردەمی خۆی چارەسەرنەکات، کە کۆمەڵگەکەیی پێوە نیگەرانە، ئەوە نە فەیلەسوفە و نە شایەنی ئەو ناوەشە. هەرچۆنێک بێت (هیگڵ) لەساڵی (1795)دا ، ئەوکاتە کە تەمەنی (25)ساڵ بووە، ڕووبەڕووی بابەتی ئاین بووەتەوە و کتێبی»ژیانی یەسوع»ی نوسیوە. لەم کتێبەیدا کە نەیوێراوە یەکسەر بڵاوی بکاتەوە تێبینی دەکەین، کە وێنەیەکی «مێژوویی–ئاوەزکاری» لەسەر دامەزرێنەری مەسیحیەت پێشکەشدەکات. »مەسیح» بەو شێوەیەی کە هیگڵ لێینێدەگات، پتر لەوەی کە کەسێنییەکی سەروو ئاسایی و سەروومێژوویی بێت، لەسەر شێوازی «کانتی» وەک مامۆستایەکی ئاکاری دێنە پێشچاو.

بۆیە ئیتر: یەسوع: نە موعجیزە دەخولقێنێت «وەک ئەوەی کە کتێبە تەقلیدییەکان وێنامان بۆدەکەن»، نە نهێنییەکیش ماوە لەبارەی ئەو نەزانرابێت، بەڵکو ئەویش کەسێک بووە وەک هەر کام لە فەیلەسوفەکانی رۆشنگەری، لەوانەیە برێک باشتر خەڵکی فێری ئازادیی ناوەکی و کەرامەتی مرۆیی کردووە. بەساڵێک پاش ئەوە «هیگڵ»کتێبێکی تری گرنگی لەسەر ئاین دەرکرد، ئەویش کتێبی» دۆگمایی ئاینی مەسیحی»یە. لەم کتێبەدا کە ئەمیش لەژیانی هیگڵدا بڵاونەکراوەتەوە تاوتوێی ئەو بیروباوەڕە مەسیحییانە دەکات کە ڤۆڵتێر ڕەخنەی کـردوون، بەڵام ئەم پەیڕەوێکی جیاواز لە پەیڕەوەکەی ڤۆڵتێر دەگرێتەبەر. پەیڕەوەکەی هیگڵ پەیڕەوێکی ناوەکییە پتر لەوەی کە پەیڕەوێکی دەرەکی بێت، چونکە ڤۆڵتێر لەپێگەیەکی دژایەتیی دەرەوەی ئاینەکەوە رەخنەی»ئەرسەزۆکسیی مەسیحیی–واتە ئسولیەت»ی دەکرد، هەرچی هیگڵیشە ئەویش کەمێک ئەم پەیڕەوەی گرتۆتەبەر، بەڵام زۆربەی جارەکان لەناوەوە و بەشێوەیەکی دیالێکتیکی لەگەڵ بیروباوەڕەکاندا

دەڕۆشت، بۆئەوەی پێویستیی مێژوویی بوونەکەی، یان ئەو وەزیفەیە پیشانبدات کە لەچرکەیەک لەچرکەکاندا ئەنجامیداوە، ئەوجا پاش ئەوە پیشانیدەدات کە چۆن بەرەو پێچەوانەکەی خۆی وەرچەرخاوە، چونکە ئەوەی لەگەڵ ئاینی مەسیحیدا ئاوەزکاری بوبێت، لەگەڵ رۆژگاردا دەبێ بە دۆگمایی. دەبێ بە کۆمەڵە سروت و ڕێوڕەسم و دامەزراوەیەک، کە مانا ڕەسەنە سەرەتاییەکەی خۆی تێدا نامێنێت، یان بە مانایەکی تر دەبێت بەکۆمەڵە توێژو قاڵبێکی وشکیی بە بەردکراو، یان بەبەردبوو. ئەوجا ئاینی ڕاستەقینە دەبێ بتوانێت خۆی لەم توێژانە ڕزگاربکات، بۆئەوەی بتوانێت بگەڕێتەوە سەر مانا زیندووەکەی و سەرچاوە ڕەسەنەکەی.. چونکە ئەوەتا ئاینی مەسیحی بەتێپەڕبوونی رۆژگـارو بەهۆی ململانەو ئارەزووەکانی مرۆڤەوە لەقۆناغێک لەقۆناغەکانی مێژوودا بوەتە ئایدیۆلۆژیایەکی دەسەڵاتخوازی سەرکوتکار. ئەمەش ئەوشتەیە کە هیگڵ ناوی لێدەنێت «دۆگمایی»، بەڵام پاشتر هیگڵ لەوە تێگەشت، کە ئەگەر ئاین دۆگمایی و سروت و رێوڕەسمەکانیی لێکرایەوە، ئیتر هەرگیز بەئاینی نامێنێتەوە. بۆیە ئیتر هیگڵ کەوتە نێوانی دووڕیانێکەوە: یان ئەوەتا لەپێناوی بەرژەوەندیی ئاوەزکاریی فەلسەفەی ڕادیکاڵیدا بە تەواوی واز لە ئاین بهێنێت، یان ئەوەتا وا لە فەلسەفە بکات، کە لەگەڵ ئایندا بەیەکەوەبژین، یان دراوسێ بن، بەڵام کە هیگڵ هەستا ڕەخنەی بیروباوەڕی مەسیحی و نهێنی و موعجیزەکان و شتەکانی تری لەوشێوەیەی کرد، ئیتر ئەو بابەتی پێکەوەژیانەش وەک شتێکی ڕووکەشی دێتەپێش چاو. هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە هەندێ کەس بەوە تاوانباری دەکەن، کە زمانێکی دووفاقی بەکاردەهێنێت: فاقێکی فەیلەسوفان و فاقێکی تری لاهوتییەکان.

ئایا ڕاستییەکی وا هەیە کە بەلای هەمووانەوە ئاوەزکاری بێت؟ یان دوو ڕاستی هەن:یەکەمیان ڕاستیی فەیلەسوف و دەستەبژێرە ڕۆشنبیرەکانە، ئەوی تریش هی هەموو گەلە؟

ئا لەم ڕوانگەیەوەیە کە ئاینی مەسیحی بەپێی پێویستییەکی مێژوویی ڕەتێنەر بۆ پێچەوانەکەی خۆی هەڵدەگەڕێتەوە، دەبێتە دژو ڕەتێنەری نـاوەڕۆک و مەبەستە بەراییەکانی خـۆی. بەم شێوەیەش لەهۆی ئەو هاوپەیمانێتییە تێدەگەین، کە بەدرێژایی چەندان سەدە کڵێسای مەسیحی لەگەڵ سیستمی کۆلاکی و سەرکوتی سیاسیدا هەیبووە، چونکە ئینجیل داوای ئەوە ناکات کە لەدژی هەژارەکان لەگەڵ دەوڵەمەندەکان، لە دژی لاوازەکان لەگەڵ بەهێزەکان هاوپەیمان بیت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کڵێسا بەم شتانە قایلە و شەرعیەتی پێداون و بگرە هەوڵیداوە خەڵکە ساکارەکەش قایل بکات، بۆئەوەی پەسەندی بکەن. وەزیفە ڕەتێنەرەکەی ئاین ئالێرەدایە، بێگومان بیرۆکەی لەم شێوانە لەکاتی خۆیدا وەک مەترسیدار هاتۆتە پێش چاو و لەلایەن زۆرینەی زۆری کۆمەڵگەوە، وەک ناپەسەند سەیری کراوە، بۆیە هیگڵیش بڵاوی نەکردنەوە، وەک دەستنوس لەدۆلابی کتێبخانەکەیدا هێشتنیەوە. ئەو دەیزانی کە ئەم بیرۆکانە پێشی سەردەمەکەی خۆیان کەوتوون و گەلی ئاڵمانیاش پێی پەسەند ناکرێت، لەبەرئەوەی هێشتا بۆ پەسەندکردنی شیاو نەبووە، یان سوک و ئاسان نەیتوانییوە پەسەندی بکات. ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە گۆڕانی ئاوازەکان پرۆسەیەکی مەترسیدارە و لە شەو و ڕۆژێکدا ڕوونادات، لەبەرئەوە شتێک کە زۆر بێزارم بکات پەلەکردنی هەندێکی ڕۆشنبیرانی خۆمانە لە ئەنجامدانی گۆڕانکاری و هەڵکولاندنی قۆناغەکان! من دەڵێم گۆڕانکاری دەبێ قۆناغ بەقۆناغ هەرس بکرێ و پێویست ناکات، پێش ئەوەی قۆناغی یەکەم بەتەواوی هەرس

کرابێت و وەرگیرابێت بچینەسەر قۆناغی پاشتر.

پێویستە لەوە ئاگاداربین کە «فیختەی مامۆستای هیگڵ» هیچ نەبێت لە سەرەتاوە بەشێوەیەک لەشێوەکان باجێکی زۆری ئەوەی داوە، کە ڕووبەڕووی پیاوانی ئاین وەستاوەتەوە. ئەوەتا لەساڵی(1799)دا لە زانکۆی یەننا: درکراوە، کە یەکێک بووە لە کراوەترین و لیبراڵترینی زانکۆکانی ئەو سەردەمە. تۆمەتی کافرییان دایەپاڵی و شتەکانیان لەسەر گەورەکرد و لەلای ئەو دەستەلاتدارە گەورانە شکاتیان لێکرد، کە کاریان بریتییە لەکردنەوەو گرێدان.. هەموو ئەمانە لەپێناوی چیدا؟ لەپێناوی ئەوەدا کە لێدوانێکی ئاوەزکارییانەی لەسەر ئاینی مەسیحی دابوو.

گومانیش لەوەدانییە کە ئەو لێدوانە لەڕای گشتیی باو لەپێشتر بووە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئەوشتانەدا کە هیگڵ لەوکاتانەدا لە سویسرا دەی نوسین شەرمنانە بووە. ئێستا با گوێ لە «فیختە» بگرین بزانین چی وتووە- ئەو وتویەتی(سیستمی ئاکاریی زیندوو کاریگەر، خودی خوا خۆیەتی و ئێمە پێویستمان بە بیروباوەڕێکی تری جگەلە ئەو نییە، هیچ هاندەرێکی واش لە ئاوەزدا نییە بۆئەوە پاڵمان پێوەبنێت، کە لە ئەم سیستمە ئاکارییە دەربچین کە دەستی بە هەموو گەردوونەوە گرتووە. ئێمە پێویستمان بەبوونی ئەو بڕوایە نییە، کە بوونەوەرێکی تایبەت هەبێت لەئاستی هۆکاری ئەنجامەکاندابێت، کەواتە تێگەیشتنی دروست بە ئەم شێوە بەرەنجامە ناگات، ئەوە تەنها فەلسەفەی هەڵەیە کە ئەو کارە دەکات.)

ئەم قسەیە بە وڕێنە دادەنرێت، واتە دەرچوونێکە لە تێگەیشتنی باوی ئەو سەردەمە لە مەسیحیەت، لەبەرئەوە پیدانەیان کرد و لە زانکۆش دەریان کرد، چونکە وێناکردنەکەی «فیختە» لەسەر «خوا» جیاوازە لەو وێناکردنە مەسیحییە باوەی کە سەدان ساڵە چەسپیوە و بریتییە لە بیرویاوەڕی سێینەیی،

که زیاد لەپێویست بە ئاوەزکاری کراوە، بێگومان «هیگڵ» بەئاراستەی وڕێنەکردنەکەدا دوورتر دەڕوات. لەڕاستیشدا ئەو نوسراوانەی کە لە ماوەی گەنجێتییدا نوسیبونی و تا پاش مردنی خۆی نەخرانەبەرچاو لە ڕەخنەکردنی بیروباوەڕە ئاینییەکاندا لە نوسینەکانی قۆناغی پیرێتی، یان کامڵبوونی ڕادیکاڵانەتربوون. پاش ئەوە بە ئاگاترو بە ئەزمون تربوو، ئەگەر نەڵێین پتر لە سزادان دەترسا. لە گەنجێتیی یەکەمیدا «هیگڵ»نامەی ئاگرینی بۆ «شیلنگ و هۆڵدەرلین»ی هاوڕێی دەنوسی و ڕقبوونەوەی خۆی لە کۆلیژی لاهوتی پرۆتستانتی و شێوازی ئەو کۆلیژانە بۆ فێرکردنی ئاین دەردەبڕی. ئومێدی ئەوەی دەردەبڕی کە فەلسەفەی نوێ لە ئاڵمانیادا سەرکەوێ: واتە فەلسەفەی «کانت و فیختە» فەلسەفەی ئاوەزو ڕەخنەو ئازادە. لاهوتی و کاهینەکانیش زۆر بێزاریان دەکرد. لەڕاستیدا ئەو هەرگیز لە ژیانیدا ئەوانی وەک دەستەیەکی بەکۆمەڵ یان ڕێکخراوێکی کڵێسایی خۆش نەویستووە، لە خۆیان و لەکاردانەوەکانیان دەترسا، ئەوانی بە مەترسی بۆسەر ئازادی هزر دادەنا. شتێک کە ئەوی زۆربێزار دەکرد هەوڵەکانیان بوو بۆ دەستگرتن بەسەر فەلسەفەی کانتدا و خستنەگەڕی لەخزمەتی ئەو بیروباوەڕەکۆنانەیاندا کە سەردەمەکەیان بەسەرچووە، چونکە لەبەرئەوەی فەلسەفەی سەرکەوتوو بوو، ئەستێرەکەی بە ئاسمانی ئاڵمانیادا هەڵکشابوو، هەموان هەوڵیاندەدا لێی نزیک ببنەوە و پێوەی بنازن و وای بگونجێنن، کە لەگەڵ بیروباوەڕە تایبەتەکانی خۆیاندا بگونجێت، ئەمەش شتێکە بەردەوامە لە ئەوشتانە ڕوودەدات کە لەمێژوودا سەرکەوتوو دەبن.

*** ڕۆژنامەی :الشرق الاوسط**

# مێژووگەری لە هزری هیگڵدا

ئیبراهیم دادجود
وەرگێرانی لەفارسییەوە: سامان کۆنەپۆشی

سیستمی فەلسەفی هیگڵ لە لایەکەوە ئێروتەسەلترین، دژوارترین و کاریگەرترین سیستمێکی فەلسەفییە، کە تاکو ئێستا لە مێژووی خۆرئاوادا سەریهەڵداوە. هیگڵ خۆی و کۆمەڵێک کەسی دیکەش کەوتوونەتە شوێن ئەم ئیدیعایە و پێیانوابووە، کە هیگڵ دوایین قسەی لە فەلسەفەدا کردووە.

فەلسەفەی هیگڵ بەو جۆرەی کە خۆی دەڵێت «تەشەنەی سەندووەتە ناو هەموو لقەکانی زانینی مرۆییەوە و دەبێ هاوکات هەم بە لۆژیک، هەم مێتافیزیک، هەم ئەنتۆلۆژیا، هەم دەروونناسی، هەم سۆسۆلۆژیا، هەم ستاتیکا، هەم مێژوو و هەمیش بە زانستەکانی دیکەی بزانین. بیرۆکە و ئایدیاکانی هیگڵ لەسەر لۆژیک بە جۆرێک لەجۆرەکان میتافیزیکەکەی و میتافیزیکی هیگڵ بەجۆرێک لەجۆرەکان دەروونناسیەکەی و ... هتد. لەم رووییەوە هزرو بیرۆکەکانی هیگڵ لەسەر دیاردە مێژووییەکانیش نەک تەنیا بەشێکن لە فەلسەفەکەی، بەڵکو بەمانایەک خودی فەلسەفەکەی ئەون، چونکە ئەو رووداوە لاوەکی کە لە مێژوودا روودەدەن، لەراستیدا حیکایەت لەساتێک لەگۆڕانی دیالێکتیکی رۆح دەکەن، کەلە کات و شوێنێکی دیاریکراودا وەدی دێن.

لەم رووییەوە دەتوانین بەرهەمە سەرەکیەکانی هیگڵ بە فەلسەفەی مێژووەکەیشی لەقەڵەم بدەین. ئەمە نەک تەنیا لەپەیوەندی لەگەڵ کتێبی فەلسەفەی مێژوو و فەلسەفەی مافدا، بەڵکو لە پەیوەندی لەگەڵ کتێبەکانی

دیاردەناسیی رۆح و لۆژیک و کتێبەکانی دیکەشدا راست دەردەچێت، چونکە بەبۆچوونی هیگڵ، دیاردەکانی رۆح و بیرکردنەوە لۆژیکییەکان کۆمەڵێک شتی راستەقینەو ئارەزومەندانە (عەقڵانین)، کەلە رێگای گۆڕانەوە وەدی دێن و بەبێ گۆڕان وێنا ناکرێن، دەشزانین لە مێژوودایە کە گۆڕانیان بە سەردا دێت.

کاتێک هیگڵ لۆژیکەکەی خۆی بەتەواوەتی وەک ئەنتۆلۆژیاکەی و ئەنتۆلۆژیاکەی بە تەواوەتی وەک ئەبستمۆلۆژیەکەی بزانێت، بەم پێیە ناسینی رووداوە مێژووییەکانیش بەتەواوەتی وەک ئەنتۆلۆژیەکەی لەقەڵەمدەدات و بەم ئاکامە دەگات، کە ناسینی رووداوە مێژووییەکان شتێک نییە، جگەلە ناسینی پێویستیی لۆژیکی وەدیهاتنی ئەم رووداوانە و ئاگامەندبوون سەبارەت بە وەدیهاتنی دەرەکیان.

وتمان کە هیگڵ کتێبێکی بە ناوی فەلسەفەی مێژوو هەیە. ئەم کتێبە زنجیرە وانەکانی هیگڵ لە زانکۆدا لەخۆ دەگرێت (بەشێک لەم کتێبە لە ژێر ناوی ئاوەز لە مێژوودا وەرگێڕراوەتە سەر زمانی فارسی و شارەزایانی ئەم زمانە دەتوانن کەڵکی لێوەربگرن). لێرەدا لەبەر سنورداربوونی بابەتەکەمان، پتر بە گەڕانەوە و سەرنجدان لەم کتێبە، فەلسەفەی مێژووی هیگڵ بەکورتی دەخەینە بەر توێژینەوە، کە لە هەموو سیستمە فەلسەفیەکەی جیا ناکرێتەوەو تاڕادەیەکیش رووناکی دەخاتە سەر هەڵوێستە سیاسیەکەی.

فەلسەفە، هــەروەک هونەرو ئایین مێژوویەکی هەیە و ئەم مێژووەش پرۆسیسێکی دیالێکتیکییە، پرۆسیسێک کە بەهۆی ئەم ئایدیا ناکۆتایەوە، دەگاتە شوێنێک کە بەشێوەیەکی ئاشکرا لەخۆی ورد دەبێتەوە، فەلسەفەی مێژووی هیگڵ «تاوتوێکردنێکی قوڵ هزرینانەی مێژووە. ئاوەز تاکە ئایدیایەکە کە فەلسەفە بۆ لێوردبوونەوەی قوڵ لەبەردەستیدایە، بەم

مانایەی کە ئاوەز بەسەر جیهاندا زاڵەو دەبێ نیشانبدرێت، کە مێژووی جیهان مێژووی خۆبەرفراوانکردنەوەی «رۆح»ە. مێژووی جیهان بریتییە لە ئاگایی راستەقینەی رۆح سەبارەت بەخۆی لە پلەی ئازادیدا. رۆح یاخود ئایدیای (خود ئەندێش) تەنیا لە زەینی مرۆڤدا و لە رێگای مرۆڤەوەیە کە رێگایەک دەدۆزێتەوە، بۆئەوەی بچێتە ناو گۆڕەپانی زانینی رەهاوە. بەم چەشنە مێژووی فەلسەفە، بەدرێژایی قۆناغەکانی خۆی، هەڵگری قۆناغ گەلێکی پێشینە، هەروەها بنەماکان و سیستمە فەلسەفییەکانی پێشوش لەخۆ دەگرێت.

هیگڵ «مێژوو» لە مانایەکدا بەکاردەبات، کە لە «فەلسەفەی مێژوو» جیا ناکرێتەوە، بەبۆچوونی ئەو مێژوو بەمانای تۆمارکردنی رووداوە مێژووییەکان نییە، بەڵکو بە مانای هزرینی مێژووییانەیە. هزرینی مێژووییانە بەم مانایە دێت کە مەبەست لە خوێندنەوەی مێژوو ئەوە نییە، کە ئاگاییەک سەبارەت بە روودانی رووداوەکان وەدەست بێنین، بەڵکو مەبەست لەم کارە بریتیە لە ئاگاداربوون لەسەر فاکتەرو ئاراستەی روودانی ئەو رووداوانە. هیگڵ لە مانایەکی گشتگیردا باس لە گەردوون دەکات، کە هەم مانای مادی و هەم مانا رۆحانییەکەی گەردوون دەگرێتەوە، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە لەسەر ئەم باوەڕەیە کە سروشتی مادی لە گۆڕانی مێژوودا بەشدارە، بەڵام رۆح و گۆڕانی رۆح بەفاکتەری سەرەکیی گۆڕانی مێژوو دەزانێت. تەنانەت دەبێ سروشتی مادیش لە پەیوەندی لەگەڵ رۆحدا هەڵبسەنگێنرێت، چونکە ئەمە رۆحە کە لە مێژوودا گۆڕانکاریی بە سەردا دێت. لەم روویەوە مێژوو شوێنی گۆڕانی رۆحەو دەتوانین بڵێین کەلە راستیدا مێژوو خشتەی قۆناغە جۆربەجۆرەکانی وەدیهاتنی ئازادیە، چونکە ئازادی جەوهەری رۆحە. قۆناغە جیاوازەکانی رەوتی مێژوویی مرۆڤ گوزارشت لەجۆرێک پێشکەوتن

و گەشەسەندن لەفۆرمی دڕندانەی سەرتاییەوە بۆ شارستانیەتی ئەمڕۆیی دەکات. پرۆژەو ئامانجی سەرەکیی ئەم چیرۆکە بریتییە لە وەدیهاتن و بڵاوبوونەوەی ئازادیی مرۆڤ، یاخود گەیشتنی مرۆڤ بە ئازادی. رەوتی مێژوویی شتێک نییە، جگەلە وەدیهاتنی هەنگاو بە هەنگاو، قۆناغ بەقۆناغی ئازادیی مرۆڤ. پێویستەو دەبێ وەدیهاتنی قۆناغ بە قۆناغی ئازادی لە رەوتی مێژوودا، هاوکات وەدیهاتنی قۆناغ بە قۆناغی ئاگایی و فام و تێگەیشتنیش بێت، لە راستیدا هیگڵ مێژووی جیهان بە مێژووی رۆح دەزانێت، چونکە رۆح هەوڵدەدات بەخۆئاگا بێت و خۆی ئـازاد بکات و ئەم ئاگایی و ئەم ئازادیە بەشێوەی قۆناغ بە قۆناغ و دیالێکتیکی نەبێت دەستەبەر نابێت، لەلایەکی دیکەوە ئەم وەدیهاتنە قۆناغ بە قۆناغەی ئازادی هەر ئەو وەدیهاتنی هەڵسوکەوتی مۆڕاڵی، یان ئاوەزی کۆمەڵایەتیەی جۆر (نوع)ی مرۆڤە، کە لە سیستمی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا خۆی دەنوێنێت. وێناو تێگەیشتنی هیگڵ لەسەر مێژوو بە مانای «تاوتوێکردنی قوڵ هزرینانەی مێژوو»ە، هێند چەمکێکی گشتیی فەلسەفیە کە 'گوزارشتەکانی «فەلسەفەی مێژوویی» و «مێژووی فەلسەفە» بە یەک مانا ئەژمار دەکات.

ئەگەر هەر بەو جۆرەی کە باسمانکرد، ئامانجی مێژوو وەدیهاتنی ئازادیی مرۆڤ یان ئازادبوونی مرۆڤ بێت، کەواتە چیەتی ئەم ئازادیە چییە؟ بە بۆچوونی هیگڵ ئازادیی مرۆڤ بریتییە لە ئاگایی و تێگەیشتنی ئەو لەسەر پێویستی رەوتی رووداوە مێژووییەکان. وەسفکردنێکی لەم چەشنەی ئازادی پێویستی بە دوو شت هەیە:

گەشەی ئازادیی مرۆڤ بەمانای گەشەی ئاگایی ئەو دێت.

ئازادی بە مانای تێگەیشتن لە پێویستی ئاوەزە و شتێک نییە، لە دەرەوەی سیستمی ئاراستەی ئاوەزیدا بێت.

مێژووی فەلسەفە تەنیا گوزارشت لە رەوتێکی مرۆیی ناکات، بەڵکو گوزارشت لە رەوتێکی جیهانیش دەکات. واتە خوێندنەوەی مێژوو نەک تەنیا سەرهەڵدانی مرۆڤ، بەڵکو سەرهەڵدانی جیهانیش دەگرێتەوە. مێژووی فەلسەفی راپۆرتێکی مێتافیزیکیە سەبارەت بە مێژووی جیهان لە پلەی رۆحی رەهای جیهانیدا. رەها هەر ئەم بوون(هستی)ەیە و بوون تەنیا لە رۆحی مرۆیی و لە رێگای ئەوەوەیە کە لە پلەی رۆحدا دێتەبوونەوە. رۆحی رەها تەنیا لە رۆحی مرۆییدا و لە رێگای ئەوەوەیە کە هەیە، بەم جیاوازیەوە کە ئەم کارە لە مەیدانێکدا ئەنجامدەدات کە لەو مەیدانەدا رۆحی تاکی مرۆیی رۆحێکی تاکەکەسی و سنوردار نییە، بەڵکو دەمێکە لە ژیانی رۆحی رەها. لەم قۆناغەدا، رۆحی مرۆیی رۆحی رەهایە لە گۆڕەپانی زانینی رەهادا. بەم چەشنە زانیاریی مرۆڤ لەسەر رۆحی رەهاو زانیاریی رۆحی رەها لەسەر خۆی دەبنە دوو لایەنی یەک راستی.

بەباوەڕی هیگڵ «هێزی سەرەکیی زاڵ بەسەر مێژوودا، ئاوەزە.» مەبەستی هیگڵ ئەوەیە کە هەموو ئەو رووداوانـەی لە مێژوودا روو دەدەن، هۆکردی ئیرادەی مرۆڤن، چونکە رەوتی مێژوو شتێک نییە، جگەلە کردارەکانی مرۆڤ. یان باشتروایە بڵێین، جگەلە فکرو بیرۆکەکانی مرۆڤ، کەلە کردارەکانی ئەودا دەردەکەون، خۆ دەنوێنن شتێکی دیکە نییە، دیارە لێرەدا مەبەستی هیگڵ ئاوەزی گشتیە، نەک ئاوەزی مرۆڤی رەشۆکی و تاکەکەسی. هیگڵ لەم بڕوایەدایە کە ئەو شتەی لە مێژوودا روویداوە، ئاوەزمەندانەیە و ئەو شتەی ئاوەزمەندانەیە روودەدات، لە روانگەی هیگڵدا ئەگەر کەسێک بە پشتبەستن بە تێگەیشتنێکی رووکەشبینانە و رەشۆکیانە باسی ئەوە بکات کە لە رەوتی مێژوودا گەلێک رووداوی نائاوەزمەندانە بەدەستی مرۆڤ روویـانـداوە، پرسیار لەسەر ئاوەزمەندانەبوونی ئەم

ڕووداوانە بکات، ئەوا هیگڵ وەڵامدەداتەوە کە ڕووداوە مێژووییەکان لە بۆشاییدا ڕوونادەن، هەموو ڕووداوێکی مێژوویی تەنیا لەناو مێژوودا و هاوکات لەگەڵ هەلومەرجێکی مێژوویی تایبەتدا ڕوو دەدەن، بە بۆچوونی هیگڵ ئەم ڕەخنەگرتنانەو نکوڵیکردن لەئاوەزمەندانەبوونی مێژوو و ڕووداوە مێژووییەکان لە نەبوونی ئاگایی و فامنەکردنی هەلومەرجی مێژووییەوە سەرچاوە دەگرێت. هەموو کاراکتەرێکی مێژوویی لە هەلومەرج، یاخود سەردەمێکی مێژووییدا، بە پێی ئەو هەلومەرجە بەو جۆرەی کە دەتوانێت، دەهزرێت و هەڵسوکەت دەکات، نەک کەمتر و نەک زۆرتر. هیچ کەسێک ناتوانێت زۆرتر، یان کەمتر، یان باشتر، یان خراپتر لەو شتەی کە هەلومەرجی مێژوویی خستویەتیە ئەستۆی، بهزرێت و هەڵسوکەوت بکات.

هیگڵ وەک یەکێک لە ئاکامەکانی ئەم بۆچوونەی خۆی، هەروەها بۆ پاساودانەوەو سەلماندنی باوەڕی خۆی لەم بوارەدا، ڕەخنەگەلێک ئاراستەی روناکبیریی سەردەمی ڕۆشنگەری دەکات کە ئەو وێنەیەی لە مرۆڤ خستوویانەتەڕوو، وێنەیەکی ئەبستراکت و دوور لە ڕاستیە. مرۆڤ بەو جۆرەی کە ئەوان بیریان لێکردۆتەوە، بوونەوەرێکی ئاوەزمەندی پەتی نییە، مرۆڤ پێکهاتەیەکە لە سۆز و ئاوەز. ئەم دوو دیاردەیەش بە جۆرێک لە مرۆڤدا ئاوێتەی یەکتربوون کە سۆزەکانی مرۆڤ سۆزی بوونەوەرێکی ئاوەزمەندو، ئاوەزی مرۆڤ ئاوەزی بوونەوەرێکی سۆزدارە. هەڵەیە ئەگەر ئەم دوو دیاردەیە لە بوونی مرۆڤدا لێک جیابکەینەوە. ئەم جیاکردنەوەیە هەقیقەتی زاتی مرۆڤ لە خۆیدا دەتوێنێتەوە. بەبێ سۆزو کارتێکەری نەئاوەزێک هەیە و نەکردارێک. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ناتوانین ئەو کردارانەی لە سۆزو کارتێکەریەوە سەرچاوە دەگرن وەک کردارگەلێکی نائاوەزمەندانە لە قەڵەمبدەین. مێژوو گۆڕەپانی بەڕێوەچوونی سۆزەکان و

کارتێکەریەکانە، کە بە هیچ جۆرێک دیاری ناکرێت کە لە بیاڤی (حوزە) ڕێنوێنی ئاوەز دەرچووبن، لە روانگەی هیگڵدا سۆز و کارتێکەری کەرەستە سەرەتاییەکانی تەلاری مێژوون. مێژوو بە مانایەک بریتییە لە روخسار و درکەوتەکانی کارتێکەریەکان، کە دیارە هەر بەو رادەیەش درکەوتنی ئاوەزە، چونکە ئاوەز دەبێ وەک ئامرازێک کەڵک لە سۆز وەربگرێت هەتا بتوانێت ئامانجەکانی خۆی وەدیبێنێت.

لێرەدا دەتوانین ئەم پرسیارە بێنینە ئارا: مەبەستی هیگڵ لەم ئاوەزە چییە؟ کە سۆزەکان و کارتێکەریەکان دەخاتە خزمەت خۆی؟ بە دەربڕینێکی دیکە، ئەم ئاوەزە کێیە و لە کوێوەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە ئەمە مرۆڤە، ئەمە مرۆڤ خۆیەتی، ئەمە روخسار و درکەوتەی رۆحە کە هەنوکە، هاوکات لەگەڵ رەوت و جوڵەی خۆیدا، گەیشتۆتە قۆناغی رۆح و زەینی مرۆیی و لە فۆرمی کردارەکانی ئەودا درکەوتووە و مێژووی بنیاتناوە. ئەم ئاوەزە، نە بەو چەشنەی کە دەروونناسەکان بیری لێدەکەنەوە، یەکێک لە هێزەکانی ناسین و دیاریکردنی زەینی مرۆییە، نە بەو جۆرەش کە «متکلمان» بیری لێدەکەنەوە، مێتافیزیکێکی یەزدانییە، بەو مانایەی کە لەسەرو جیهانی مرۆییەوە بێت. ئەم دیاردەیە ئەگەریش یەزدانی بێت هەنوکە بەجوڵەی خۆی گەیشتۆتە قۆناغی مرۆیی، دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە ئەمە خودی مرۆڤە. ئەمە هەقیقەتی مرۆڤە کە هیگڵ وێنەیەکی بزاوت و گۆڕانهەڵگر و ناسەقامگرتووی لێ خستۆتەڕوو. ئاوەزی مرۆڤ بە درێژایی مێژوو لەبەردەم گۆڕانکاری و رەخسکان (تکامل) دایە. ئاوەز دیاردەیەکی بێ¬جوڵە و سەقامگرتوو نییە، بەشێوەیەکی هەنگاو بەهەنگاو و هاوکات لەگەڵ وەدەستهێنانی خۆئاگاییدا بە ئۆبژێکتیڤ بوون و لەکاردابوونی خۆی لە درێژایی مێژوودا وەدەست دێنێتەوە.

جیهانی دەرەوە ئایدیایەکە کە لە گەردووندا ئازاد کراوە. ئەم ئایدیایە لە ڕێگای تێکەڵاویی دژایەتیەکانەوە دەگاتە پلەگەلێکی بەرزتر. جەوهەری رۆحی رەهای جیهانی، کە لەم جیهانەدا ئازادکراوە و لە فۆرمی مرۆڤ و بوونەوەرە سروشتیەکاندا سەریهەڵداوە، ئازادیخوازیە. ئازادی جەوهەری رۆحە، بەڵام لەو کاتەوە کە رۆحی رەهای جیهانی خۆی لەم جیهانەدا بەرەڵاکرد، خۆی کرد بە ئایدیایەکی سەرلێشێواو و لە شێوەیەکی رەهەندیانە و ئەندازەییانەدا هاتەبوونەوەو، بوو بەبوونەوەرێکی دیارو دیاریکراو، لە ئاکامدا لە ئازادی رەها بێبەشبوو، ئیتر حەزو خواستی گەیشتنەوەی دوبارە بە ئازادی هەموو بوونی دادەگرێت. رۆح ئازادە و ئامانجی رۆحی جیهانی لە مێژووی جیهانیدا بریتیە لە وەدیهێنانی زانی خۆی و گەیشتن بە پێدراو (نیعمەت)ی ئازادی. هەوڵی ئەو ئەمەیە کە خۆی بناسێت و دوبارە بناسێتەوە. ئایدیای رەهای جیهانی لە سەرەتاوە گرێدرابوو بە رۆحی بنەمایی و بەرز و ئـازادەوە، بەڵام لەپاشان لێی جیابۆتەوە و ئێستاش سکاڵا لەجیایی هەموو بەسەرهات و چارەنوسی ئەم بوونەوەرە پێکدێنێت، دەخوازێت بگاتەوە بە بناژۆکەی خۆی. مێژووی جیهانی تەنیا روخسارێکی ئەم ئاوەزەیەکانە و رەسەنەیە، فۆرمێکە لەو وێنە پاژەکیانەی (صور جزئی) کە ئاوەز بە هۆی ئەوەوە خۆی ئاشکرادەکات، رۆحی رەها لە مێژووی جیهانیدا زاتی راستەقینەی خۆی وەدەستدێنێتەوە و بەخۆئاگا دەبێت، بەڵام درکەوتنی دەرەکیی رۆح جگە لە دوری و سنوردارێتی شتێکی دیکە نییە. هەم لە خۆی دووردەکەوێتەوە و هەمیش دەخوازێت سەرلەنوێ بگەڕێتەوە بۆ خۆی. کەواتە لەودا کێش (کشش) و هەوڵێک دروستدەبێت. کێشێک کە لەبیری نەهێشتنی سنوردارێتیدایە و هەوڵێک کەبیر لەوەدەکاتەوە، لەگەڵ ژێدری سەرەتاییدا گرێ بخوات.

به بۆچوونی هیگڵ، بەبێ ئەوەی کە قەبووڵبکەین رۆحێک بە سەر جیهاندا زاڵە، فەلسەفەی مێژوو لە ئارادا نییە، ئایدیای «ئاوەز» تەنیا ئایدیایەکە کە فەلسەفە بۆ ئاوتوێکردنی مێژوو دەیهێنێتە کایەوە، واتە ئەم ئایدیایەی کە ئاوەز بەسەر جیهاندا زاڵە، بەم پێیەش مێژووی جیهان رەوتێکی ئاوەزمەندانەیە. بەباوەڕی هیگڵ فەلسەفە ناچارەبوونی ئاوەزێکی لەم چەشنە بسەلمێنێت، بەڵام لەو کاتەدا کەدەخوازین مێژووی جیهان ئاشکرابکەین، پێویستە و دەبێ، بوونی ئاوەزێکی لەم چەشنە گریمانە بکەین و قەبوڵبکەین کە رۆحێکی لەم چەشنە بە سەر جیهاندا زاڵە.

چونکە ئاوەزێکی لەم چەشنە خاوەن زاڵیەتیە بەسەر جیهاندا و، مێژوو شتێک نییە جگە لە مێژووی فکر و دەسنیشانکردنی زاتی و خۆبەخۆی ئاوەز، کەواتە ئامانجی توێژینەوەی فەلسەفی دەبێ بریتی بێت لە بایکۆتکردنی کاروبارە بەهەڵکەوت و لواوەکان. لەم روویەوە رەوتی مێژوو رەوتێکی لۆژیکی و پێویست (زەڕووری) و رەهایە، فەلسەفەی هیگڵ بوونی بوونەوەرێکی ناپێویست لە جیهاندا قەبوڵ ناکات، بەڵکو هەموو بوونەوەرەکان بەهۆی پێویستیەکی لۆژیکیەوە هاتوونەتە بوونەوە. بەم پێیە ناتوانین ئەمە قەبووڵبکەین کەرووداوێک لەجیهاندا روویداوە کە سەبارەت بە سەرەتاکانی خۆی خاوەن پێویستیی لۆژیکی نەبووە. کەوایە ئامانجی توێژینەوەی فەلسەفی ئەمەیە کە کاروبارە بەهەڵکەوت و لواوەکان بایکۆت بکات و نکۆڵیان لێبکات. دیارە مەبەستی هیگڵ ئەوە نییە، کە بۆ ناسینی مێژوو پێویستیمان بە ناسینی کاروبارە پاژەکیەکان نییە، دەتوانین بەهۆی میتۆدگەلێکی ئاوەزمەندانەی پەتی و پێشینیەوەو بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەزمون، مێژوو بناسین، بەڵکو مەبەست ئەمەیە کە چونکە واقعیەتی دەرەکی درکەوتەو روخسارێکە لە ئاوەز، کەواتە ئەو شتەی کەلە جیهاندا روو دەدات

پێویستە شت یاخود دیاردەیەکی ئاوەزمەندانە بێت، لە راستیدا قسەی هیگڵ ئەوەیە کە مەعریفەی ئاوەزمەندانە و ئەزمونی جۆرێکە لە مەعریفە و لەم روانگەیەوەیە کە مەعریفەی مێژوویی بە خاوەن پێویستیی ئاوەزی دەزانێت. رووداوە مێژووییەکان، وەک ئەوەی کە بەتەنیا رووداوێکی پەتی بن و بەبێ لەبەرچاوگرتنی پەیوەندیەکەیان لەگەڵ ئاوەزدا، خاوەن هیچ پێویستی (زەڕوورەت)یەک نین. پێویستی ئەوان لە ئاوەزو ئایدیاگەلێکەوە سەرچاوە دەگرێت کە زاڵن بە سەریاندا.

ئێمە لە مێژوودا دەبێ بە شوێن ئامانجێکی گشتی و مەبەستێکی کۆتاییدا بگەڕێین، نەک بەشوێن ئامانجێکی پاژەکی لە رۆح، یان زەیندا (جۆرێک ئاراستەی ئاوەزی). دەبێ بەیارمەتیی ئاوەز لەم ئامانجە گشتییە تێبگەین، چونکە تەنیا ئاوەز دەتوانێت سەروکاری لەگەڵ ئامانجی رەهادا هەبێت، رەها و رۆح لە رێگای فۆرمگەلێکی بێ ئەژمارەوە، کە بەنەتەوەکان و گەلەکان (قوم) ناویان دەبەین، خۆیان دەردەخەن. گریمانەکەی هیگڵیش بریتییە لەوەی کە رووداوە مێژووییەکان شوێنکەوتووی ئاوەزن، ئەویش نەک ئاوەزی پاژەکی، بەڵکو ئاوەزی یەزدانی و رەها. بە دەربڕینێکی دیکە مێژوو بریتییە لە نمایشی ئاوەز. واتە وا نییە کە ئاوەز لە سوچێکدا دانیشێت و کردەوەگەلێک لە خۆی بنوێنێت، بەڵکو ئاوەز خۆی هاتۆتە مەیدانەوە و هەموو رووداوەکان بەرهەمی درکەوتنی ئەون، لە بنەمادا رووداوەکان بەتەواوەتی درکەوتنی ئاوەزن. مێژووی جیهانی بەرهەمی رەوتی ئاوەزمەندانە و پێویستیی رۆحە، لە رەوتی مێژوودا رۆح لە فۆرمگەلێکی ئێجگار زۆردا خۆی دەنوێنێت و ئەم رۆحە جیهانیە لەگەڵ رۆحی یەزدانیدا، کە هەمان رۆحی رەهایە، گونجاوە.

کەوابوو فەلسەفەی هیگڵ لێرەوە دەست پێدەکات کە رۆحێکی سەرلێشێواو دێنە ناو جیهانەوە. جەوهەری ئەم رۆحە ئازادیخوازیە، بەڵام کاتێک ئەم رۆحە دێنە نێو جیهانەوە لە خۆی نامۆ دەبێت و لێرە بەدواوە بەردەوام هەوڵدەدات بە سەر ئەم لەخۆنامۆییەدا زاڵ بێت. ئامانجی مێژووش بریتیە لە زاڵبوونی رۆح بە سەر لەخۆنامۆییدا و گەیشتن بە خۆئاگایی. رۆح لە رێگای زانی مرۆیی و مێژووەوەیە کە دەگاتە خۆئاگایی.

ئەگەر مرۆڤ و مێژوو گەیشتن بەخۆئاگایی و دۆخی سیاسی حکومەت وەک ئەو شتەی لێهات کە ئاوەز دەخوازێت، ئەوکات رۆح لەراستیدا بە خۆئاگایی گەیشتووە، یان بە دەربرینێکی دیکە، جیهان بووە بەشوێنێک کە شایستەی رۆحە.

هەروەها دەتوانین بڵێین کە رۆح واتای راستەقینەی خۆی لە ناو خۆیدا پەروەردە دەکات و بەئۆبژێکتیڤ دەبێت، بەم چەشنە پشتڕاستکەرەوی واتای خۆیەتی. واتە رۆح خۆی ئایدیایەکی جیهانییە و بوونەوەرە دەرەکیەکان دەکاتە دەرەوە. واتە بوونەوەرە دەرەکیەکان بەتەواوەتی وەک پشتڕاست کەرەوە گەلێکن کە بەشێوەی دیالێکتیکی لەو واتا گشتیەوە لە دایکبوون.

هیگڵ شوناسێکی سەربەخۆ و دەرەکی بۆ مێژوو لەبەرچاو ناگرێت. مێژوو بەشوێن ئامانجەکانی خۆیدا دەڕوات، مرۆڤ و قارەمانەکانی ئامرازەکانی دەستی ئەو رۆحەن کە بەسەر جیهاندا زاڵە. کەواتە باشتروایە لەگەڵ مێژوودا هاوهەنگاو و هاوئاهەنگ بن، ئەگینا لەژێر سوڕی مێژوودا دەتلەقێنەوە و دەکەونە نێو زبڵدانی مێژووەوە. هیگڵ باس لەسەر بزێوی ئاوەز دەکات:» سودە پاژەکیەکان پێکەوە بەشەڕ دێن و هەندێکیان لەرەوتی شەڕدا لە ناو دەچن، بەڵام هەر لە ناو ئەم شەڕ و لەنێوچوونانە دایە کە جەوهەری گشتی، بە دوور لە هەر چەشنە مەترسی و زیانێک، سەر هەڵدەدات، چونکە نمونە گشتیەکە خۆی ناچێتە نێو گۆڕەپانی شەڕو پێکدادانەکان و خۆی ناخاتە

مەترسیەوە، بەڵکو لە تەنیشت ئەوان و بەدوور لە هەر چەشنە کێشە و گرفت و زیانێک دەمێنێتەوە و سودە پاژەکیەکانی سۆزەکان لە بری خۆی رەوانەی مەیدانی شەڕ دەکات تا لە ناو بچن. دەتوانین ئەمە بە «فرتوفێڵی ئاوەز» ناو ببەین، چونکە ئاوەز بەهۆی ئەوەوە سۆزەکان لە بری خۆی بەکار دێنێت و بەم چەشنە، هەر ئەو فاکتەرانەی کە ئاوەز بەهۆی ئەوانەوە بوون دەبەخشێتە خۆی، تاوانەکەشی دەدەن. واتە مرۆڤەکان بە گشتی لە کۆتی سۆزەکانی خۆیان دان و کاتێک کە ئەڤیندار، یاخود هۆگری شتێک دەبن بە لایدا رادەکێشرێن، بەڵام لە راستیدا ئاگادارنین لەوەی کە خەریکن بەرنامەی کەسێکی دیکە بەڕێوە دەبەن. لەهەمبەر ئەم تۆخمە گشتی و جەوهەریەدا، واتە ئاوەز، کە بوونی لە خۆی دایەو بۆ خۆیەتی، هەموو شتەکانی دیکە فەرمانبەر و بندەست و نۆکەر و پێکارن (کەرەستەی کار). مرۆڤەکان پێیانوایە کە هێزو تواناکانی خۆیان جێبەجێدەکەن، بەڵام لە راستیدا ئەمە ئاوەزە کە فەرمانیان پێدەدات، بەهەر ئاراستەیەکدا کە بخوازێت رایاندەکێشێت. ئاوەز بە سەر جیهاندا زاڵە و لەم روویەشەوە بەسەر مێژووی جیهانیشدا زاڵە.

تاکەکان مێژووی جیهانێکن کە ئامانجە سەرەکیەکانی مێژوو دەستەبەر دەکەن. ئەوان بەبێ ئەوەی کە بزانن مێژوو بە کاریان دێنێت، بە شوێن ئامانجەکانی خۆیاندا دەڕۆن. هیگڵ پیاوە مەزنەکانی مێژوو بە کەسانێک دەزانێت کە جەوهەری ئامانجە تاکەکەسیەکانیان هەمان جەوهەری ویستی رۆحی جیهانە. ئەم کەسانە پێویست نییە، خاوەن سەرئەنجامێکی باش بن، و کاتێک کە مێژوو پێویستی پێیان نەمێنێت، فڕەیاندەدات. بەم چەشنە بۆمان روون دەبێتەوە کە قارەمانەکان چلۆن دەسکەلا و گاڵتەجاڕی مێژوون. قارەمانەکان پێیانوایە کە شوێن لە سەر مێژوو دادەنێن و کەسانێکی کاریگەرن. خەڵکانی کۆیلە پێیانوایە ئەوانن مێژوو دروست دەکەن، بەڵام لەراستیدا مێژوو بە رێچکەی خۆیدا دەڕوات و مرۆڤەکان دەسکەلا و گاڵتەجاڕی مێژوون. پیاوە

مەزنەکانی مێژوو ئەو کەسانەن کە توانیویانە بە باشی خۆیان لەگەڵ ئامانجی شاراوەی ئاوەزی جیهانیدا ڕێکبخەن. ئەمە پیاوە مەزنەکانی مێژوون کە ئەم گشتێنیە بەرزترەی مێژوو فام دەکەن (لێی تێدەگەن)، دەیکەن بە ئامانجی خۆیان. هەر ئەوانیشن کە ئەم ئامانجە وەدیدێنن، کە لەگەڵ واتای بەرزتری ڕۆحدا دەگونجێت. لەم ڕوویەوە دەبێ بە قارەمان ناویان ببەین، نابێ بە هۆی پێودانگە ئاساییەکان داوەریان لەسەر بکەین. ئەوان لەو سیستمە هێمن و ڕازاوەدا کە هەیە، هەروەها لە ڕەوتی ئەو کاروبارانەدا کە پیرۆزیان وەدەستهێناوە بەشوێن ئامانج و پیشەی خۆیاندا ناگەڕێن. ئەو شتەی کە پاساوی کارەکانی ئەوان دەداتەوە ئەو دۆخە نییە کە هەیە، بەڵکو ئەو ڕۆحە شاراوەیە کە خواستی خۆ ئاشکراکردنی هەیە، بەڵام هێشتا لەم سەردەمەدا نەهاتۆتە بوونەوە، ڕۆحێکی نادیار کە دەخوازێت خۆی لە تەنگژەی ئەو جیهانەی کە هەیە ڕزگار بکات، چونکە ئەم جیهانە وەک پێستەیەکە کە هەڵگری ناوکەکەی خۆی نییە، تەنیا لە ڕووگەی سەردەمەوە دەتوانین کەسایەتیی پیاوە مەزنەکان بناسین. ئەو تایبەتمەندیەی کە لەواندا پتر شایانی پێداهەڵگوتنە ئەمەیە کە خۆیان کردۆتە ئامرازی ڕۆحی جەوهەری. هەر ئەمەش گرێخواردنی ڕاستەقینەی تاکە لەگەڵ جەوهەری گشتی خۆیدا، چونکە ئەم جەوهەرە ژێدەری هەموو شتێکە، ئامانجێکی تاکانە و هێزێکی یەکانەیە کە شیاوی پیاوگەلێکی لەم چەشنەیەو لەواندا بەشوێن وەدیهاتنی تاکدا دەگەڕێت و لەسەردەستی ئەوان دێتەبوونەوە. ئەمە فرتوفێڵی ئاوەزە کە هۆگریەکانی قارەمان دەخاتە خزمەت ئامانجەکانی ئاوەزو بەکاریان دێنێت. ئەگەرچی ئەو ئامرازانەی کە ئاوەز کەڵکیان لێوەردەگرێت و بەکاریاندەبات هۆگریە تاکەکەسیەکانی مرۆڤگەلێکن کە لە ناو دەچن، بەڵام ئاوەز بەسەر جیهاندا حکومەت دەکات و مێژووی جیهان گۆڕەپانی دەسەڵاتداریەتیی ئەوە.

وتمان کە مێژووی جیهان مێژووی وشیاریی ڕاستەقینەی ڕۆحە لەسەر

خۆی لە پلەی ئازادیدا، کە تەنیا لە زەینی مرۆڤ و لەو ڕێگەیەوە دەگاتە بەئاگایی، بەڵام لە سۆنگەی ئەم تێبینییەوە کە ڕۆحی مرۆیی قۆناغێک و دەمێکە لە ڕۆحی نەتەوەیی، کەواتە ئەمە ڕۆحی نەتەوەییە کە هەڵگری ڕۆحی جیهانیە، تا ئەو شوێنەی کە تاک لەم دۆخە جیهانیەدا بەشداری دەکات، هەڵگری ڕۆحی جیهانیە. ڕۆحە نەتەوەییەکان سنوردارن و لە دیالێکتیکی ئەوان دایە کە ڕۆحی گشتی سەرهەڵدەدات. ئەم ڕۆحە گشتییە لە گۆڕەپانی مێژووی جیهاندا حوکمی خۆی لەسەر ڕۆحە سنوردارە نەتەوەییەکان رادەگەیەنێت. کەواتە ڕۆح لە ڕەوتی پێشکەوتن بەرەو خۆئاگایی تەواودا فۆرمی هێماگەلێکی سنوردار و یەکلایەنە بەخۆیەوە دەگرێت، واتە فۆرمی ڕۆحە نەتەوەییە چەندفاقەکان، هەر بۆیە لەهەر قۆناغێکی تایبەتدا نەتەوەیەک دەبێتە نوێنەری پەروەردەکردنی ڕۆحی جیهانی.

لە ڕوانگەی هیگڵدا مێژووی گەردوون لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆرئاوا دەڕوات، چونکە ئاسیا دەسپێکی ئەو مێژووەیە و ئەوروپا کۆتاییەکەیەتی. ڕۆژ لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدێت و لە خۆرئاواوە ئاوا دەبێت، لەگەڵ ئەم ئاوابوونە دەرەکیەدا، هەڵهاتن (گلوع)ی ناوەکی دەستپێدەکات، کە هەمان تێگەیشتنە لە ئازادی.

بە بۆچوونی هیگڵ ڕۆحی ڕەهای جیهانی لە فۆرمی ورەی گەلەکان و نەتەوەکاندا خۆی دەنوێنێت، واتە ئەگەر دەخوازین بزانین کە ڕۆحی جیهان، کە بە شوێن ئازادیدا دەگەڕێت، بە چ قۆناغگەلێکدا تێپەڕبووە و ئێستا لە چ قۆناغێک لە قۆناغەکانی ئازادیدایە، ئەوا دەبێ سەرنج لە نەتەوەکان و گەلەکانی ڕابوردوو بدەین. مێژووی جیهان نیشاندانی قۆناغەکانی گۆڕانی یەزدانییە، کە ڕۆح لەودا خۆی دەناسێت و وەدی دێت. قۆناغە جۆربەجۆرەکانی قۆناغەکانی خۆناسینی ڕۆحەو ڕۆح شایانیەتی کە خۆی بناسێت و خۆی بەئۆبژێکتیڤ بکات.

ئەمە هەر ئەو کارەیە کە رۆح لە مێژووی جیهانیدا دەیکات، واتە فۆرمگەلێکی دیاریکراو بە خۆیەوە دەگرێت، ئەم فۆرمانەش هەمان گەلەکانی مێژووی جیهانین. هەر کام لەم گەلانە خشتەی قۆناغێکی تایبەت لە رەخسکانی رۆح و خولێکی دیاریکراو لە مێژووی جیهانین. بە دەربڕینێکی باشتر، ئەو بنەمایانەی کە رۆح تێگەیشتووە کە دەبێ لە جیهاندا وەدیبێن لەم گەلانەدا خۆیان دەنوێنن و دەردەکەون. بەم چەشنە پەیوەندیەکی زاتی لە نێوانیاندا هەیە کە تەنیا گوزارشت لە چیەتیی رۆح دەکات.

هیگڵ بەمجۆرە روخساری رەوتی رۆحی جیهانی لە پۆششی نەتەوەکاندا وێنا دەکات. دەتوانین بەم پێناسە ئەبستراکتەوە بڵێین کە مێژووی جیهانی راپۆرتی هەوڵەکانی رۆحە بۆ زانینی ئەمەی کەلە زاتی خۆیدا چییە، خۆرهەڵاتیەکان نازانن کە رۆحی مرۆڤ بە تەواوەتی ئازادە و بەم پێیەش خۆشیان ئازاد نین، چونکە ئاگادار نین کە مرۆڤ بەتەواوەتی ئازادە. تەنیا دەزانن کە تاکە کەسێک (فەرمانڕەوا) ئازادە. یونانییەکان یەکەم گەلێکبوون کە ئاگاییان لەسەر ئازادی وەدەستهێنا، هەربۆیە ئازادبوون، بەڵام یونانیەکان هەر وەک رۆمیەکان، تەنیا دەیانزانی کە کۆمەڵێک لە مرۆڤەکان ئازادن، بەڵام نەیاندەزانی کە مرۆڤ بە تەواوەتی ئازادە. یەکەم جار گەلانی جێرمەنی، بەسەر هەڵدانی مەسیحیەت، بەم ئاگاییە گەیشتن کە مرۆڤ وەک مرۆڤ ئازادە.

هیگڵ لە بەرایی فەلسەفەی مێژوودا، لە پەیوەندی لەگەڵ ئاراستە و ئامانجی سەرانسەری مێژووی مرۆڤدا دەڵێت:»مێژووی جیهان، جگەلە پێشکەوتنی ئاگایی لە سەر ئازادی، شتێکی دیکە نییە»، ئەم رستەیە ناوئاخنی گشت ئەم کتێبە پێکدێنێت.

بەڵام بزانین هیگڵ چلۆن ئەم کتێبە هەراوهەراو دەکات، بە بۆچوونی ئەو سفەتەکان و خەسڵەتەکانی سێ قۆناغی پێشکەوتنی مرۆیی بەم چەشنەیە:

یەکەم قۆناغی ڕۆح، قۆناغەکانی پێگەیشتنی ئاوەزی مرۆیی، وەک منالّی ڕۆحە و لەم قۆناغەدا ڕۆح لەگەڵ سروشتدا یەکانەیە، بەو چەشنەی کە لە جیهانی خۆرهەڵاتیدا دەبینرێت. ئەم ڕۆحە سروشتییە ڕۆحێکە کە هێشتا لە سروشتدا دەژی، لەسەر پێی خۆی ڕانەوەستاوە لەم ڕوویەوە هێشتا ئازاد نییە، پرۆسیسی ئازادی تێپەڕنەکردووە. لەم جیهانەدا ڕۆح جەوهەرێکە مرۆڤ بەوەوەبوونی هەیە، هەلومەرجی هەموان لەهەمبەر ویستی فەرمانڕەوای یەکانەدا لە دۆخی منالان و بن دەستەکان دەچێت. بە باوەڕی هیگڵ خۆرهەڵاتییەکان نەیاندەزانی کە مرۆڤ بەچێژەکانەوە ئازادە، هەر بۆیە ئازاد نەبوون. ئەوان تەنیا تاکە کەسێکیان پێ ئازاد بوو، کە ئەویش خواکەیان بوو. قۆناغی دووەمی ڕۆح، قۆناغی لاوێتییە کە لەودا ڕۆح لە خۆی ڕادەمێنێت و لەدۆخی فەرمانبەری و بەستراوەیی ڕەها دەرباز دەبێت. ئەم قۆناغە لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەمی ئەم قۆناغە سەردەمی پێگەیشتوویی (بلوغ) ڕۆحە. لەم کاتەدا ڕۆح بۆخۆی خاوەن جۆرێک ئازادیە، بەڵام ئەم ئازادییە هێشتا لەگەڵ جەوهەری ڕۆحدا ئاوێتەیە. ئازادی هێشتا لە قوڵایی ڕۆحەوە سەرلەنوێ لەدایک نەبووە. ئەم سەردەمە سەردەمی جیهانی یونانییە. بەشی دووەمی ئەم قۆناغە کاتی پیاوەتی ڕۆحە کە لەودا تاک ئامانجگەلێکی جیاواز بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، بەڵام ناتوانێت دەستەبەریان بکات، مەگەر ئەوەی کە لە ڕێگای خزمەتکردن بە جەوهەری گشتی، واتە هەمان وڵات یاخود دەوڵەتەوە. ئەم سەردەمە سەردەمی جیهانی ڕۆمیە، لە جیهانی یونانی ـ ڕۆمی دایە کە ئاگایی لەسەر ئازادی بیچم دەگرێت، بەڵام یونانیەکان و ڕۆمیەکانیش تەنیا بەشێک لە مرۆڤەکانیان بە ئازاد دەزانی، واتە ئەو کەسانەی کە کۆیلە نەبوون.

قۆناغی سێیەمی ڕۆح قۆناغی پوختبوونی ڕۆحە، ڕۆژگاری جێرمەنی یاخود جیهانی مەسیحی. لە ڕۆژگاری مەسیحیدا ڕۆحی یەزدانی دادەبەزێتە سەر جیهانی خاکی و لە ئاوەزی مرۆڤدا جێگیر دەبێت، کە ئێستا بە یەکجاری

رزگاربووە و بووەتە خاوەن ئازادیی جەوهەری. بەباوەڕی هیگڵ ئەمە خەڵکی جێرمەنی بوون، کە بۆ یەکەمجار لەژێر کاریگەریی دەستڕۆیشتوویی مەسیحیدا، تێگەیشتن کە مرۆڤ بە چێژەکانەوە ئازادە.

هیگڵ مێژووی نەتەوەکانی، هەر لە رۆژگـاری کـەونـارەوە تاکو سەردەمی خۆی، خوێندۆتەوەو ئەرک و پەیام و هەلومەرجی مێژوویی هەر کام لە نەتەوەکان، هەر لە نەتەوە خۆرهەڵاتیەکانی چین و هیند و ئێرانەوە بگرە هەتا نەتەوە ئەوروپیەکان لە یۆنانەوە تاکو رۆم و سەدەکانی ناڤین، شی دەکاتەوە و باسی تایبەتمەندیی نەتەوەیی، یان رۆحی ئەتنی هەموویان دەکات. ئەو لە هەر سەردەمێکدا پێ لەسەر ئەرک و پەیامی نەتەوەیەکی تایبەت دادەگرێت و لە دنیای نوێدا ئەم ئەرک و پەیامە دەخاتە ئەستۆی جێرمەنەکان. هیگڵ سەرانسەری خولێکی مێژوویی، کە لە روخانی ئیمپراتۆریی رۆمەوە تاکوو رۆژگاری هاوچەرخ دەگرێتەوە، بە «جیهانی جێرمەنی» ناودێر دەکات. هیگڵ بەبەکارهێنانی ئەم رستەیە دەخوازێت بڵێت کە لە دوای روخانی رۆم، ناوەندی چالاکیە مێژوییەکان گواستراوەتەوە بۆ ئەوروپای باکوری. مەبەستی هیگڵ لە «جیهانی جێرمەنی» هەرێمی ئەوروپای باکوری کە وڵاتانی ئیسکاندینافیا، هۆڵەندا، ئاڵمانیا، بەریتانیا و تەنانەت خەڵکی گێڵ، سێڵتەکان، مەجارەکان، وتەکانی ئیسپانیاش دەگرێتەوە. خاڵی هەرە گرنگی هیگڵ بۆ جیاکردنەوەی «جیهانی جێرمەنی» لە رۆژگاری رۆمیەکان، «بزاڤی چاکسازیی دینی»ە. بە بۆچوونی هیگڵ بزاڤی چاکسازیی دینی دەستکەوتی گەلی جێرمەنە و ئەم دەسکەوتەش بە بەرهەمی راستبێژی و دڵپاکی و دروستی گەلی جێرمەن دەزانێت، ئاکامەکەی بە دەمەونخون بوونی گەورەیی و شکۆی کڵێسەی کاسۆلیکی رۆح دەزانێت. دیارە هیگڵ بزاڤی چاکسازیی دینی بە بەشێکی باتنر لە بەکەماڵ گەیاندنی ژیانی دینی لە قەڵەمدەدات، جەخت لەسەر شکۆفاکردنی زاتی رۆحانی و مانەوی (معنوی) مرۆڤ دەکاتەوە. بزاڤی

چاکسازیی دینی ویژدانی تاکەکەسی بەژێدەری داوەریکردن لەسەر راستی و دروستی دەزانێت و باوەڕی بەم بنەمایە هەیە کە «چارەنوسی مرۆڤ، بە حوکمی جەوهەرەکەی، ئازاد بوونە.» لێرە بە دواوە ئەم بنەمایە بوو بە بنەواشەی «جیهانی جێرمەنی»، چونکە ئەگەر هەموو مرۆڤێک بتوانێت بەهۆی توانایی ئاوەزیی خۆی لەسەر راستی و دروستی داوەری بکات ، تەنیا لە کاتێکدا هەموان لە جیهان رازی دەبن کە لەگەڵ پێودانگە ئاوەزمەندەکاندا گونجاو بێت. هیگڵ لێرەدا بە باشی ئایدیای سیاسی خۆی لە فەلسەفەی مێژووەکەیدا دەخاتەڕوو، بە باوەڕ بەمەی کە گۆڕانکاریی مێژوو لە نەتەوەی ئاڵمان، یان رۆحی گەلی جێرمەنیدا کۆتایی پێدێت و رۆحی رەها لەگەلی جێرمەندا بە ئازادیی رەها (کە ئامانجی مێژووە) دەگات، هیگڵ بەدەوڵەتی ئاوەزمەندانەی ئاڵماندا هەڵدەڵێت و نەتەوەی ئاڵمان بە میراتگری شارستانیەتی جیهانی دەزانێت، کە بە پێی بڕیاری ئاوەزی گشتی، ئەرکی رێنوێنی کردنی کۆمەڵگەی جیهانی دەخاتە ئەستۆی ئەوان.

به بۆچوونی هیگڵ، نمونەی گشتی لە حکومەتدا خۆی دەنوێنێت. درکەوتنی رۆح بەرامبەرە لەگەڵ بەئۆبژێکتیڤبوونیدا، ئێمە دەبێ ئەم شانۆیە لە شاندی حکومەت و تاکەکاندا بەدیبکەین.

حکومەت هەمان نمونەی یەزدانە لەسەر زەویداو دەوڵەت هەر هەمان جوڵەی یەزدانە لە جیهاندا. لەدەستی حکومەت دایە کە ئازادی وە دیدێت، سود لە بەرهەمەکانی ئەم وەدیهاتنە وەردەگرێت، چونکە یاسا درەکەوتەی بەئۆبژێکتیڤبوونی رۆح و خواستە بە مانا راستەقینەکەی. ئێمە دەتوانین تەنیا خواستێک بەخواستی ئازاد بزانین، کە پەیڕەوی لەیاسابکات رەهەندی حکومەت هەمان سانەکانی ئاوەزی رەهایە و پاشا هێمای مادی حکومەت و درکەوتنی جەوهەری رەهای جیهانیە. هیگڵ کە حکومەتی «پرۆس»ی بە درکەوتەو رووخساری یەزدان لەسەر زەوی دەزانی و ئازادیی مرۆڤەکانی لە

پەیڕەویکردن لە پاشادا بەدیدەکرد، بە هیچ جۆرێک هیچ ڕۆڵێکی بۆ خەڵک لەبەرچاو نەدەگرت، بەتوندی دژایەتی لەگەڵ «دەسەڵاتداریەتیی خەڵک»دا دەکرد.

بێگومان داوەریی هیگڵ لەسەر پرۆس و پشتیوانیە دەمارگرژانەکەی لەم حکومەتە بۆ نیعمەتگەلێک دەگەڕێتەوە، کە لەلایەن ئەم حکومەتەوە پێیدەگەیشت. ئەو لە لایەکەوە لەم باوەڕەدابوو، کە دەبێ تاکەکان بەشێوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ ویژدان و باوەڕە ڕاستەقینەکانی خۆیان بەسەر خۆیاندا حکومەت بکەن، لە لایەکی دیکەشەوە دەبێ جیهانی دەرەکی، بەهەموو دامەزراوە و بنیاتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیەوە، بە شێوەیەکی ئاوەزمەندانە ڕێک بخرێت. بەبۆچوونی ئەو سەرەڕای حکومەتی تاکەکان بە سەر خۆیاندا، بەپێی ویژدان و باوەڕەکانیان کە تەنیا ئازادیی زەینی لێدەکەوێتەوە، دەبێ ڕێکخراوە ئاوەزمەندانەکان بەسەر دەوڵەمەندەکانیشدا حکومەت بکەن، تاکو بەم شێوەیە بەدژی یەکتر ڕانەوەستن و ئازادیەکانی یەکتر سنوردار و بەرتەسک نەکەنەوە. کاتێک کە جیهانی دەرەکی بەشێوەیەکی ئاوەزمەندانە ڕێکخرابێت، ئەوا ئەو کەسانەش کە پەیڕەوی لەویژدانی خۆیان دەکەن، ئازادانە بڕیاردەدەن کە بەپێی یاساو مۆڕاڵی جیهانی دەرەوە هەڵسوکەوت بکەن. بەم جۆرەش ئایدیای ئازادی وەدیدێت. هیگڵ پێیوایە کە پێکهاتەیەکی لەم چەشنە لە وڵاتی ئاڵمانیادا وەدی هاتووە.

**ژێدەرەکان:**

هگل، گئورگ ویلهلم فردریش. عقل در تاریخ. ترجمه حمید عنایت. انتشارات دانشگاه صنعتی شریف.

مجتهدی، کریم. درباره هگل و فلسفه او. انتشارات امیرکبیر، 1376.

سینگر، پیتر. هگل. ترجمه عزت الله فولادوند. گرح نو، 1379.

پوپر، کارل. جامعه باز و دشمنانش. ترجمه علی اصغر مهاجر. تهران، شرکت سهامی انتشار.

لین.و.لنکسترز خداوندان اندیشه سیاسی. ترجمه علی رامین. جلد سوم، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، 1380.

پازارگاد، بهاالدین. تاریخ فلسفه سیاسی. جلد دوم، 1382.

Alasdari Maclntyre, ed., Hegel:A Collection of Critical Essays (Anchor, Newyork, 1972).

Sidney hook, From Hegel to Marx (Humanities Press, Newyork, 1958).

David McLellan, the Young Hegelians znd Karl Marx (Macmillan, London, 1969).

گۆڤاری «راهبرد» ژماره 33، پاییزی 1383. لاپەڕە 157 تا 167

# رووداوە گرنگەکانی فەلسەفە

| (مێژووەکان زایینین) | |
|---|---|
| **ساڵ** | **زانیاری** |
| سەدەی ٦ح پ.ز | دەستپێکی فەلسەفەی رۆژئاوا بەئەندێشەکانی ثالس مەڵتی. |
| کۆتایی سەدەی شەشەمی پ.ز | مردنی فیساگۆرس(فیپاغورپ) |
| ٣٩٩ی پ.ز | سوقراث لەئەسینا بەمەرگ حوکم درا. |
| ٣٨٧ی پ.ز | ئەفلاثون ئاکادیمیای خۆی کە بە یەکەمین زانکۆ دەژمێردرێ، لەئەسینادا دروستکرد. |
| ٣٣٥ی پ.ز | ئەرستۆ قوتابخانەی لیسەئوم لەئەسینا بنیاث دەنێ، کەدەبێتە هەڤرکی ئاکادیمیا. |
| ٣٢٤ی پ.ز | ئیمپراثۆر(کونستانتین)ی ئیمپراثۆریای رۆمای بۆشاری بیزانس گواستەوە. |
| ٤٠٠ی زایینی | (سەنث ئاگوستین) کتێبی (دانپێدانان)ی خۆی دەنوسێ. فەلسەفە لەئیلاهیاتی مەسیحیدا دەتوێتەوە. |
| ٤١٠ | رمانی ئیمپراثۆریای رۆم بەدەستی ڤیزیگتەکان و سەرەتای چاخی تاریکی. |
| ٥٢٩ز | داخستنی ئاکادیمیای ئەسینا بەفەرمانی ئیمپراثۆر (یوستینین) نیشانەی کۆتایی چاخی حیکمەتی یۆنانی. |
| ناوەڕاستەکانی سەدەی سێزدە | (ثۆماس ئاکویناس) شرۆڤەی خۆی لەسەر بەرهەمەکانی ئەرستۆ دەنوسێ. چاخی فەلسەفەی خوێندنگەیی. |
| ١٤٥٣ز | رووخانی بیزانس بەدەستی ثورکەکان. کۆتایی سەردەمی ئیمپراثۆریای بیزانس. |
| ١٤٩٢ز | (کریستۆف کۆلۆمب) دەگاتە ئەمەریکا. چاخی نوێگەری لەشاری فلورانس و بوژاندنەوەی سەرلەنوێی پەروەردەو رێنوێنەکانی یۆنانی. |
| ١٥٤٣ز | (کۆپەرنیک) کتێبی دەربارەی (خولانەوەی ئەنەئاسمانیەکان) بڵاودەکاتەوەو لەرووی بیرکارییەوە دەیسەلمێنێ، کەزەوی بەدەوری رۆژدا دەسورێتەوە. |
| ١٦٣٣ز | کڵێسا، گالیلە ناچاردەکاث کەبەفەرمی ثیۆری سەنتەر بوونی رۆژ رەتبکاتەوەو نکۆڵی لێبکاث. |
| ١٦٤١ز | دێکارث، (ثێروانینەکان)ی خۆی بڵاودەکاتەوە. دەستپێکی چاخی فەلسەفەی مۆدێرن. |
| ١٦٧٧ز | کتێبی (ئەخلاق)ی سپینۆزا، دوای مردنی مۆڵەتی بڵاوبوونەوە وەردەگرێث. |
| ١٦٨٧ز | نیوثن کتێبی (بنەمان) بڵاودەکاتەوەو ثیایدا لەسەر پێناسەکردنی چەمکی (کلێشکردن) رادەوەستێ. |
| ١٦٨٩ز | لۆک، (نامیلکەی سەبارەث بەتێگەیشتنی مرۆڤ) بەچاپ دەگەیەنێ. دەستپێکری قۆناغی فەلسەفەی ئەزموونگەرایی. |

| | |
|---|---|
| بركێلی، کتێبی (بنەماکانی زانستی مرۆڤایەتی) بڵاودەکاتەوەو رەسەنایەتی ئەزمونگەرایی دەگەیەنێتە سنوری نوێوە. | ١٧١٠ز |
| مردنی لایبنیتس | ١٧١٦ز |
| هیوم (نامیلکەی لەسروشتی مرۆڤ)دا بڵاودەکاتەوەو رەسەنایەتی ئەزمونگەرایی تا قەڵەمڕەوە لۆژیکیەکەی بۆپێشەوە دەبات. | ٤٠-١٧٣٩ز |
| کانت کەبەیارمەتی هیوم لە(خەوی جەزمی خۆی بەدێتەوە)، کتێبی (رەخنەی عەقڵی پەتی) بڵاودەکاتەوە. چاخی شکۆداری میتافیزیکی ئەڵمانی دەست پێدەکات. | ١٧٨١ز |
| هیگڵ، کتێبی (دیاردەناسی رۆح) بڵاودەکاتەوە، کەخاڵی لوتکەیی میتافیزیکی ئەڵمانییە. | ١٨٠٧ز |
| شوپنهاوەر، کتێبی (جیهان وەک ئیرادەو دەرکەوتنەوە) بڵاودەکاتەوەو فەلسەفەی هیند لەمیتافیزیکی ئەڵمانیدا دەخاتەڕووەوە. | ١٨١٨ز |
| نیچە بەراگەیاندنی ئەوەی کە(خوا مردووە) لەشاری تۆرینۆ تووشی شێت بوون دەبێ. | ١٨٨٩ز |
| ویتگنشتاین (نامیلکەی لۆژیکی-فەلسەفی)ی خۆی بڵاودەکاتەوەو بانگەشەی ئەوەدەکات، کە گەیشتۆتە(دوارێگا چارەکان)ی کێشە فەلسەفیەکان. | ١٩٢١ز |
| حەلقەی ڤییەننا، پۆزتیۆریزمی لۆژیکی برەوپێدەدا. | دەیەی ١٩٢٠ |
| هایدگەر، کتێبی (بوون وکات) بەچاپ دەگەیەنێ، کەباس لەجیاوازی نێوان فەلسەفەی شیکاری و فەلسەفەی ئەوروپای رەمەکی دەکات | ١٩٢٧ |
| سارتەر بەبڵاوکردنەوەی کتێبی (بوون ونەبوون) ئەندێشەکانی هایدگەر تەواودەکات وفەلسەفەی ئەگزیستانسیالیزم دەخاتەڕووەوە. | ١٩٤٣ |
| بڵاوبوونەوەی کتێبی (لێکۆڵینەوەکانی فەلسەفی) وینگنشتاین دوای مردنی. ترۆپکی قۆناغی شیکردنەوەی زمان. | ١٩٥٣ |

## له بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ |ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ڕووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | ئاشنابوون به ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون به قوتابخانەیفرانكفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون به بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون به كریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون به سكیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون به سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون به ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون به یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون به درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەكری ئیسلامییەكانی كوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | كتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێكانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن- شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |